ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

کوردستان

نەورۆزتان پیرۆز

«کوردستان»ی ئەمجارە، دەست لە نیو دەستی نەورۆزو بەهارو دەسپێکی ساڵی ٢٧١٤ی کوردیدا دەبێتە میوانی ئێوە خوێنەرانی خۆشەویست. هەر بۆیە بە دابی پیرۆزبایی، چەپکێک نێرگزو وەنەوشەی چیاکانی کوردستانتان پێشکەش دەکاو بۆ ئێوەو هەموو کوردستانیان، نەورۆزو بەهارو ساڵێکی پڕ لە خۆشی بە ئاوات دەخوازێ.

هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز
نەورۆزتان پیرۆز
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٢
٢٠ی مارسی ٢٠١٤

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■ پێنجشەممە ٢٩ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٤ ■ ژمارە ٦٢٨ ■ www.kurdistanukurd.com

خالید عەزیزی لە پەیامێکدا بە بۆنەی هاتنی نەورۆزەوە:

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نابێ چیتر پەراوێز بخرێ

پەیامی نەورۆزی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

هاوولاتانی خۆشەویست!
خوشکانو برایانی ئازیز!
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!
کەسو کاری زیندانیانی سیاسیو بنەماڵەی پێشمەرگەکان!

بە بۆنەی جەژنی نەورۆز دەسپێکی ساڵی تازەی کوردی پڕبەدڵ پیرۆزبایيتان لێدەکەم. هیوادارم هەموو لایەکمان بە یەکەوە بتوانین لە ساڵی داهاتوودا زەمینەو بەستێنێک دروست بکەین کە تاکی کوردی، بنەماڵەی کوردی، کۆمەڵگەی کوردیو نەتەوەی کورد بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیممەتو کاری هەموولایەکمان فورسەتو مەجالێکی باش بۆ نەورۆزەکانی داهاتوو دروست بکەینو بەوجۆرە بتوانین بە مافەکانی خۆمان بگەین. بۆ ئەوەی باشترو بە بەرچاو ڕوونییەکی زۆرترەوە بتوانین ساڵی تازە دەست پێبکەینو ئەرک بۆخۆمان دیاری بکەین، ئاوڕدانەوەیەک بۆ یەک ساڵی ڕابردوو لەجێگای خۆی دایە.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو وڵاتانەی کە کەمو زۆر مەوزوعی کوردیان هەیەو یا لە کوردستان نزیکن، ئالوگۆڕەکان بە خۆشییەوە ئەوەیان دەرخستوە کە هەر ئالوگۆڕێک لە داهاتوودا بێتە گۆڕی، ناکرێ مەسەلەی کورد نادیدە بگرێو خودی کوردیش بە خۆشییە توانیویەتی ئەو مجالە بۆ خۆی پێک بێنی کە لە مەوزووعەکاندا بێ تەفاوەت نەبێو بچێتە نێو کێشەکان، بۆیە لەو بابەتەوە جێگای هیوایە.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، سەرەڕای سالانێکی زۆر زوڵمو زۆری کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە چاوی ئەمنییەتی چاو لە کوردستان دەکا، بەلام دیسانیش [دیتمان] لە ڕەوتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا، کۆمەڵگەی زیندووی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکانی سیاسی، چالاکوانانی مەدەنی بە ژن پیاوەوە سەرەڕای هەمووی ئەو فشارو زەختەی لە سەریانە، بە خۆشییەوە توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر لە بوارەکانی جۆراوجۆردا هێزو ئینیرژییەکی باشو مناسب بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەنو کۆمەڵگەیەکی زیندوو دروست بکەن. دڵنیام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کارو تێکۆشانو فەعالیەتی هەموو لایەک ئێمە دەتوانین لە ساڵی داهاتوودا مەجالێکی باشتر بۆ هێنانەگۆری ویستو داخوازەکانی نەتەوایەتیی خۆمان بڕەخسێنینو بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە بە چاوی ئەمنییەتی چاو لە کوردستان دەکا، مەجبوور بکەین لە بەرامبەر ویستو داواکانی ئێمە هەرئاوا بێ تەفاوەت نەبێ.

ل ٢

ڕۆژهەڵاتی کوردستان – کردنەوەی ئاگری چوارشەمەسووری

ڕێورەسمی کردنەوەی ئاگری چوارشەمەسووری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەند حەوتوو لەمەوبەرەوە ە هەڕەشەیان لەخەڵیک کردبوو و پێیان ڕاگەیاندبوون ئەم کارانە دژی بایەخە ئیسلامییەکانن‌و تەنانەت وەک دژایەتی لەگەڵ ئەمنییەتی وڵات سەیر دەکرێن. بەڵام خەڵکی کوردستان بەبێ گوێدان بە هەڕەشەی هێزەکانی ڕێژیم بەرەوپێلی نەورۆز چوون.

چەند دیمەنێکی درەوشاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٤

ساڵی ١٣٩٢،ساڵی قەیرانو سیاسەت ٥

وتاری قادر وریا بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان ٦

یەکەمین سەفەری خانمی کاترین ئەشتۆن بۆ ئێران ٧

بۆمبارانی پیرانشار لە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٦٣دا، زامێکی سارێژ نەبوو ٩

کۆتایی خولی سەرەتایی وتوویژی ناوکیی ئێران و گرووپی١+٥ لە وییەن

خولی سەرەتایی وتوویژی ناوکیی ئێران و گرووپی ١+٥ لە وییەن کۆتایی پێهات.

وەزیری دەرەوەی ئێرانو بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی ڕەشەممە چاویان پێک کەوت و بەدوای ئەودا وتوویژی ئێران و گرووپی ١+٥ لە وییەن دەستی پێکرد، بەلام پەراوێزەکانی ئەو دانیشتنە بوونە جێی سەرنجی کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکان.

بەپێی ڕاپۆرتەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی وتوویژی ناوکیی ئێران‌و کۆمەڵگای جیهانی، شاندی وتوویژکارانی ناوکیی ئێران و نوێنەری گرووپی ١+٥ پێش دەسپێکی وتوویژەکان وێنەی یادگارییان نەگرت‌و نەهاتنە پێش چاوی کامێراو کاناڵەکانی ڕاگەیاندن.

محەممەد جەواد زەریف ڕۆژی دووشەممە لە دەرگای چوونەژووری فڕۆکەخانەی وییەن لە نیو کۆڕی هەواڵنێراندا گوتی، ئەو تەوەرانەی باسیان لەسەر دەکەن بریتین لە چۆنیەتیی پێتاندنی ئورانیوم، ڕاکتوری ئاوی قورسی ئەراک، هاوکاریی ئاشتیخوازانەی ناوکیی و نەهێشتنی گەمارۆکان، بەڵام ڕوونی کردەوە کە وتوویژی ڕۆژی سێ شەممە تەنیا لە ئاستی بیروڕا گۆڕینەوەدا بووەو بڕیاری لەسەر نەدراوە.



دیمەنێکی نەورۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دریژەی:

پەیامی نەورۆزیی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

زەمانێک ئێمە دەتوانین لە نێوخۆی وڵات لە زیندوویەتیی کۆمەڵگەی خۆمان، لە زیندویەتیی خەڵکەکەی خۆمان، لە فیداکاریو ئامادەیی ئێوە کەڵک وەربگرین کە لە نێو ریزەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەموو لایەکمان یەکگرتوو بین. چونکە هەموو لایەکمان دەزانین کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی موتەنەوویعە، ئایینیو ئایینزای جۆراوجۆری تێدا هەیە، زاراوەی جۆراوجۆری تێدا هەیە. زەمانێک کە هەمووی ئەو تەنەووعاتە یەکگرتوو بێ، لەسەر وەحدەتی نەتەوەیی دەتوانین وڵامی کۆماری ئیسلامیمان دابێتەوەو چی‌دیکە مەجال بە کۆماری ئیسلامی نەدەین کە ئێمە وەک نەتەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەحقیر بکا، بەڵکو بە یەکگرتوویی خۆمانو قوستنەوەی مەجالو فورسەتەکانو ئیستفادە کردن لە هەمووی ئەم دەرفەتانە دەتوانین بە کۆمەڵگەی ئێران بڵێین کە ئێمەی کورد بە دوای مافەکانی خۆمانەوەینو ئاوڕدانەوە لە مافەکانی ئێمە فورسەتێکە بۆ کۆمەڵگەی ئێران کە وردە وردە بەرەو دیموکراسی بچێ. هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا هەموو لایەکمان بە یەکەوە، ئەو خەڵکانەی کە غەیری کوردن لە ئێران، تێیان بگەیەنینو «متوجە»ی داخوازییەکانی خۆمانیان بکەیین.[بەڵکوو] بەوجۆرە لە نێو خەڵکی غەیرە کوردیش دۆستانێکی زۆر بۆخۆمان پەیدا بکەین.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی دا لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا ویستو داواکانی ئێوە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەنێ. هەوڵی داوە بە نیسبەت بەهێزکردنو پشتیوانی کردن لە خەباتو چالاکیی ئێوە لە نێوخۆی وڵات بێتەفاوەت نەبێو لەو مەیدانەدا پیشتوانی ئێوە بێ. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە ئێستا کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە مەشغوڵ کردنی دنیای دەرەوە بە کێشەی ئەتومی، مەسەلەی مافی مرۆڤ لە پەراوێز بخا، مەسەلەی ویستو داخوازییەکانی نەتەوایەتی ئێمە لە پەراوێز بخا، ئێمە هەڵماندداوە کە ئەو مەوزوعاتە لە جێگای خۆی بێنینە گۆرێ.

خەباتو چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆ (و دەرەوەی وڵات) چ لە ئاستی نهێنیو چ لە ئاستی ئاشکرا، هەمیشە پشتوانێک بووە بۆ چالاکیو فەعالیەتی ئێوە. هەمیشە هەوڵمان داوە لەم مەجالو دەرفەتانە کە ئێمکانی هەیەو بۆ ئێوە بگونجێ، فورسەت دروست بکەین. ئێمە لە ساڵی داهاتووشدا تێدەکۆشین بە بایەخو ئەهمییەتێکی زۆرەوە چاو لە کارو تێکۆشانو چالاکیی ئێوە لە نێوخۆی وڵات بکەین. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە بەشی ڕاگەیاندنەوە هەیە ئێمە تێکۆشاوین بە ڕاگەیاندنی خۆمان چ بە فارسی چ بە کوردیو چ بە زمانەکانی دیکە بۆ جارێکی دیکە مەوزوعاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەینە نێو باسەکانی پێوەندیدار بە ئێرانو بیخەینە نێو باسەکانی پێوەندیدار بە قەزیەی کورد بە گشتیەوە.

هاوڵاتیانی خۆشەویست! ئێمە لە حالێکدا کە دەبینین پارچەکانی دیکە بەخۆشییەوە کەمو زۆر مەوزوعاتیان لە گۆرێدا هەیە، مەسەلەی کورد لە پارچەیەک لە ڕێگای گفتوگوو وتوێژەوە بەرەو چارەسەر بوونە، لە پارچەیەکی دیکە بە تەواوی بەرەو جێبەجێ بوونە، لە پارچەیەک کە ئێنکار ناکرێ بەلام کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە هەموو هەوڵو تێکۆشانی دیپلۆماسیو میدیاییو ناوچەیی خۆی قەزیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێز بخا. ئەوە ئەرکی ئێمەیە، ئەرکی تاک تاکی چالاکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ژنان، لاوانو خوێندکاران لە هەموو مەیدانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێرانو هەموو کوردستانو هەر شوێنێک دیکە مەوزوعاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەینە نێو باسەکانی پێوەندیدار بە ئێرانو بیخەینە نێو باسەکانی پێوەندیدار بە قەزیەی کورد بە گشتیەوە.

زەمانێک ئێمە دەتوانین لە نێوخۆی وڵات لە زیندوویەتیی کۆمەڵگەی خۆمان، لە زیندویەتیی خەڵکەکەی خۆمان، لە فیداکاریو ئامادەیی ئێوە کەڵک وەربگرین کە لە نێو ریزەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەموو لایەکمان یەکگرتوو بین.

کە هەن کە کار بکەن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی کە قەزیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە وا بە ڕاحەتی لە پەراوێز نەخرێ. ئەوە ئەرکی ئێمەیە وەک حیزبە سیاسییەکان بە لێک نیزیک بوونەوە لە یەکتر، بە چارەسەرکردنی کێشەکانمان، بە هاوخەباتی، بە کۆدەنگی، بە یەک دەنگی، ئینترژییەکو وزەیەکی تازە لە ساڵی داهاتوودا بە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەین. بەو جورە قەزیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شوێنێک کە کۆماری کوردستانی تێدا لە دایک بوو، شوێنێک کە کوردایەتی بە شێوەیەکی زۆر مۆدێرنو موتەمەددین جێ کەوت، بێتەوە جێگای خۆیو بەم جۆرە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەینەوە نێو دەستووری کاری ڕۆژانەی خەڵکی ئێران، خەڵکی کوردستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ماس مێدیاو ڕاگەیەنە گشتییەکان و هەموو لایەک. لەو پێوەندیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەوڵی داوە گوفتمانیکو بۆچوونێکوسیاسەتێک بەرێتە پێشێ کە کۆمەک بە تەبایی و یەکریزیو لێک نیزیک بوونەوەی هەمووی ئەوانە دەکا. ئێمە بەڵێنتان پێ دەدەین کە لە ساڵی نوێشدا هەر ئەو سیاسەتە دەبەینە پێشێ. لە ساڵی ڕابردوودا هەر وەکی هەموولایەکتان ئاگادارن بەخۆشییەوە دانیشتن بەینی دێموکراتەکان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، کارکردن بۆ یەکریزی لە نێوان دێموکراتەکانو یەکگرتنەوە [دریژەی هەیوو]. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە حیزبی ئێمەوە هەیە لەسەر ویستو داخوازی ئێوە کە دەزانم زۆرتان پێخۆشە، کاری بۆ دەکەن،لە لەتبوونی حیزبی دێموکرات ناراحەتنو هەوڵ دەدەن حیزبی دێموکرات ببێتەوە بە حیزبێکی یەکگرتوو- ئێمە کارمان بۆ کردوە. هەر لەو پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندیی ئێمەو ئەندامانی ئێمە بە لەبەر چاوگرتنی بیرو بۆچوونی ئێوە، کەڵاڵەیەکی هێنایە گۆڕێ کە لەو گەڵاڵەیەدا لەسەر ئەساسی ئێعتراف بە یەکترو بە ڕووحی هاوبەش، پێشنیارمان کردوە لەگەڵ یەکتر کار بکەین، بە شێوەی تەوافوقی بەرەو کۆنگریەکی هاوبەش بچین، بەو جۆرە لە نێو ڕیزەکانی خۆماندا مەسەلەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانو وەسەریەک خستنەوەی دێموکراتەکان [دەبەینە پێشێ]، هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا کاری بۆ بکەینو ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی باش پچێتە پێش. حەتمەن لە داهاتوویەکی نیزیکدا دەقی گەڵاڵەکەی ئێمەو نێوەڕۆکی گەڵاڵەکەی ئێمە، ئێوەش لێی ئاگادار دەبنەوە و ئێمەش هەروا چاوەڕوان دەکەین کە هەموو لایەک لەو پێوەندیەدا کار بکەن بۆئەوەی کە ئەم پرۆسەیە بە باشی پچێتە پێشێ.

خۆشکو برایانی ئازیز!

ئێمە لە کاتێکدا ساڵی تازەی کوردی دەستپێدەکەین کە ئاڵوگۆڕەکانی نێودەوڵەتی، ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، داهاتووی قەزیەی کورد، داهاتووی ئاڵوگۆر لە ئێران زۆر بە گەشبینییەوە چاو لێدەکەین. ئێمە پێمانوایە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لە موقابیل ویستو داخوازی کۆمەڵانی خەڵک (ئابووری،کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی)دا بە داخەوە وڵامێکی نەبووە. هەرچەند ئاغای ڕووحانیو دەوڵەتەکەی بە جۆرێک قسە دەکەن کە بەرامبەر بە ویستو داخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵک ئەو بەڵێنانەی کە دابوویان، ئەو ئینتزاراتەی کە لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانو کوردستان دروستیان کردبوو بێ تەفاوەت نابن، ئەگەرچی تا ئێستا لەو پێوەندیەدا هەنگاوێکیان هەڵنەهێناوەتەوە، ئێمە هەروا چاوەڕوان دەکەین کە کۆمەڵگەی ئێران بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەوڵ بدەن، فشار بێنن، ویستو داخوازیەکانیان تەرح بکەن، لە مەجالەکان کەڵک وەربگرن، لەسەر داواکانی خۆیان سوورین بۆ ئەوەی کە بەو داوایانە کۆمەڵگەی ئێران متوجە بێو گوێی لێبێ، چ دەسەڵاتدارانو چ ئەوانەی لە تەنیشت دەسەڵات هەن، هەمیشە گوێیان لێبێ کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک نەتەوەیەک ویستو داخوازی خۆی هەیەو لە هیچ حالەتێک دا واز لە داخوازەکانی خۆی ناهێنێو خەباتو تێکۆشان لە پێناو جێبەجێ بوونی ئەو ویستو داخوازییانە بەردوام دەباتە پێشێ. بۆ ئەوەی کە ئەو گەشبینیو خۆشبینیە هەمووی جێ بکەوێو لە مەیداندا ، بێت بە ئەمری واقع، بۆ جارێکی دیکەش پێویستی بە هاوخەباتیو هاودەنگی هەیە، پێویستی بە کارو تێکۆشان هەیە. بۆیە لە ساڵی داهاتوودا هەموو لایەکمان دەبێ ئەو ئینتزارەمان لە یەکتر هەبێ کە تەواوی کێشەکانی ڕابردوو وەلا بنێین، خاڵە ناخۆشییەکان وەلا بنێین، ئەو شوێنانەی کە هەڵەمان لێکردوە دەرسیان لێوەرگرین، ئەو شوێنانەی کە کەلکیان هەبووە، بۆ جارێکی دیکە سوودیان لێ وەرگرینو لەژێر ڕووناکایی ئەو ئاڵوگۆڕانەو دەرس وەرگرتنانەو ئەو تەجروبانە ساڵێکی باشو بە پیت و بەرەکەت، بە خێرو خۆشی بۆ هەموولایەک دەستپێبکەین کە لەو ساڵەدا بە هەموو لایەکمان بتوانین زەمینەیەکی باشتر بۆ هێنانەگۆڕی ویستو داخوازەکانمان جێبەجێ بکەین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە جەژنی نەورۆزتان هەر پیرۆزبێ. لە هەمووی لاوەکان بە کچو کوڕەوە، لە هەموو خەڵکی کوردستان [بەو هیوایە] کە بەهار بە خۆشیو شادی دەستپێ دەکەن. هیوادارم ئێمە لەو ڕۆژەدا بە لیباسی کوردییەوە لە ڕۆژانی یەکەمی نەورۆزو تەواوی ساڵ بە ئاهەنگی کوردیو تەئکید کردن لەسەر قسە کردن بە زمانی کوردی، ئەو زمانەی کە نەتەوەی ئێمەی پێ دەناسرێتەوەو شوناسی ئێمەیە، لەسەر ئەساسی وەحدەتی هەموو لایەک، ئەو ساڵە دەستپێ بکەینو وەکی ساڵانی پێشوو ئیدامە بدەین بە دەسکەوتێکی زیاترەوە. بۆیە بۆ جارێکی دیکەش پیرۆزبایتان لێدەکەمو بۆ هەموو لایەکتان داوای ساغیو سلامەتی دەکەمو هیوادارم نەورۆزێکی خۆشمان هەبێ و لە ساڵی نوێدا،هەموو لایەکمان خۆمان لە پێناو جێخستنی مافە نەتەوایەتییەکانمان ئەرکدار ببینین.

هەر ساغو سلامەت بن .

دیداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە



لە دیدارو چاوپێکەوتنی دوو شاندی حیزبی دێموکراتو کۆمەڵەی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا باس لە دواییـن ئاڵوگۆرە سیاسییەکانی کوردستانو ئێران کرا.

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢١ی ڕەشەممە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان کردو لە لایەن هەیئەتێکی ئەم حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری حیزبی خانەخوێ پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا هەر دوو هەیئەت دواییـن بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کێشەی ئەتومی، مافی مرۆڤو کێشە نێوخۆییەکانی نیو دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێرانیان تاوتوێ کردو لە دریژەدا باسێکی تێرو تەسەلیان لەسەر دۆزی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێنا گۆڕێو، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا دواییـن ئاڵوگۆڕەکانی باشووری کوردستانو کێشەی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغداو بارودۆخی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانو دواییـن هەوڵەکانی دانووستان لە نێوان کورد لە باکووری کوردستانو دەسەڵاتدارانی تورکیە چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم چاوپێکەوتنە بوو.

لەو دیدارەدا هەر دوو هەیئەت وێڕای پێداگریی لەسەر هاوکاری زیاتری حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەختیان لەسەر هاوکاریی زیاتری ئەم دوو حیزبە کردەوە.

سەردانی هەیئەتێکی KNK لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هەیئەتێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد(KNK) بە سەرپەرەستیی هاوسەرۆکی کۆنگرە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازی لێ کرا.

ڕۆژی شەممە، ٢٤ی ڕەشەممە، هەیئەتێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد(KNK) بە سەرپەرەستیی خاتوو نیلوفەر کۆچ، هاوسەرۆکی کۆنگرە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی بارودۆخی پرسی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو، لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازی لێ کرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا هەیئەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وێڕای بەرز نرخاندنی هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لە گەڵ پرسە نەتەوەییەکان دا، بە خوێندنەوەی بارودۆخی پرسی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، داوایان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی ئەم پرسە بدەن.

لە دریژەی ئەم دیدارەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای بەخێرهێنانی هەیئەتی میوان، بە کورتی ئاوڕێکی لە بارودۆخی پرسی کورد لە ڕۆژاوای کوردستانو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێوەندییەکان ئەم حیزبەی لە گەڵ هێزو لایەنەکانی ڕۆژاوای کوردستان بە بێ جیاوازی کردو جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی خۆی لە پرسی کورد لە سوورییە دەربڕیوەو لەم سیاسەتەش بەردەوام دەبێ.

بەڕێزیان لە دریژەی قسەکانی دا ڕوو بە هەیئەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد گوتی کە کورد لە ڕۆژاوای کوردستانو هێزە سیاسییەکانی پێویستە ریزەکانیان ڕێک بخەنو وتیان کە ئەوەی دەتوانێ لە ئەساس دا یارمەتی بە بەرەپێشچوونی پرسی کورد لەم بەشە لە کوردستان دا بکا، یەکریزی هێزەسیاسییەکانی ئەم بەشە و دوورە کردنیان لە دابەشبوون بە سەر هێزەکانی ناوچەکەدایە.

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا هەیئەتی KNK بە خۆشحاڵییەوە ڕاو سەرنجەکانی هەیئەتی حیزبیان بە گرینگ و جێی بایەخ وەرگرت و پێداگرییان لە سەر پێوەندییەکانیان لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان کردەوە.

ڕێزلێنان لە ٦٥ ساڵ خەباتی جەلیل گادانی لە ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونیدا

لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتو لە ٨٠ ساڵەی لەدایکبوونی تێکۆشەری کورد جەلیل گادانیدا، ڕێز لە ٦٥ ساڵ خەباتو تێکۆشانی ئەو لە پێناو ڕزگاریو ئازادیی کورددا نرا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی تێکۆشەری لەمێژینەی حیزب، کاک جەلیل گادانی، ڕێزی لە٦٥ ساڵ خەباتی شاروشاخو نێو زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتیی ناویراو گرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ ی ڕەشەممە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەبەشداریی دەیان کەسایەتیی سیاسیو ڕووناکبیریی کوردو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، چەپکەگوڵو ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکێش بە کاک جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کرا.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب باسیکی لەم پێوەندییەدا پێشکەش کرد.

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەکانیدا وێڕای باسیکی کورت لە مێژووی تێکۆشانی سیاسیی کاک جەلیل گوتی شانازی بەوە دەکەم ئەندامی حیزبێکم کە دەیان کەسی وەک کاک جەلیلی گادانی لەنێو مەکتەبی خۆیدا پەروەردە کردوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات باسی لە تێکۆشانی سیاسیی کاک جەلیل لە سەردەمی کۆمار، دوای ڕووخانی کۆمار، لە نێو زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتیو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستپێکردنەوەی بە ئاشکرای خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردو گوت؛ لە دنیای ئەمڕۆدا لەو وڵاتانەی کیانی سیاسیی خۆیان هەیە، لە زۆر ڕێگەوە، لە ڕێگەی جۆرەها سەنعەتو وەرزشو سەمبولی تایبەتەوە هەستی نەتەوەیی خۆیان پیشان دەدەن، بەڵام کورد کە تائێستا دەرفەتی ئەوەی پێ نەدراوە دەوڵەتی خۆی هەبی، خەباتو تێکۆشانەکەی سەرچاوەی شوناسو کەسایەتییەکانیەتی؛ بۆیە ڕوخسارەکانی بزووتنەوەی ئێمە، خەباتکاران و تێکۆشەرانی مەیدانی کوردایەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستانو ئەوانەی وەک کاک جەلیلن، بەشێک لە شوناسی ئەو میللەتەن.

کاک خالید عەزیزی جەختی کردەوە ئێمە ناتوانین باس لە مێژووی حیزبی دێموکرات بکەین، بەڵام ئامژە بە ناوی کاک جەلیلو دەیان کاک جەلیلی دیکە نەدەین کە بە خەباتو کارو تێکۆشانی خۆیان ئەو حیزبەیان تا ئێرە هێناوەو ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا شانازی بە بوونی کاک جەلیل گادانی دەکەین.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکێش کردو باسیکی لە مێژووی خەباتو تێکۆشانی سیاسیی کاک جەلیل گادانیو بنەماڵەی، گادانی کرد.

مامۆستا لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان قوتابخانەی خوێندنو نووسین و پەروەردە بوون بە زمانی کوردی بووەو دوای دامەزرانی کۆماری کوردستانیش کە قوتابخانە ڕەسمییەکان دامەزران، ئەو ماڵە تێکۆشەریکی دیکەی بەناوبانگی کوردی گرتە خۆی کە مەلا مستەفا بارزانی بوو؛ مامۆستا گوتی بنەماڵەی گادانیو ئەو تێکۆشەرانە تا دواین هەناسەیان وەفاداری گەلەکەیانو خەباتی نەتەوەکەیان بوون.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە پاشان پەڕژایە سەر بەشێک لە تێکۆشانی سیاسیی کاک جەلیل لە مەیدانی سیاسیو زیندانو دوورخرانەوەی بۆ تارانو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لەسەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کاک جەلیل گادانی بۆ بەشداران دوا.

مامۆستا لەو بەشەی قسەکانیدا گوتی کاک جەلیل لە بن سەری هەموو نەخۆشەکانمانە، لە شایی هەموو کوڕو کچانمانداا ئامادەیەو لە سەر گلکۆی شەهیدانو ئازیزانی کۆچکردوومان هەمیشە حازرەو، دەرگای ماڵەکەشی هەمیشە بۆ میوان لەسەر پشتە.

مامۆستا حەسەنزادە لە دواین بەشی قسەکانیدا تیشکی خستەسەر لایەنی تێکۆشانی ئەدەبیی کاک جەلیل گادانیو باسی لە کتێبو پەرتووکانەی کرد کاک جەلیل نووسیونی یان بەشێک لە وەرگێرانەکانی بەڕێزیانە.



خوێندنەوەی چەند پەیامی کەسایەتیو لایەنە سیاسییەکان، خوێندنەوەی شیعرو پەیام لەلایەن غەریب پشدەری، سواره قەلادزەیی، عەبدوڵلا مام عەلیو سەلاح شێخشەرەف چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوونو لە دریژەدا پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران لەلایەن ڕەحمان سەلیمیو، شیعرێکی مامۆستا بێبەش لەلایەن خەدیجە مەعزوور خوێندرایەوە.

لە بڕگەی سەرەکیی ئەو ڕێوڕەسمەدا ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش بە کاک جەلیل گادانی کراو بەڕێزیان ڕێزنامەیەکیشی لە دەستی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە وەرگرت؛ لە درێژەدا میوانانو بەشداران دیاریی خۆیان بەو بۆنەیە پێشکێش بە کاک جەلیل کرد.

پاشان کاک جەلیل لە قسەو پەیامێکی کورتدا هەستو سۆزی خۆی بەبۆنەی ئەو جێژنە دەربڕیو گوتی ژیانێک لە پێناو ژیانو ژینەوەی گەلو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا نەبی، بێبایەخەو بەفیروودانی تەمەنە.

کاک جەلیل وێڕای دەربڕینی سپاسی خۆی بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی پێکهێنانی ئەو بۆنەیەو ئامادەبوونی بەشداران گوتی ئاواتم ڕزگاری کوردو کوردستان بە نرخی یەکگرتوویی و یەکدەنگی و دریژەدانی خەبات دژی داگیرکەرانی نیشتمانو، لەبیرنەکرانی خوێنی شەهیدان لە پێناوە دایە.

شایانی باسە ئەو کۆرپاداە بە خوێندنەوەی شیعرێک لەلایەن ئەرسەلان عەباس نیاو گورانییەک بە دەنگی سەعید کامیارانیو لە نیو خۆشیو پیرۆزبایی‌گوتنی بەشداران بە کاک جەلیل گادانی بەو بۆنەیە کۆتایی پێهات.

بەڕێوەچوونی ڕێورەسم و سمینار بە بۆنەی٨ ی مارس

فینلاند

کومیتەی فینلاند یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن سیمینارێکی پێک هێنا.

ئەو سمینارە کە بەبەشداری گوڵاڵە شەرەفکەندیو کاوە ئاهەنگەر؛ ئەندامانی کمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تورکو بەڕێوەچوو، بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی شە هیدانی ڕێگای ڕزگاری، دەستی بەکارەکانی کرد.

لە بەشی یەکەمی سمینارەکەدا گوڵاڵە شەرەفکەندی باسیکی لەبارەی ژنو پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا هێنایە گۆڕێو لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا تیشکی خستەسەر چۆنێتی خوڕاگریی ژنو هەڵوێستی ژن لە بەرامبەر هەڵاواردنی نەتەوەییو ڕەگەزی، کە لە ئێستادا بە سەرەکیترین کێشەی ژنی کورد دادەنرێن.

لە پانێلی دووهەمی سمینارەکشدا کاوە ئاهەنگەری ڕاو وبۆچونی چەند بەشدارێبووی لەسەر ژنو کێشەی ژن و کۆمەڵگای پیاوسالاریو کارتێکەریی ئایینو سوننەت وەرگرتو پاشان بە شێوەیەکی زانستی شرۆڤەی باسەکەی کرد کە سەرنجی میواناننو بەشدارببوانی ڕاکێشا.

لە بڕگەکانی دیکەی بەرنامەکەدا چەند پارچە موزیک لە لایەن دوو لاوی هونەرمەند دیار و پێشەوا میرسەیدی پێشکێش کرانو چەند دیمەنی جوانی هەڵپەرکی لە لایەن گروپی هەڵپەرکێی لاوانەوە پێشان درا.

شایانی باسە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بۆ پێشاندانی جۆ بەرگی ڕەسەنی کوردی لە لایەن کۆمەڵێک لە ژنانو پیاوان لەخۆکان کراو لەکۆتاییدا لەلایەن یەکیەتیی ژنانەوە چەپکەگوڵی ڕێزلێنان پێشکەش بە گوڵاڵە شەرەفکەندیو کاوە ئاهەنگەری کرا.

ئاڵمان – کۆڵن

بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٨ ی مارس لە کۆڵنی ئاڵماندا بەشداری کرد.

ڕۆژی شەممە، ٨ی مارس بەبەشداری بەشێکی بەرچاوو لە کوڕو کۆمەڵە سیاسیو سینفییەکانو هەروەها ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەرانسەریو کوردستانی، ڕۆژی جیهانیی ژن لەشاری کۆلنی ئاڵمان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاڵمان لەسەر بانگهێشتی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکەوە بەشدار بوو، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاک جەسەنپور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبەوە پێشکێش بە بەشداران کرا.

لە پەیامەکەدا وێرای پیرۆزبایی لە ژنانی ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی، تیشک خراببووە سەر بارودۆخی نالەباری ژنانو لە زوڵم و چەوسانەوەی کە لە ژێرحاکمیەتی کۆماری ئیسلامی، ڕووبەڕووی ئەو بەشە لەکۆمەڵ دەبێتەوە.

سۆئێد

کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوێد بە مەبەستی ڕێزلێنان لە ڕۆژی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانیو نیوێنەتەوەیی ژن سمینارێکی بە بەشداری چەندین کەسایەتیی دیارو خوازیارانی یەکسانی لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٧ ی ڕەشەممە بەڕێوەچوو، لە یەکەم پانێلدا ماریان ڕێدیگ، کۆمەڵناس؛ سەلمە ئاکان کۆمەڵناس باسیان لە توندوتیژی دژی ژنان کرد.

ماریان ڕیدیگ باسی لە تووندوتیژی خێزانی و توندوتیژی شاراوە لە نێو ژنان دا کرد، کە زیاتر لە چوارچێوەی خێزانو لە لایەن کەسانی نزیکەوە ئەنجام دەدرێو، لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا ئاماژەی بە توندوتیژی سێکسوالی کردو لە کوتایی باسەکەشیدا کۆمەلێک ئامارو داتای لە سەر پێشێلکردنی مافەکانی ژنان خستە ڕوو.

پاشان سەلمە ئاکان لە باسێکی کورت دا باسی ئەزموونە پراکتیکیەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان کردو، پێی وابوو کە ئەوانەی توندوتیژییان بە دژ دەکرێ سەر بە هەموو چینو تۆژە کۆمەڵایەتییەکانن‌و ئەو دیاردەیە پێوەندی بە ڕادەی خوێندەواری و پلەو پایەی کۆمەڵایەتییەوە نیە.

هەر لەم بەشەی بەرنامەکانی سیمینارەکەدا بۆدیل سیبا لویس ئەندامی پەرلەمانی سوئێد لەسەر لیستی پارتی ژینگە، لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی لە توندوتیژی کردو ڕۆلی پیاوانی لە کەمڕەنگ کردنەوەی ئەو دیاردەیەدا بە گرینگ لە قەڵەم دا.

لە بەشی دووەمی سیمینارەکەدا سیسیلیا بلانکۆ، وتەبێژی پارتی فیمێنیستی سوئێد باسی لە بەرنامەو پرۆگرامی پارتەکەی کرد وەک ڕێکخراوێکی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسەتی سوئێد دا کە جاری دووهەمە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن و سیاسەتەکانی ڕێکخراوەکەیانی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کۆچبەران و سیاسەتیی دەرەوە، ڕوون کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا کاروڤ محەممەدپوور وێرای یارمەتیدان بە وتاربێژانی سوئێدیو وەرگێرانەوەی قسەکانیان لە کوردی هاوکات هەندێک بابەتی کۆمەڵناسی لە سەر مەسەلەی ژنان باس کردنو هەوڵ درا لە نیوان کۆرگێران و بەشدارببوان دیالۆگێکی ئازاد پێک بێ.

لە درێژەی بەرنامەکانی سمینارەکەدا لەلایەن خاتوو شلێر حەسەنپور، بەڕپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد پەیامێک بەو بۆنەوە پێشکەش کرا.

دوایین کۆڕگێڕی بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ٨ی مارس، دوکتوری یاریدەدەر سۆزان فەتحی بوو کە باسێکی زانستی لەسەر شیزۆپەنجەی ڕەحمە لە نێو ژنان دا پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا سەید عەیز نژادیان چەند قسەیەکی لەسەر هەڵبژاردنەکانی چەند مانگی داهاتووی وڵاتی سوئێد و چۆنێتیی بەشداربوونی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دا کردو دواتر لە لایەن جەمیلە کرمانجەوە سوپاسنامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرا کە تێیدا بە گەرمی سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کردبوو کە هاوکاریان بوون بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سمینارە.

شایانی باسە لە بەشی هونەری سمینارەکەشدا هونەرمەندی لاو ڕەهێل قادرو بەهرەمەندانی دەنگخۆش باوان کەریمی و سیروان ڕافیپوور بە چەند گۆرانییەک کۆرەکەیان پتر ڕازاندەوە.

نۆروێژ

کومیتەی نوروێژ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن ڕێوڕەسمێکی پێک هێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٧ی ڕەشەممە، بەبەشداریی سەدان کەس لە چەندین نەتەوەی بەڕێوەچوو، ڕێز لە خەباتی ژنان لە پێناو یەکسانیو بەرامبەری گیرا.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا«ئینگە ئۆسە»، لەلایەن شارەوانیی شێشمۆ چەند قسەیەکی لە مەڕ ٨ی مارس پێشکەش بە بەشداربوان کردو پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەوە لەلایەن مەحبوب ڕەحیمی، بەڕپرسی کومیتەوە خوێندرایەوە.

شایانی باسە کە دوایین بەشی جێژنەکە شاییو بەزمی خۆشیی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە بوو.

دانمارک

کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دانمارک بە هاوکاریی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە سمینارێکی بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نیوێنەتەوەیی ژنان لە شاری گریوی پێک هێنا.

سمینارەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕیزگرتن لە شەهیدانی کوررردستان دەستی پێکرد. بە دوای ئەودا پەیامی کومیتەی یەکیەتیی ژنان لە دانمارک لەلایەن سنوور محمدزادەو پەیامی بەشی پەروەردەی کومیتەی حدک لەلایەن ئاسۆ ئامادەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکانی سمینارەکەدا دوو بابەت لەلایەن عەبدوڵلا بەهرامی و شاهۆ پیرانییەوە پێشکەش کرا.

عەبدوڵلا بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باسەکەیدا لە ژێر ناوی دەرفەتو ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداریی ژنان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا ئاوڕی لەو دەستکەوتو بەرەپێشچوونانە دایەوە کە ژنان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوویانە.

دوای ئەو باسە شاهۆ پیرانی، ماجستێری کۆمەڵناسی باسیکی لە ژێر ناوی سەرهەڵدان و گەشەی بزووتنەوەی فمینیستی لە ئەمریکاو ئوروپاو دەسکەوتەکانی پێشکەش کرد.

لە بەشی کوتایی ئەو سمینارەدا ژیاننامەی دوو ژنی تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنان، خاتوو جەمیلە موەمنی و خاتوو ئەستی موەفەق ئەدیب بۆ بەشداران خوێندرایەوە.

کۆیە – بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٥شەممە ڕیکەوتی ١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ سیمینارێکی بۆ بەرز نرخاندنی یادی ٨ی مارس، ڕۆژی نیوێنەتەوەیی بۆ د. نەزەند بەگیخانی، نووسەر وپسپۆڕ لە بواری ڕەگەز لە ژێر ناوی» توندو تیژی بەرامبەر بە ژن بە بیانووی شەرەف لە کوردستان» پێک هێنا .

سەرەتای سێمیناری ٨ی مارس بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕیز گرتن لە گیانی پاکی ئەو ژنانەی کە بۆ وەدەست هێنانی مافی خۆیان و دابی بوونی یەکسانی گیانیان لە دەست داوە، دەستی پێ کردو پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا.

بە دوای پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن لە لایەن گەلاویژ پەیڕەوان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا دوکتور نەزەند بەگیخانی باسەکەی پێشکێشی ئامادەبووان کرد کە باسێک بوو لەسەر توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، بە تایبەت ژنکوژی لە کوردستان بە بیانووی پاریزگاری لە شەرەف.

دوکتور نەزەند باسی ئەو هۆکارانەی کرد کە دەبێتە هۆی توندوتیژی دژ بە ژنانو نەبوونی قانوونەکانی بەرگرتن لە توندو تیژیو هەڵاواردن، یان دامەزراوەیەک کە بە تایبەتیو بە شێوەیەکی زانستیانە لەو بابەتە بکۆڵێتەوەو هەوڵی چارەسەر کردنیان بدا .

بە بڕوای د. نەزەند ئەو پێناسەی کە لە کوردستان بۆ شەرەف» دەکرێو ژن بە شەرەفی پیاوان دادەندرێو، چەستەی ژن وەک شەرەفی ئەوان سەیر دەکرێ لە چیگای خۆیدا نیەو دەکرێ پێناسەی شەرەف لە زۆر شتی دیکەدا ببینرێ .

دوکتور نەزەند دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس وەرگرتوەو ئێستا وەک لێکۆلەرێ بالا لە زانکۆی برستیل کار دەکاو، وەک داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە تایبەتی کاری لێکۆڵینەوە لە سەر پرسی ژنان دەکاو دوا کتێبیشی بە زمانی ئینگلیسی چاپ کراوە کە تایبەتە بە «توندوتیژی لە سەر بنەمای شەرەف : ئەزموون و ستراتیژیەتی بەرەوروو بوونەوە لە کوردستانی باشووردا»

سویس

کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس بەبۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی نیوێنەتەوەیی ژنانو ٢٤ ی ڕەشەمە، ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی پێک هێنا. ئەو ڕێوڕەسمە کە ڕۆژی شەممە، ٢٤ ی ڕەشەممە لە شاری بێرنو بەبەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبو یەکیەتیی ژنانو نوێنەرانی چەند حیزبێکی سیاسی بەڕێوە چوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی دەقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن چیمەن بارامیرزا خوێندرایەوەو زاهیر شاعیری، بەڕپرسی کومیتەی حیزبیش بەو بۆنەیە وتارێکی پێشکەش کردو لە درێژەی کاری ڕیوڕەسمەکەدا چەند بڕگەیەکی هونەری پێشکێش کران.

چەند دیمەنێکی درەوشاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

عەبدوڵلا بەهرامی

لەوە دەچێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆمەڵێک تروسکەی پڕ لە هیواوە بەردەو پیلی نەورۆزی نەتەوەیی بڕواو بیەوێ ئەو تۆزی ماندوویەتیو بێهیواییەی لەسەری نیشتوە لە خۆی بتەکێنی. ڕەنگە ئەو تەعبیرە لە بارەی هێندێک لە نەورۆزەکانی دیکەشەوە بە جۆرێک ڕاست بێ. بەڵام ئەوەی لە بەرەبەری ئەم نەورۆزەدا دەبینین لە زۆر بارەوە جیاوازترە، بۆیە دەشکرێ بڵێین هیوابەخشترە.

ڕەوتی شکاندنی تابۆی تێکۆشانی سیاسیی کورد

هەرچەند ڕەنگە ڕەوتی شکاندنی تابۆی تێکۆشانی سیاسیی کورد چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چ لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران، لە سەردەمی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازە حکومەتییەکانەوە دەستی پێکردبێ، وا هەست دەکرێ ئەم ڕەوتە لە پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماریییەوە تا ئێستا خێراتر بەرەو پێش چوە. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حیزبێکی قانونی، خستنەڕووی داخوازەکانی کورد لە دەوڵەتی ڕووحانی، هەوڵدان بۆ جێبەجێکرانی بەشێک لەو وادەو بەڵێنانەی لە بارەی مافەکانی نەتەوە نافارسەکان دابووی بەشێک لەو تابۆشکێنییەن. تابۆشکێنی بەم واتایە تێکۆشەرانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیانەوێ بە دوور لە هەموو ئەو تۆمەتانەی پێشتر دەخرایە پاڵیان، ئەم مافە بۆخۆیان بپارێزن کە ئەوانیش مافی خۆیانە لە جەرگەی گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە میکانیزمی تایبەت بە خۆیان لە تێکۆشانی سیاسییان هەبێ.

لە پێوەندی لەگەڵ چالاکیی سیاسیدا بابەتێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە چالاکانی سیاسی بەتایبەت لە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریییەوە بە شێوەیەکی لێبڕاوتر لە پێشوو بەدواداچوون بۆ داخوازە سیاسییەکانو ئەو وادەو بەڵێنانە دەکەن کە حەسەن ڕووحانی لە پێش هەڵبژاردندا لە پێوەندیی لەگەڵ مافەکانی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکاندا دابوونی.

دیارە حەق وایە لەم پێوەندییەدا ئاماژەیەکیش بە ڕوانگەی واقعبینانەی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکان بکرێ کە بە هێنانە گۆڕێی ڕوانگەیەکی نوێو ڕچەشکێنانە یارمەتییان بەم ڕەوتە کردوە. هەڵگرانی ئەم ڕوانگەیە کە گرنگی بە لێکبەسترانی خەباتی تێکۆشەرانی کورد لە تاراوگەو لە نێوخۆی وڵات دەدن، پێیان وایە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک دەتوانێ ببێتە هێزی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی کە بتوانێ لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانداهێزی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان بجوڵێنێ. سەرەکیترین ڕێگاش بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیکردنو بەستێن خۆشکردن بۆ تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات دایە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە پشتیوانی لە چالاکانی سیاسی، مەدەنیو فەرهەنگیی نێوخۆی وڵات، کە دەتوانن بە تێچوویەکی کەمترەوە کار بکەنو دەرفەتە لەدەستچوەکان وەدەست بێننەوەو دەسەڵات ناچار بە پاشەکشە بکەن، گرنگیەکی تایبەتی هەیە.

لەم پێوەندییەدا خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە تابۆی بڤەبوونی دەرکەوتن لە میدیای کوردیی تاراوگە (میدیای حیزبە کوردییەکان) بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییەکاندا تاراددەیەک درزی تێکەوتوەو بێگومان لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا دەشکێ.

نیشانەکانی بووژانەوەی چالاکییە سیاسیو مەدەنیو فەرهەنگییەکان

دەرکەوتنی نیشانەکانی بووژانەوەی چالاکییە سیاسیو مەدەنیو فەرهەنگییەکان دوای ئەو داکشانەی لە دوای ساڵی ١٣٨٨وە باڵی بە سەر بزاوتە فەرهەنگیو مەدەنییەکانی کوردستاندا کێشابوو، یەکێک لەو نیشانە هیوابەخشانەیە. ئەگەرچی بەشی زۆری چالاکانی خوێندکاریو مەدەنیو فەرهەنگیی نیوەی دووەمی دەیەی ٧٠و نیوەی یەکەمی دەیەی ٨٠ی هەتاوی لە ئاکامی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا توشی بەندیخانەو هەڵبژاردنی ژیان لە تاراوگە بوون یان ناچار بوون ناچالاک بن، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین ئەو بەشە لە خاوەن ئەزموونەکانی ئەو سەردەمە کە لە وڵات دەژینو بەرەی نوێ بە هێزو پوتانسیەلێکی گەورەترەوە دەیانەوێ بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشترو سوودوەرگرتن لە دەرفەتە چووکەکان درێژە بە تێکۆشان بدەن.

بوژانەوەی چالاکیی خوێندکارانی کورد بە تایبەت لە زانکۆکانی کوردستان، چالاکتربوونەوەی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، گەشەسەندنی گرووپە شاخەوانییەکان، ڕێکخراوە ژینگە پارێزەکانو فێرگەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، ئەگەرچی لە هەموو شارو ناوچەکان لە یەک ئاست دانێن، بەو حاڵەش جێگای هیوان.

لەم پێوەندییەدا خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە دەبینین تێکۆشانی خوێندکاریو مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئەو هەموو زیانەی بە هۆی دەزگای سەرکوتەوە لێی کەوتوەو سەرەڕای درێژەی فشارە ئەمنییەتیەکان دیسان بە وزەو توانای بەرەیەکی نوێ لە لاوانو بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی بوارە جۆراوجۆرەکان خەریکی بوژانەوەیە.

> **دیارە حەق وایە لەم پێوەندییەدا ئاماژەیەکیش بە ڕوانگەی واقعبینانەی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکان بکرێ کە بە هێنانە گۆڕێی ڕوانگەیەکی نوێو ڕچەشکێنانە یارمەتییان بەم ڕەوتە کردوە. هەڵگرانی ئەم ڕوانگەیە کە گرنگی بە لێکبەسترانی خەباتی تێکۆشەرانی کورد لە تاراوگەو لە نێوخۆی وڵات دەدن، پێیان وایە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک دەتوانێ ببێتە هێزی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی کە بتوانێ لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانداهێزی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان بجوڵێنێ. سەرەکیترین ڕێگاش بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیکردنو بەستێن خۆشکردن بۆ تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات دایە**

داوای خوێندن بە زمانی زگماکی

ئەوە کە پرسی جێبەجێکرانی بەشێک لە ماددەکانی قانونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ لە ڕۆژهۆڵی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن دایەو بۆتە خەمی چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کوردو تەنانەت نەتەوەکانی دیکەش بە هەنگاوێک بەرەوپێش دەژمێردرێ. بەدڵنیاییشەوە پراگماتیستییەی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا زیاتر قووڵ بۆتەوە، بە چەشنێک کە ئەو بەشە لە حیزبە سیاسییەکانی کە هەڵگری ئەم ڕوانگەیەن لە چالاکانی سیاسیو مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی لێک نزیک کردۆتەوە. کارکردن لە سەر بنەمای ئەو خوێندنەوەیەو داوای جێبەجێکردنی ماددە پێوەندیدارەکان بە زمانی نەتەوە نافارسەکان، سەرەڕای هەموو تانەو تەشەرە نێوخۆییەکان، لەڕاستی‌دا قامکدانان بوو لەسەر خاڵێکی گرنگ.

ڕەنگدانەوەی ئەو داوایە کە بەشێکە لە ویستەکانی بزووتنەوەی کوردستان، لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم سیگناڵەی بە گوێی دەسەڵاتداران گەیاندوە کە ناکرێ چی دیکە لانیکەمی داخوازە ڕەواکانی نەتەوە نافارسەکان کە تەنانەت لە قانونی بنەڕەتیی ئەم سیستەمەشدا دانی پێدانراوە پشت گوێ بخەن.

گەشەی فەرهەنگی ژینگەپارێزی

پێکهاتنی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان خەریکە دەبێتە یەکێک لە سیما هەرە پێشکەوتوەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە خۆشییەوە ئەم دیاردە شارستانییە خەریکە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان پەرە دەستێنێ. بێگومان چالاکانی ژینگەپارێز بە چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان توانیویانە هەم لە پاراستنی ژینگەی کوردستاندا جێپەنجەیان دیار بێو هەم لەوەش گرنگتر توانیویانە بە پێی توانای خۆیان فەرهەنگی ژینگەپارێزی پەرە پێبدەن.

ڕاوچییەکان ڕاو وەلادەنێن

ئەوە کە بەشێک لە ڕاوچییەکانی کوردستان چەکو تەڵەو تەپکەکانیان وەلاناو قەفەسەکانیان ئاگرتێبەرداو بەشێک لە داربڕەکان تەورەکانیان شکاندو وەلانا، هەم هەواڵێکی خۆشەو هەم نیشانەیەکی زەقی گەشەی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم دەسکەوتە بێگومان بەرهەمی تێکۆشانی بێدریغی چالاکانی ژینگەپارێزە کە لەم ساڵانەی دواییدا سەرەڕای فشارە ئەمنییەتیەکان لە پێناوی پاراستنی سروشتو جێخستنی فەرهەنگی پێشکەوتوانەی ژینگەخۆشویستن لە خۆیان مایەیان داناوە.

بەرەو نەورۆزێکی نەتەوەیی و درەوشاوە

نەورۆزو ڕێورەسمە نەورۆزییەکان لە کوردستان لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە دەرفەتێک بوون بۆ خستنەڕووی شوناسی نەتەوەیی. بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە کەم تا زۆر دەرفەت بۆ پێکهاتنی ڕێورەسمە جەماوەرییە نەورۆزییەکان خۆڵقاوە، ئەم ڕاستییە زۆر بە زەقی خۆی دەرخستوە. ئەمسالیش بە پێی ئەو زانیارییانەی وەدەست کەوتوون، خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بۆ نەورۆزێکی نەتەوەییو درەوشاوە ئامادە دەکەن. دیارە لەم پێوەندییەشدا ڕێکخراوە فەرهەنگیو مەدەنییەکان هەر وەک ساڵانی پێشوو لە هەوڵ دان دەوری کاریگەریان لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکاندا هەبێ.

هەواڵ و ڕاپۆرت

بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵیادی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجەدا

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵیادی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجەدا دا بەشداری کرد.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ ی ڕەشەممە لە ڕێورەسمی بیستو شەشەمین ساڵڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجەدا بەشداریی کرد کە بە بەشداریی هەزاران کەس لە تەنیشت مەزاری شەهیدانو مۆنۆمێنتی هەڵەبجەدا بەڕێوە چوو.

هەیئەتی حیزب کە لە هاوڕێیان کەریم مەهدەوی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سلێمانی؛ محەممەد شەهرەوانو سیامەک وەکیلی پێکهاتبوو، تاجەگوڵینەی وەفایان لەسەر مەزاری شەهیدان داناو پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکە ڕاگەیاند.

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی لە ڕێورەسمێکی تایبەت‌دا یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی خۆی بەرز ڕاگرت.

ئەم ڕێورەسمە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی، دەستی پێ کردو دواتر پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بەو بۆنەیەوە لە لایەن حەلیمە ڕەسوڵی، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا بە ئاماژە بە دامەزرانی ئەو ڕێکخراویە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هاتبوو کە شانازییەکی گەورەی ئەو ڕیکخراوە ئەوەیە کە لە دەورانی زێڕینی کۆماری کوردستان دامەزراوە. هەتا ئەوکات ژنان [لە کوردستان] خاوەن ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان نەبوون و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بوارکانی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا نەبوو، بەڵام بەم هەنگاوە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی ژنان دەست پێکرا.

حەلیمە ڕەسوڵی لە بەشێکی پەیامەکەی ڕێکخراوەکەیاندا ئاماژەی بە دوو قۆناغی خەباتی یەکیەتیی ژنان کردو گوتی : ٦٨ ساڵ لە تەمەنی یەکیەتیی ژنان تێدەپەڕێ، دوو قۆناغی ڕەشی دیکتاتۆری بە ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی زەبریکی قورسیان لە بزووتنەوە ژنان داوە ....

ئەو پەیامە تیشکی خستبۆ سەر ئەوەی کە بە خۆشییەوە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا لە مەیدان دایە.

بە دوای پەیامی یەکیەتیی ژنان سروودی ٢٤ مۆمی گەشاوەی لە لایەن کۆڕسی یەکیەتیی ژنانو بە هاوکاری کۆڕی هونەری

پێشکەش کرا .

لە بڕگەی دواتری بەرنامەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبەوە پێشکێش کرا . دەقی پەیامەکە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دایە.

بە دوای پەیامی دەفتەری سیاسیدا سروودێکی دیکە لە لایەن کۆرسی کچانی ئەندام یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا و دواتر خەدیجە مەغرور بەو بۆنەوە وتارێکی خوێندەوە .

شایانی باسە ئەو بەرنامەیە بە خوێندنەوەی دەقێکی شێعری لە لایەن جیهان بێتوشی ، گۆرانی شیلانە بەدەنگی حەمەدەمین کەریمی، گۆرانی بەلەنجە بە دەنگی سەعید کامیاران درێژەی پێ درا.

ساڵی ١٣٩٢، ساڵی قەیرانو سیاسەت

ئارەش لۆرستانی

ئەم وتارە بنچینەی قەیرانو کاروکردەوە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت دەوڵەتی یازدەیەم لە ساڵی ١٣٩٢دا بە کورتی ڕاڤە دەکاو دەپڕژێتە سەر بنەما سترەکتۆرییەکانی قەیرانەکانو تەنیا ڕاپۆرتو شی کردنەوەی قەیرانو ڕووداوەکان نیە.

لە دەستپێکی ساڵی ١٣٩٢دا ئێرانو سیستمی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ کیشەو ئاریشەی زۆر جیددی ڕووبەڕوو بوو. قەیرانی ئابووری، کێشەی ناوکیو گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، هەڵبژاردنی سەرکۆماری، پرسەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، پرسە ئیکۆسیستمییەکان، قەیرانی پەروەردەی زانکۆکان، هەڵکشانی لە ڕادەبەدەری تاوانو جینایەت، کۆنترۆڵی حەشیمەتو پەرەگرتنی شارنشینی، قەیرانی ئیتلاعاتیو ئەمنییەتی بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگەو تەنانەت هەناوی سیستمی دەسەڵاتبەدەست، هەڵکشانی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتیو کوچ بەشێکن لە قەیرانەکانی سەرەتای ساڵ ١٣٩٢ی کۆچی هەتاوی.

سەرەڕای ئەم گیروگرفتانە عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ساڵی ٩٢ بە ساڵی «حەماسەی سیاسیو ئابووری» ناودێر دەکا. پۆلێنی ئەم قەیرانە لە دوو گرووپی سیاسیو ئابووریدا کە دوو کۆڵەکەی سەرەکی سلامەتی کۆمەڵگەن، نیشانیدا کۆماری ئیسلامی بۆ دەسەڵاتداریتی کۆمەڵگە دەستەویەخەی قەیرانی بنەڕەتیترە، هەروەوەها کاتێک چەمکو زاراوەی «حەماسە» بەکار دەهێندرێ کە؛ چاوەڕوان بین خەڵکو ئەندامانی کۆمەڵگە -ج خەڵکی ئاسایی و ج هێزەکانی بەدەسەڵات- فیداکاریی بکەنو بارودۆخی ئەستەم لە گۆڕیدا هەبێ، تاقەڕێگەی دەربازبوونیش لە قەیران «حەماسە»و لەخۆبووردەیی بێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەحمەدی نژاد تایبەتی دژایەتیو پارادۆکسی دەگەڵ ٤٤ی قانونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی هەیە، کە زیرەکانەو بە مەبەستی تەرخانی سەچاوە ماکرۆ ئابوورییەکانی وڵات بۆ سوپای پاسدارانو هەروەها کەمڕەنگ کردنەوەو سنووورداری دەوڵەتی ئەحمەدینژادو دەوڵەتەکانی دوای ئەو، جێبەجێ کرا.

کۆنترۆڵ نەکردنی سامانە ئابوورییەکانی وڵات لە سەردەمی ئەحمەدینژاد، بە کردەوە بارودۆخی بۆ دەوڵەتی دوای خۆی- دەوڵەتی ڕوحانی - ئەستەمترو ئاستەنگتر کرد.

گەندەڵییە دارایی سیستماتیکەکانی سەردەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد لە بواری ئابووری، فەرهەنگییو تەنانەت سیاسیدا، گەیشتبوونە قۆناغی ئاناریشتیو هەرەچو مەرەجی دەوڵەتیو، لە سەرەتای ساڵی ٩٢شدا دارمانو ناکاریی سیستم زیاتر ڕوون دەبوویەوە، هەر بۆیە پێویستی نۆژنکردنەوەی پێکهاتەو سترەکتۆری بیاڤە نێوخۆییو دەرەکییەکانی کەوتە بەر چاوپێداخشاندنەوەی سیستمی دەسەڵاتدار.

بارودۆخی قەیراناوی سیاسیی کۆماری ئیسلامی، ڕەوشی قەیراناوی ئابووری، هەماهەنگ نەبوونو چالاکی دژەکۆمەڵایەتی سێ دەسەڵاتی دەوڵەت، پارلەمانو دادوەری، گەمارۆ نێونەتەوەییەکانو کێشەی ناوکیو هەروەها پشتیوانی بێ ئەملاولای کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد، لە سەرکوتی خەڵکەکەی داو سپۆنسەری ئابووری، سیاسی، سەربازیو زانیاریی کۆماری ئیسلامی لە گرووپە تیرۆریستییەکانی جیهان، بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤێنو ئەفریقا هەڵومەرجەکەی هێندەی دیکە بۆ زیاتر دەرکەوتو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران تێچوویەکی سیاسیو ئابووری زیاتر شانیان بچەمێنێ.

لە ماوەی ٨ ساڵ سەرکۆماری ئەحمەدی نژادیا، لە بواری ئابووری، ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی جەختی کرایەوە سەریو تەوەری سەرەکی چالاکییەکانی دەوڵەت بوو.

ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی بەم گوێرەیە:

«کەرتی دەوڵەتی هەموو پیشەسازییە گەورەکان، بازرگانی دەرەکی، کانگە گەورەکان، بانکداری، بیمە (سیگورتا)، وزە، ئاوبەندەکانو تۆڕی ئاوگەیاندن، ڕادیوو تیڤی، پۆستەو تلیگرافو تەلەفۆن، فڕۆکەوانی، پاپۆڕەوانی، ڕێگاوبان بە گشتیو... هتد دەگەڕێتەوە کە خاوەنداری گشتینو لە دەسەڵاتی دەوڵەت دان». بەڵام ئەم ئەسڵە بە پێی لێکدانەوەی ڕێبەریی کە پووشپەڕی ١٣٨٥ خرایە بەرباسو سەپێنرا، لە لایەن کۆڕی دیاریکردنی بەڕژەوەندیی سیستم نووسرابوو، دەوڵەتی ناچار کرد سەدا هەشتای پشکی دەوڵەت بە کەرتی تایبەت بدا، کە لە ڕاستیدا پێدانی پشکەکانی کەرتی دەوڵەتی بەتایبەت بەشی پیشەسازی مەزن (صنایع بزرگ) بە کەرتی تایبەتی دژایەتیو پارادۆکسی دەگەڵ ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی هەیە، کە زیرەکانەو بە مەبەستی تەرخانی سەچاوە ماکرۆ ئابوورییەکانی وڵات بۆ سوپای پاسدارانو هەروەها کەمڕەنگ کردنەوەو سنووورداری دەوڵەتی ئەحمەدینژادو دەوڵەتەکانی دوای ئەو، جێبەجێ کرا.

کۆنترۆڵ نەکردنی سامانە ئابوورییەکانی وڵات لە سەردەمی ئەحمەدینژاد، بە کردەوە بارودۆخی بۆ دەوڵەتی دوای خۆی- دەوڵەتی ڕوحانی - ئەستەمترو ئاستەنگتر کرد.

گەندەڵییە دارایی سیستماتیکەکانی سەردەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد لە بواری ئابووری، فەرهەنگییو تەنانەت سیاسیدا، گەیشتبوونە قۆناغی ئاناریشتیو هەرەچو مەرەجی دەوڵەتیو، لە سەرەتای ساڵی ٩٢شدا دارمانو ناکاریی سیستم زیاتر ڕوون دەبوویەوە، هەر بۆیە پێویستی نۆژنکردنەوەی پێکهاتەو سترەکتۆری بیاڤە نێوخۆییو دەرەکییەکانی کەوتە بەر چاوپێداخشاندنەوەی سیستمی دەسەڵاتدار.

بارودۆخی قەیراناوی سیاسیی کۆماری ئیسلامی، ڕەوشی قەیراناوی ئابووری، هەماهەنگ نەبوونو چالاکی دژەکۆمەڵایەتی سێ دەسەڵاتی دەوڵەت، پارلەمانو دادوەری، گەمارۆ نێونەتەوەییەکانو کێشەی ناوکیو هەروەها پشتیوانی بێ ئەملاولای کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد، لە سەرکوتی خەڵکەکەی داو سپۆنسەری ئابووری، سیاسی، سەربازیو زانیاریی کۆماری ئیسلامی لە گرووپە تیرۆریستییەکانی جیهان، بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤێنو ئەفریقا هەڵومەرجەکەی هێندەی دیکە بۆ کۆمەڵگەی ئێرانو دەوڵەتی یازدەیەم نالەبار کرد، چونکە ئەم پشتیوانیانە پێویستیان بە سەرچاوەی ئابوورییو مرۆیی بەربەرین هەبوو بۆیە سروشتییە کە لەم بارودۆخە قەیراناوییە نێوخۆییو دەرەکییەی کۆماری ئیسلامیدا بارودۆخەکە دووهێندەو زیاتریش ئاستەنگتر بکا کە هەتا ئەمڕۆکەش درێژەی هەیە.

لە ئاکامدا ئەم هەموو کردەوەی نادروستەی دەسەڵاتدار، تێچوویەکی ڕاستەوخۆی زۆری بەسەر خەڵکدا سەپاند، بەڵام خەڵک کە زانییان توانای گۆڕینی سیستمیان نیەو هەروەها بۆ دابینکردنی بنەڕەتیترینو سەرەکیترین پێویستیو پێداویستییەکان ژیان، تووشی تەنگو چەڵەمەی زۆر دەبن، لەوەی ناچاریەوە پشتیوانیان لە ڕەوتو لایەنگەلێک کرد کە ڕەنگە بیر لە چاکسازی سیستم بکەنەوەو هەروەک دیتمان لە هەڵبژاردنی خولی ١١یەمی سەرکۆماریدا، حەسەنی ڕوحانی سەرەڕای هەموو ئەم قەیرانانە بە دروشمی «تدبیرو امید»وە هاتە مەیدان و دانی بە ناکارامەییەکانی پێشوو داناو ڕێگەی دەربازبوونی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی بە لێکدانەوەی دروستو هیوا بە گۆڕان بەستەوەو ئاکامی هەڵبژاردنی بردەوە. سەرکەوتنی ڕوحانی ئاکامی پشتیوانی تیسلاحەلەبەکانی وەک محەممەدی خاتەمیو محەممەدڕەزا عارفو کۆنزەرڤاتیڤەکانی وەک ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانیو باڵی لایانگری بوو، چونکە دەسەڵات چەندین ڕێکخستنو کاری موهەندیسی بۆ دانەشکان بەرەو گۆڕان کردیوو.

هاوکاتکردنی هەڵبژاردنی شوورای شارەکان دەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری، دەرنەچونی ئەوکەسانەی خوازیاری گۆڕان بوون لە پاڵێنەی شوورای نیگابانو تەنانەت ئەکبەری هاشمی کە ئەوکات سەرۆکی کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندیکانی سیستم بوو، هێنانەمەیدانی ٦ کاندیدو پاڵێوراوی ئوسوولگەرا لە بەرامبەر دوو تیسلاحەتەلەب و کۆنزەرڤاتیڤدا - میانەڕەو- درێژەخایاندنی ئاکامی هەڵبژاردن، ئێزن نەدان بە زۆربەی نوێنەڕانی ڕوحانی بۆ چاوەدێری سندووقەکان، سانسۆری ڕاگەیاندنو دەنگی دژبەرانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیکانداا، پچڕاندنی ئینترنێت لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران، ئێزن نەدان بە چاوەدێرو میدیا نێونەتەوەییەکانو ئەمنیەتی کردنی وڵاتو تەنانەت گرووپە باوەڕپێکراوەکانی خودی سیستم، گرینگترین کارکردەوەکانی دەسەڵات بوون لە پێناو کانالیزەو مهەندیسی هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرۆک کۆماری، دیارە سەرەڕای ئەم هەموو تووند کردنو توند گرتنە، دیسانیش بە هۆی ناڕەزایەتی قووڵی خەڵکو ئەو حاڵەتە تەقینەوەیەی کە کۆمەڵگەو سیستمی دەسەڵاتداری تووشی هاتبوو، عەلی خامنەییو گەورەبەرپرسانی ڕێژیمی ناچار کرد دان بەسەرکەوتنی ڕوحانیدا بنێن.

بەڕێوەبەری قەیران دەبووا کێشە گرینگەکانی وەک بەری گۆڕانکاری بنەڕەتی لەو تاکتیکە هەستیارو ستراتژیانەی کۆماری ئیسلامی گرتبا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مانو نەمانی سیستمی دەسەڵاتدارەوە هەیە. لەم لاشەوە دروشمە پڕوپاگەندییەکانی حەسەنی ڕوحانی لە کاتی هەڵبژاردندا، کە کۆمەڵگە چاوەڕوانی وەدیهاتنی بوو، سیستمی دەسەڵاتداری ناچاری کرد مل بۆ لانی کەم گۆڕانکارییەکان ڕابکێشی. پاش هەڵبژاردنو هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ڕوحانی سەرەڕای ڕەدی سەلاحیەتی چەند بەربژێری سەرەکی ئەو وەزیرانەی ڕوحانی پێشنیاری کردبوون، دەوڵەت بە دابەشینی ڕێژەیی کارەکانو ڕێککەوتن دەگەڵ خامنەییو دامەزراوە ئوسوولگەراکان دەستی بەکار کرد.

دەوڵەتی ڕوحانی لەچاو دەوڵەتی پێشتر لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکی دا دەست ئاوەڵتر بوو، چونکە فایلی دانوستانی ناوکی لە ئەنجومەنی باڵای ئاشایشی نەتەوەییەوە ڕاگوستە وزارەتی دەرەوەو ئەمەش نشانەی پشتڕاستکردنەوەی تێکۆشانەکانی کۆماری ئیسلامی بوون بۆ دەربازبوون لە گۆشارەکانی ڕۆژاواو کۆمەڵگەی جیهانی. عەلی خامنەییش بە جەخت کردنەوە لە سەر میتودی «نرمش قهرمانانە» کە کۆتایی بەکانی خەرمانان، وەک بڕیاری حکومەتی (حکم حکومتی) خستییە بەرباس، ڕێگەی بۆ کاری دەوڵەتی ڕوحانیو تیمی دانوستانی ناوکی خۆش کرد. دانوستانی لەگەڵ ڕۆژاواو خۆشحالی لە ڕادەبەدەری گەورەبەرپرسانی سیستم لە ڕێککەوتنەکانی سەرەتای دانوستان، سەرەڕای کارشکەنیو ناڕەزایەتی ئوسوولگەراو توندڕەوەکانی نێوخۆی سیستم، بەرووبی پەردەی لەسەر دەبێو نابێ (خط و نشان کشیدنهای) شانۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لاداو نیشانی دا ئەو سەرکەوتنەو دەبێ تا قۆناغی کۆتایی ڕێگەیەکی زۆر بپێوێنو لەهەمان کاتیشدا ڕێگەی بۆ دەوڵەتی ڕوحانی خۆش کردەوە تا لە بیاڤە نێوخۆییەکانیشدا، شوێندانەر بێو ئەو گۆڕنانەی کە مانو نەمانی سیستم ناخەنە بەرمەترسیو هەرەشەوە، بە شێوەیەکی ڕێژەییو بەهەمان دروشمی (اعتدال)وە جێبەجێ بکا.

قەیرانو کێشەکانی سیاسەتی نێوخۆیی زۆر لە سیاسەتی دەرەوە ئاڵۆزترو قەیراناویترن. ڕادەی زۆری دامەزراوە ڕێکخراوە ئوسوولگەرا پاوانخوازەکانی وەک بەیتی ڕێبەری، سوپای پاسدارانو بەسیجو کارتێلە شاراوەکانیان، حوزەی علمیەو ئیمامانی جومعە، پارلمان کە زۆرینەی ئوسوولگەران، هێزی دادوەری، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستم، شووڕای نیگابان، مەجلیسی زانایانی ڕێبەری، ڕاگەیەنەکان کە نزیکە زۆربەیان لە کۆنترۆڵی ئوسوولگەرایان دان و... هتد، بوون بەهۆی ئەوەیکە هەرکام لەم گرووپانە، خۆیانو بەپێی توانایی خۆیان لە ماوەی ئەم ٣٥ ساڵەی ڕابردوودا سنوورێکی تایبەت بخەنە ژێر دەسەڵاتەوەو بە شێوەیەکی سەربەخۆیان هاوتەریب کار بکەنو، لە ئاکامدا سیستمی دەسەڵاتدار بە جۆرێک ئاڵۆزو قەیراناوی بکەن کە، زۆر جاران تەنانەت بچوکترین گۆڕانیش، بە گشتی سیستم بلەرزێنی. لەم بارودۆخەدا سەرەڕای دروشمەکان، ئەگەر دەوڵەتی تازە بیشیەوێ چاکسازیی بکا هەروەک لە



ئەم هەموو کردەوەی نادروستەی دەسەڵاتدار، تێچوویەکی ڕاستەوخۆی زۆری بەسەر خەڵکدا سەپاند، بەڵام خەڵک کە زانییان توانای گۆڕینی سیستمیان نیەو هەروەها بۆ دابینکردنی بنەڕەتیترینو سەرەکیترین پێویستیو پێداویستییەکان ژیان، تووشی تەنگو چەڵەمەی زۆر دەبن، لەوەی ناچاریەوە پشتیوانیان لە ڕەوتو لایەنگەلێک کرد کە ڕەنگە بیر لە چاکسازی سیستم بکەنەوە

گرینگترین دوورەدیمەنی ساڵی٩٢ ئەوەیە کە ئەمساڵیش نموونەی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەو، دەوڵەتی ڕوحانیو دەوڵەتەکانی پێش ئەوو، تەنانەت کەسانی وەک میرحوسەینی موسەویو مێهدی کەڕووبیش بڕوایان بە پاراستنو بەرگری لە کۆماری ئیسلامی هەیەو چونکە مافو داخوازییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە کە، داخوازیو ویستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو دامەزراوو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیشن، دەگەڵ مانی کۆماری ئیسلامی وێک هەڵناکەن، کەواتە ئەگەر دەوڵەتی ڕوحانی بە شانسی کۆمەڵگە بۆ چاکسازی دابنێین، ئەم دەوڵەتە دەبێ دەست بکا بە پێکهاتەشکێنی تا کۆمەڵگە پشتیوانی بێ.

نیوەی دووەمی کۆتایی ساڵدا دەرکەوت کە بەکردەوە کاری جیددی بۆ نەکراوە، دەگەڵ ئەوەی لە هێندێک بواردا وردەچاکسازییەک کرا، بەڵام ئەو کارو چاکسازیو گۆڕانانە لە دروشمەکانی ڕوحانی، کاتی پڕوپاگەندەی پێش هەڵبژاردن لەسەر مافو داخوازییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە زۆر لێک دووران.

گرینگترین دوورەدیمەنی ساڵی٩٢ ئەوەیە کە ئەمساڵیش نموونەی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەو، دەوڵەتی ڕوحانیو دەوڵەتەکانی پێش ئەوو، تەنانەت کەسانی وەک میرحوسەینی موسەویو مێهدی کەڕووبیش بڕوایان بە پاراستنو بەرگری لە کۆماری ئیسلامی هەیەو چونکە مافو داخوازییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە کە، داخوازیو ویستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو دامەزراوو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیشن، دەگەڵ مانی کۆماری ئیسلامی وێک هەڵناکەن، کەواتە ئەگەر دەوڵەتی ڕوحانی بە شانسی کۆمەڵگە بۆ چاکسازی دابنێین، ئەم دەوڵەتە دەبێ دەست بکا بە پێکهاتەشکێنی تا کۆمەڵگە پشتیوانی بێ.

لە ئاکامدا دەبێ بڵێین پارلمانو هێزی دادوەریو دامەزراوە ئوسوولگەراکان لە ساڵی ٩٢ دا هیچ مەیلێکیان بۆ باشتر کردنی بارودۆخو چارەسەری قەیرانەکان لە خۆ نیشان نەداوە، هەروەها کارکردی ٢٢٠ ڕۆژەی دەوڵەتی ڕوحانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا تا ئێستا ئەرێنی هەڵسەنگاندراوە، بەڵام لە بواری سیاسەتی نێوخۆییو ئابووری و کۆمەڵایەتیدا کارێکی شایانی بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە، مافو داخوازی بەرهەقی خەڵک نەکردوە، کەواتە ساڵی ٩٣ ڕەوشەکە بۆ دەوڵەتی ڕوحانی ئاڵۆزتر دەبێ، چونکی قەیرانو کێشەکانی پێشوو دەگەڵ پێداویستیکانی کۆمەڵگە لە ساڵی تازەدا وڵامی جیددیو دەمودەست دەخوازێ کە ئەگەر کارێکی پۆزەتیڤو ئەرێنی بۆ بەدی هاتنی مافو داواکانی کۆمەڵگە نەکرێ، ڕەنگە دەنگی ئەم زەنگی مەترسییەی ئەمڕۆ، لە داهاتوودا دارمانو لێکهەڵوەشانی هەنگاو بە هەنگاو، یان ڕووخانی لە پڕتاوی سیستمی لێ بکەوێتەوە.

ئاڵەشین کردوویە بە کوردی:

قادر وریا :

ئەگەر بمانەوێ شایستەی ناوی درێژەدەرانی ڕێگای پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان بین، دەبێ لە پێوەندی لە گەڵ ژنانیش دا وەک ئەوان عەمەل بکەن

لە ڕێورەسمی ٦٨ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستاندا

ژنانی خۆڕاگر!
هاوڕیبانی بەڕێز!
میوانە خۆشەویستەکان!
ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات!

لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ٦٨ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئێوە ئامادەبوان و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو یەکیەتییە دەکەم. بۆ یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی زیاتر لە تێکۆشان و بۆ ئێوەش سڵامەتی و سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی(مارسی ١٩٤٦)، لەو ڕووداوانەی مێژووی نوێی نەتەوەکەمانن کە شایانی یادکردنەوەو ڕێزلێنانن. بۆمان هەیە بڵێین یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانە کە لە کوردستان پێک هاتوە. ئەم ڕووداوە لە چەند بارەوە جێگای لێوردبوونەوەیە. لە پێش دا لە ڕووی ڕچەشکێنی و پێشەنگبوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە بایەخدان بە پرسی ژنان لە کۆمەڵدا.

یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا پێک هاتوە. ئەم دەولەتە تەمەن کورتەی نەتەوەی کورد لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی خۆیدا، سەرچاوەی زۆر ڕووداو دەسکەوتی گرنگ بووە بۆ کورد. لە بۆنەکانی دیکەدا زۆر باسی ئەو دەسکەوتانە کراون. من لێرەدا تەنیا دەمەوێ ئاماژەیەکی کورت بە نێوەڕۆکی دەولەمەندی ڕوانینی کۆمەڵایەتیی ئەو دەولەتە کوردییەو سەرۆکەکەی واتە پێشەوا قازی محەممەد بکەم. دەزانین کە لە ساڵانی ١٣٢٤ و ١٣٢٥دا، لاوانێش وەک ژنان، ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان بۆ پێک هاتو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانیش، هەر ئەو کات دامەزرا. هەروەها دەزانین کە مندالانیش لە سەردەمی پڕ فەڕڕو بەرەکەتی کۆماردا، لە بیر نەکرابوون. جگە لەو هەمووە ئاوڕەی لە بواری پەروەردەو فێرکردنی خوێرایی و خوێندن بە زمانی زگماکی لێیان درایەوە، ببوونە خاوەن بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان و،گۆڤاری «گوڕگاڵی منداڵانی کورد» یادگاری ئەو سەردەمەیە.

کۆماری کوردستان و لە سەرەوەی ئەم کۆمارە، پێشەوا قازی محەممەد، نرخو بایەخی گرنگیدان بە تویژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵیان دەزانی. باش لەم ڕاستییە ئاگادار بوون کە ئەگەر بیانەوێ کۆمەڵگا پێش بکەوێ، دەبێ گرنگی بە بەشداریی ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی کوردستان بدەن. دەبێ ڕێگا خۆش بکەن کە ژنان لە چوارچێوەی ماڵ بێنە دەر. دەبێ پەروەردە ببن و ئەرکیان بکەوێتە سەرشان و بەشداری کاروباری کۆمەڵ بن. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو، لە کۆماری کوردستاندا بایەخ بە خوێندەواریی کچان و ژنان درا. هەوڵ درا ژنان بێنە نێو ڕێورەسم و بۆنەو کۆبوونەوەکان و وتار و قسەی خۆیان هەبێ. پێشەوا قازی محەممەد، بۆ خۆی پێشەنگ بوو لە هێنانی هاوسەرەکەی، مینا خانم بۆ نێوکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و هاندەری کاربەدەستانی کۆمارو هاوکارانو هاوخەباتانی خۆی بووە بۆ ئەوەی ژن و کچی خۆیان لە کارو چالاکیی سیاسی، نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا بەشدار بکەن.

ناوی مینا خانم، هاوسەری پێشەوا قازی محەممەدی سەرکۆماری کوردستانم هێنا. لێرەدا جێی خۆیەتی بە ڕێزەوە سڵاوی بۆ بنێرین، چونکە جگە لەوەی خانمی یەکەمی یەکەم دەولەتی مودێرنی کوردی بوو، یەکەم بەڕپرسی یەکەم ڕێکخراوەی تایبەت بە ژنانی کورد بووە، ڕێکخراوێک کە تا ئەمڕۆش لە کۆڕی تێکۆشاندا ئامادەیەو ئەمڕۆ تێمە لێرە بە بۆنەی ٦٨ ساڵەی دامەزرانییەوە، جێژن و مراسممان گرتوە. مینا خانم لە دوای شەهادەتی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەدیشەوە، تا دواساتەکانی ژیانی کە ساڵی ١٩٩٨ بوو، وەفاو خۆشەویستیی خۆی بۆ ڕێگاو ڕێبازی کۆمار و پێشەوا قازی محەممەد،کە ئەوینی کوردستان و ئازادیی نەتەوەی کورد بوو، هەر پاراست.

کە باسی ڕووداوی دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە نێو کورددا دەکەین، جێی خۆیەتی لە سەر دوو خاڵ، هەڵویستە بکەین. یەکەم ئەوە کە ئەو کات ئەگەر لە نێو نەتەوەکانی دەوروبەر، شتێکی ئەوتۆش کرابێ، لە شارێکی وەک تاران بووە، لە ئەستانبوڵ بووە، لە بەغدا بووە. ئەوانە شاری گەورەو پڕحەشیمەت بوون و دەیان ساڵ بوو ناوەندی جووڵەو ڕووداوی سیاسی بوون و لە نێوان کاربەدەستان، ڕووناکبیرانی دانیشتووی ئەو شارانەو شارو پێتەختە گەورەکانی ڕۆژاوا، هاتوچۆ هەبوو کە هەمووی ئەوانە دەور و تەئسیری خۆیان هەبووە لە کرانەوە و پێشکەوتنی عەقڵ و بیرکردنەوەی کاربەدەستان و دانیشتوان دا. بەڵام زۆر گرنگە لە شارێکی بچووکی ئەو ڕووداو دەسکەوتانەی نەتەوەی کورد لە ساڵانی ١٩٤٥و ١٩٤٦دا، شایەدیان بووە، هەڵقووڵاوی بەرنامەی پێشکەوتانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرهەمی ڕوانین و بیرکردنەوەی ئینسانی و سەردەمییانەی ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە سەرووی هەمووانەوە قازی محەممەد، پێشەوای ئەم حیزبە بوون.

دیارە بۆ یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و بۆ حیزبی دیموکراتیش بە دڵنیاییەوە جێگای خۆشحاڵییە کە خاوەنی ئەو جێگەو پێگەیەن لە دەسپێشخەری لە

با لە یەک ڕاستییش غافڵ نەبین. هەر ئەوە کە ئەم یەکیەتییە، یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە نێو کورد دایەو هەر ئەوە کە حیزبی دیموکرات یەکەم حیزبی کوردییە ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی پێک هێناوە، چاوەڕوانیی کۆمەڵگەو خەڵک لەوانی زیاتر کردوە. ئەگەرلە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەڕێوەبەری و تێکۆشەرانو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، لە هەموو کات چالاکتر نەبن و ڕۆڵو دەوریان لە کۆکردنەوەی ژنانی کوردو پێگەیاندنیانو کارکردن بۆ پرسی یەکسانی بەرچاو نەبێ، ئەگەر گۆڤارو ماڵپەڕو سمینارو کۆنفرانسەکانیان دەوڵەمەندو شوێندانەرنەبن، بەم ڕابردووەوە جێگای ڕەخنە دەبن و شانازیکردن بە ڕابردوو، دادیان ناداو فریایان ناکەوێ.

ئەوکاتی کوردستان، لە مەهابادو لە لایەن دەسەڵاتێکی کوردییەوە، لە پێوەندی لە گەڵ ژنان دا کارێک بکرێ و هەنگاوێک بنرێ کە لە تاران و بەغداو ئەستانبوڵو قاهرەش دا، بە تازەیی کرابوون یا دەکران. ئەمە تەنیا پێشکەوتوویی فکریی و موتەمەددین بوونی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و بە تایبەتی سەرۆکی ئەو کۆمارە دەگەیەنێ.

خاڵێکی دیکە کە ئەمڕۆ بە دەرفەتی دەزانم لێرە بیلێمو لە مێژیشە لە دڵم دایە، هەڵویستەکردن لە سەر ڕاستییەکە کە زۆر لایەن بە ئەنقەست خۆلە درکاندن و دانپیدانانی دەبوێرن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ڕاستە کۆماری کوردستان، دەسکەوتێکی نەتەوەیی و گشتی بوو، بەڵام خۆ ئەوە هیچ لەم ڕاستییە ناگۆڕێ کە خاوەن و دامەزرێنەری خۆی هەبوو، ئەویش حیزبی دیموکراتی کوردستانە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری کۆماری کوردستانە، ڕێبەرانی کۆمارو زۆربەی خولقێنەرانی شانازییەکانی ئەو سەردەمە، تێکۆشەرو سەرمایەو مۆلکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون. ئەوانەی پێیان حەیفە دان بەم ڕاستییەدا بنێن، ناحەقی نەک هەر لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو ناحەقی لە کۆماری کوردستان و ناحەقی لە مێژوو و حەقیقەتیش دەکەن.

دامەزرانی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دا. بە تایبەتی کە هەر دوویان، دواتریش لە سەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتوون و لە قۆناغەکانی دیکەی تێکۆشان و خەباتدا، چالاکی و تێکۆشان لە نێوژنان و گرنگیدان بە پرسی ژنانیان لە بەرنامەی کاری خۆیان دا هەبووە. بەڵام با لە یەک ڕاستییش غافڵ نەبین. هەر ئەوە کە ئەم یەکیەتییە، یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە نێو کورد دایەو هەر ئەوە کە حیزبی دیموکرات یەکەم حیزبی کوردییە ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی پێک هێناوە، چاوەڕوانیی کۆمەڵگەو خەڵک لەوانی زیاتر کردوە. ئەگەرلە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەڕێوەبەری و تێکۆشەرانو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، لە هەموو کات چالاکتر نەبن و ڕۆڵو دەوریان لە کۆکردنەوەی ژنانی کوردو پێگەیاندنیانو کارکردن بۆ پرسی یەکسانی بەرچاو نەبێ، ئەگەر گۆڤارو ماڵپەڕو سمینارو کۆنفرانسەکانیان دەوڵەمەندو شوێندانەرنەبن، بەم ڕابردووەوە جێگای ڕەخنە دەبن و شانازیکردن بە ڕابردوو، دادیان ناداو فریایان ناکەوێ. گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆش وەک ڕابردوو پێشەنگ بن لە خزمەتکردنی پرسی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرەوپێشبردنی دا.

بەشدارانی بەڕێزی ئەم ڕێورەسمە!

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی لە ٣ دەیەی ڕابردوودا قوتابخانەیەکو مەیدانێک بووە بۆ کار تێداکردن و تێکۆشانی سەدان و هەزاران ژن. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕۆژەدا بە ڕێزەوە ناوڕ لە تێکۆشانی ئەوان و یەکیەتییەکەیان دەداتەوە. بەڵام دەمەوێ وەبیریش بێنمەوە کە پێوەندیی ژنانی کوردستان و ژنانی دێموکرات بە حیزبی دیموکراتەوە، هەمووی هەر لە کاتانی یەکیەتیی ژنانەوە نەبووە. لە ساڵانێکدا کە یەکیەتیی ژنانیش وەک ڕێکخراوێک لە مەیدان دا نەبووە، ژنان لە ڕیزی ڕێکخستنە نهێنییەکان، لە ڕیزی پێشمەرگەکان، لە ڕیزی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات و لە ڕیزی تێکۆشەران و بنەماڵەکانی تێکۆشەرانی حیزب دا، هەبوون. ئەگەر لە بیرتان بێت هاوینی ڕابردوو هەر لەم شوێنە نزیکەی ١٠٠ ژنی دیموکرات ڕیزیان لێ نرا کە زۆربەیان زیاتر لە ٢٠ ساڵ بوو، تەنانەت تێیان دابوو کە ٣٠ ساڵو ٤٠ ساڵ زیاتر بوو، ئەندام و پشتیوان یاوەری خەمخۆری حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی لە سەختترین قۆناغەکان دابوون. کەوایە ژنان لە ڕێزەوی حیزبی دیموکراتەوە، هەموو کات بەشێک بوون لە بزووتنەوەی نیشتمانی و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان، بەشێکی گرنگ بوون لەو هیزە ئینسانییەی کە خەبات و تێکۆشانی حیزبی ئێمەیان بەرەو پێش بردوە. لە ڕاستیدا حیزبی دیموکراتی کوردستان قەرزداری ژنانەو هەرچی بۆی کردبێ و بۆیان بکا، زۆری نەکردوە.

لێرە بە دەرفەتی دەزانم ڕەخنەیەکیش لە پیاوانی سەر بە حیزبی دیموکرات، هەر لە ئەندامانی ڕێبەرییەوە تا دەگاتە کادرەکان و پێشمەرگەکان و ئەندامانی سادەی حیزب بگرم. من زۆر جار کە باس لە ڕوانینی حیزبی دیموکرات بۆ پرسی ژن و مافەکانی ژنان و ئەرکەکانی حیزب لە پیوەندی لە گەڵ ژنان دا دەکەم، بە سەربەرزییەوە لەم بارەیەوە دەدوێم. چونکە بەرنامەو پێڕەوی نیوخۆی حیزبی دیموکرات و ئەدەبیات و پەسەندکراوەکانی ئەم حیزبەو قسەو نووسینەکانی ڕێبەرانی حیزب، گرنگیدان بە ژنانیان تێدا بووە. لە مەیدانی کردەوەشدا زۆر جار دامودەزگا حیزبییەکان، بە داکۆکی لە مافەکانی ژنان و بەرپەرچدانەوەی ئەو ستەمانەی لە ژنان دەکرێن، کاریان کردوە. بەڵام هێشتا زۆر لەو پیاوانەی لە ئاستی جۆراوجۆر لە حیزبی دیموکرات دا تێکۆشانیان هەیە، ئەو بایەخەی پێویستە بە تێکۆشانی ژنان و بە مافەکانی ژنانی بدەن، تێیان دا بەدی ناکرێ. هێشتا زۆر پیاوی وامان هەن عەقڵییەت و بیرکردنەوەیان لە بارەی ژنان و تواناکانیانەوە، پێشکەوتوانەو دیموکراتانە نیە. یا لە باشترین حالەتدا، پێیان وایە پرسی نەهێشتنی نابەرابەری و ستەمو چەوسانەوەی ژنان، پرسێکی ژنانەیەو ئەوان نابێ ڕۆڵێکیان تێدا هەبێ. ئەگەر بمانەوێ شایستەی ناوی درێژەدەرانی ڕێگای پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان بین، دەبێ لە پیوەندی لە گەڵ ژنانیشدا وەک ئەوان عەمەل بکەن. لە سەر بیرکردنەوەو ڕوانینی خۆمان کار بکەین و هەستو عەقڵیەتی خۆمان لە ڕسووباکی کونەپەرستانەو دواکەوتوانە، پاک بکەینەوە. هاندانی ژنان بۆ نێو کارو تێکۆشان و بزووتنەوە بە ئەرکی خۆمان بزانین، بایەخ بە پەروەردەکردنیان بدەین، ڕێگایان بۆ بکەینەوەو پشتیوانی لە تێکۆشان و خەباتیان بکەین. لە بیرمان بێت چۆنێتی ڕوانین بۆ مافەکان ژنان و پرسی ژن و جۆری بایەخدان بەم پرسە گرنگە، خەریکە دەبێتە پێوەریکی جیهانی بۆ کارابوون و سەردەمیانە بوونی نەک هەر حیزب و ڕێکخراوەکان بەڵکو بۆ هی تاکەکانیش. هەر بۆیە بارهێنانی ئەندامانی حیزب بە کولتوور و ڕۆشنبیرییەکی ئینسانی و یەکسانیخوازانە، لە هەموو کات زیاتر دەبێ ببێتە بەشێک لە پەروەردەو پێگەیاندنی حیزبیمان.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم یادە لە ژنانی دیموکرات بە تایبەتی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەکەم. هیوام سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی ئەم یەکیەتییەو بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستان و لە نێو نەتەوەی کورد دایە.

سەرکەوتوو بن

یەکەمین سەفەری خانمی کاترین ئەشتۆن بۆ ئێران

حەسەن حاتەمی

لە ڕۆژی ٨ مارس (١٧ ڕەشەممە)، خانمی کاترین ئەشتۆن دیپلۆماتی پایە بەرزی یەکێتیی ئورووپا- کە سەرۆکی کاروباری سیاسەتە دەرەوەیی و ئەمنیەتییەکانی یەکێتیی ئورووپا- یە لەگەڵ وتەبێژەکەی- ئاغای مایکل مان- و خانمی هیلگاشمید- جێگرە ئالمانییەکەی- بۆ سەفەرێکی کورتی دوو ڕۆژو نیوە، گەیشتنە تاران‌و لە لایان عەباس عێراقچی- جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران-، پێشوازیان لێکرا. خانمی ئەشتۆن‌و تیمەکەی لە لایەن ولاتانی ٥+١ مەئموورییەتیان پێ‌دراوە لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە چوار مەسەلە گفتوگۆ بکەن. مەسەلەی ئەتومی‌و مووشەکی، مافی مرۆڤ‌و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاەست. هەروەها جەوهەری ئەسڵی سەفەری ئەو هەیئەتە بۆ ئێران، هەڵسەنگاندی وەزعەکەو ئامادەیی ئێران بۆ ئەنجامدانی بەڵێنەکانی ئیمزای کاتی ڕێککەوتننامەکەی ژنێڤ‌یشە. ئەو دیدارە لە حاڵێک دایە کە، دوای هەڵبژاردنی حەسەن ڕووحانی بە یازدەیەمین سەرکۆمارو گرینگی دان بە کێشەی ١٠ ساڵەی ئەتومی ئێران‌و هەوڵدان بۆ سیاسەتێکی نوێی دەرەوەییە. سیاسەتی دەرەوەیی ئێران لە دەورانی داسەپاندنی سەرکۆماریی ئەحمەدی نێژادو تیمەکەی بە پشتیوانی بەیتی ڕێبەری‌و عەلیی خامنەیی‌و شەپرزەیی وەزعی ئابووری ئێران بەهۆی زۆربوونی گەمارووکان لە سی ساڵی ڕابردوودا لە لایەن ڕۆژئاواوە، ئێرانی بەرەو وەزعێکی ناڵەبار دەبرد. ڕووحانی بەیاوەری محەممەد جەواد زەریف- وەزیری دەرەوە - دەم بەپێکەنین و تا ڕادەیەک ڕیئالیست-، و بە پشتیوانی خامنەیی بە تیزی «نەرمنوێنی پاڵەوانانە» (نرمش قهرمانانه)، ڕێککەوتننامەیەکی مێژویی کاتی لەنێوان ئێران‌و پێنج ولاتی ئەندامی هەمیشەیی شووڕای ئەمنییەت‌و ئالمان لە ٢٤ی نوامبری ٢٠١٣ دا، ئیمزا کرد. ئەوان هەوڵ دەدەن ڕێگاچارەیەکی کەم تێچوو بۆ قەیرانە جیدیەکانی خۆیان ببینەوە. ئەو قەیرانانەی لە دەرەوەو لەنێوخۆ، دەسەڵاتبەدەستانی نابەرپرسی تووشی چەند قۆڵی کردوە. خانمی ئاشتۆن‌و هاوسەفەرەکانی کە لەلایەن زەریف وە بانگهێشتن کراون، دەیانهەوێ لەو هەلە بۆ دانوستاندی بازرگانی‌و ئابووریش کەڵک وەرگرن. بوونی کەسانێک لەنێو ئەو هەئیەتەدا، بەسەپەرستی خانمی ئەشتۆن لەبواری پەرەپێدانی ئابووری یەکەیتیی ئورووپا بەو مەبەستەیە. خانمی ئەشتۆن سالی داهاتوو ئەو بەرپرسیاەتییەی لە یەکەیتیی ئورووپا دا، نامێنێ. بۆیە گەرەکیەتی وێڕای قسەکردن سەبارەت بە نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ کردوەکانی نێوخۆیی‌و دەرەویی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ بدا هەتا ئەو جێیەی ئیمکانی هەیە، بەستێنەکانی پێکهاتنی کاتی سەبارەت بە پرسی ئەتومی لەگەڵ ئێران‌و ولاتانی ٥+١ بە ئاکام بگەیەنێ. هەروەها ئەو هەوڵ دەدا، ڕێگایەک بۆ چاوخشاندنەوە بە زەرفییەتە بەهێزەکان بۆ ڕێخۆش کردنی گرێبەستە لەبیرکراوەکانی هاوکاری بازرگانی‌و هەناردەکردنی نەوت‌و گازی ئێران خۆش بکا؛ هەتا ولاتانی کڕیاری سووتەمەنی ئورووپا لە ڕووسیە کەم نیاز بکا. هاوڕێی پتری ئێران بۆ هەوڵەکانی ئاشتی ئیسرائیل‌و عەرەبەکان‌و هاوسۆزی نیشان دان لەگەڵ هەوڵە ناوچەییەکان بۆ لەنێوبردنی کارەساتە مرۆییەکان کە هۆیەکەی بەردەوامیی شەڕی نێوخۆیی سووریەیە، وەک بەشێک لە چاوەڕوانییەکانی نوێنەری بەرزی یەکێتیی ئورووپا، وەک پێش‌مەرجەکانی پەرەگرتوویی نێوان ئورووپاو ئێران لەسەر میزی ووتووێژەکان بن. جگە لەوانە بە پێی ڕووداوەکانی ئۆکراین‌و کریمەو دەرگیربوونی ڕووسیە لەو دەڤەرە، مەسەلەی سووریەو ئەمنییەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست- کە ئیسلامی سیاسی ئێرانی کاریگەریی دیاری تێیدایە-، دەتوانێ باسێکی نوێ بێ کە لە ئەگەری ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان، ڕەنگدانەوەیەکی پتر لە جارانی لەسەر گفتوگۆکان هەبێ. مەسەلەی پێتاندنی ئورانیوم‌و ئەو شوێنانەی گومانی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمییان لێدەکرێ بەتایبەتی، ئاوی قورسی ئەراک، فۆردۆ و پارچین، نیگەرانی ئەو ولاتانەی ئەشتۆن نوێنەرایەتیان دەکا‌و ولاتانی عەرەب و ئیسرائیلیشیان لەگەڵ بێنێتە بەرباس. چونکە کاربەدەستانی ئێران چوونە نێو گەمەکان‌و وەک پێشوو زۆریان مەودای مانوڕدان‌و کات کڕین نیە. لەوپێوەندییەدا، ئێستا مەسەلەی تەیارکردنی مووشەکە دوورو نزیک هاوێژەکانی سپای پاسداران‌و مەترسییەکانی سپای قودیسش، نیگەرانییەکانی پتر کردوە. بۆیە ڕاسپاردەکانی ولاتی پێنج زیدە یەک، لەم بارەیەوە دەتوانێ باسێکی گرینگی سەفەری ئەو هەبێتە بێ.

مەسەلەی پێشێل کارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، بۆ کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەو ئازادیخوازەکان، زۆر جێی سەرنجە. بۆیە خانمی ئاشتون، لە باڵوێزخانەی ئوتریش لە ڕۆژی ٨ ی مارس دا ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن، چاوی بە٧ کەس لە خانمە چالاکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە تاران کەوتوە. لەنێو ئەوان دا، کە خانمی نێرگس محەممەدی- وتەبێژ و جێگری کۆمەڵی چالاکانی مافی مرۆڤ-، بۆتە هۆی نارەزایەتی بەشێک لە کاربەدەستانی ڕێژیم‌و بەتایبەتی توندئاژۆکان کە خانمی محەممەدی بە «فعال فتنه»، ناو دەبن. خانمی مەرزیەی ئەفخەم- وتەبێژی وزارەتی دەرەوەی ئێران-، ئەوکارەی لە دەرەوەی بەرنامە فەرمییەکان داناو ئیدانەی کرد. ئەو کوتی: ئەوکارە خوێندنەوەیەکی هەڵبژێراوی سیاسیی جیاوازە لە دوو بۆچوونی گرینگی مافی مروڤ دا. ئەو کردەوانە دەبنە هۆی گومانی خەڵکی ئێران لە ڕۆژئاواو یارمەتی بە چوونەپێشی پێوەندییەکانی ئێران و ئورووپا ناکا. بەڵام خانمی ئەشتۆن دەڵێ: دەمویست لەو ڕۆژەدا، ژنانی تێکۆشەر بەبینم کە بزانم وەزعەکە چۆنە. ئەوەش جێی لێوردبوونەوەیە کە پێش دیدار لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی، چاوپێکەوتنی لەگەڵ چالاکوانانی ژن لە ڕۆژی نێونەتەویی خۆیان دا، ئەنجام دا. خانمی ئەشتۆن‌و هاوسەفەرەکانی لەگەڵ حەسەن ڕووحانی- سەرکۆمار-، عەلی لاریجانی- سەرۆکی مەجلیس‌و بەرپرسی دەورەیەک وتووێژکاری هەستەیی- محەممەد جواد زریف- وەزیری دەرەوە-، عەلی شەمخانی- دەبیری شووڕای بەرزی تەناهی نەتەوەیی-، عەلی ئەکبەر ویلایەتی- ڕاوێژکاری کاروباری نێونەتەویی ڕێبەر-، سەعید جەلیلی- نوێنەری ڕێبەر لە شووڕای بەرزی ئەمنییەتی میللی‌و بەرپرسی پێشووی تیمی وتووێژی ئەتومی- چاوپێکەوتنیان ئەنجام دا. ڕۆژنامەی «اعتماد» دەنووسێ: سەفەری وەزیری دەرەوەی یەکێتیی ئورووپا، بەپێچەوانەی توندڕۆکانی نێوخۆو دەرەوەی ئێران لەلایەن ولاتانی ٥+١ بە گرینگ زانراوە. خانمی ئەشتۆن بە ڕووحانی وتوە: ئەو هاتۆتە ئێرانێ هەتا بزانێ قسەکانی ئاغای ڕووحانی لە کنفرانسی داڤووس کردونی، چەندی پێشکەوتن هەبوە. پاشان دەڵێ: من بە پەیامی حوسنینییەتی ٢٨ ولاتی ئورووپایی کە نوێنەریانم هاتوومە خزمەتت. ئەوە یەکەمین فرسەتە کە جگە لە سەفەرەکەی خانمی ئەشتۆن‌و هەیئەتەکەی، پێوەندیی بە نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ لە ئێراندا، ڕاگرتنی ئێعدامە بەربڵاوەکان، ئازادی زیندانییە سیاسییەکان، کەم کردنەوەی پشتیوانیی تاران لە ڕێژیمی بەشار ئەسەدو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی دەوڵەتی گواستنەوە لە سووریەو هاوکاری بۆ سەرخستنی بەڵێنیەکانی نێو ڕێککەوتنەکە دا، بوون

سەفەرەکەی خانمی ئەشتۆن‌و هەیئەتەکەی، پێوەندیی بە نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ لە ئێراندا، ڕاگرتنی ئێعدامە بەربڵاوەکان، ئازادی زیندانییە سیاسییەکان، کەم کردنەوەی پشتیوانیی تاران لە ڕێژیمی بەشار ئەسەدو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی دەوڵەتی گواستنەوە لە سووریەو هاوکاری بۆ سەرخستنی بەڵێنیەکانی نێو ڕێککەوتنەکە دا، بوون

ئێران سەبارەت بە، هەوڵدانەکان لە بواری ڕۆژنامەنووسی، یارمەتی بە پەنابەرانی ئەفغانی‌و بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، قسەم کرد.

بەگشتی سەفەرەکەی خانمی ئەشتۆن‌و هەیئەتەکەی، پێوەندیی بە نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ لە ئێراندا، ڕاگرتنی ئێعدامە بەربڵاوەکان، ئازادی زیندانییە سیاسییەکان، کەم کردنەوەی پشتیوانیی تاران لە ڕژیمی بەشار ئەسەدو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی دەوڵەتی گواستنەوە لە سووریەو هاوکاری نیو ڕێککەوتنەکە دا، بوون.

زانیاریگەلێک سەبارەت بە خانمی کاترین مارگاریت ئەشتۆن. خانمی ئەشتۆن تەمەن ٥٧ ساڵەی دەم بەپێکەنین، لە دایکبووی لانکشایری ئینگلیسەو دوو منداڵی هەیە. ژنی دوویەمی پیتر کلینتر، ٦٧ ساڵەیەو ڕۆژنامەنووسو لێکدەرەوەی سیاسی‌و مودیری ماڵپەڕێکی بەناوبانگی ڕاپرسی ئینگلیس تانە. لە هیچ هەڵبژاردنێک دا، تا ئێستا بەشداری نەکردوە. ئەو چالاکییەکانی خۆی لە دەیەی ٨٠ یانی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر، لە گرووپێکی دژبەری دامالینی چەکە ئۆمییەکان لە ئینگلیستان دەست پێ‌کرد. ئەو ئەندامی حیزبی کرێکارە- کە ئێستا کەمێنەیە-. بە پشتیوانی ئەو حیزبە عینوانی بارۆنس(نوێنەری هەرەبەرز)ی لە لایەن مەلەکەی ئینگلیسەوە پێ‌دراوە. لە ساڵی ٢٠٠٩ جێی خاوەر سۆلانای گرتەوە. ئەشتون لە وڵاتەکەی خۆشی دا، زۆر ناسراو نەبوو. لە کاتی سەرۆک وەزیری تونی بلێر دا، جێگری وەزیر بوو. ئەو ژنە سیاسەتمەدارە مووچەکەی پتر لە نیو میلیون دۆلارە. شکڵ گرتنی «بەهاری عەرەبی» لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١ دا، گەمارۆکانی یەک لایەنەی ئەمریکا و ئورووپا دژی ئێران لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ و بەدوای ئەودا، وتووێژە یەک لەداوی یەکەکان لەگەڵ تاران و بێ ئاکام بوونیان. سەردان لە محەممەد مورسی- سەرکۆماری پێشووی میسر- دوای لادرانی لەدەسەڵات لە شوێنێکی نهێنی و بۆ دڵنیا بوون لە لەشساغی ئەو و هەروەها بەڕیوانی سەرکەتووی مانگی ئاوریلی ساڵی ٢٠١٣ی نێوان سێربستان و و کۆسۆڤۆ- کۆمارە پێشووەکانی یۆگۆسلاوی-، ئەو هەوڵانە بوون بۆ دەرکەوتنی خانمی کاترین ئەشتۆن وەک سیمایەکی نێونەتەویی. لوتکەی کاری ئەو خانمە، بەربژار کرانی بۆ وەرگرتنی پێدانی خەڵاتی نۆبێلە، کە لەلایەن ژمارەیەک لە نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمریکا ئەنجام درا. لەوانەیە ئیمزای ڕێککەوتنی کاتی ٢٤ ی نوامبری گرووپی ٥+١ لەگەڵ ئێران کاریگەریی بۆ ئەو کاندیدا کردنە بوو بێ.

. سەرچاوەکان: ماڵپەڕەکانی بی بی سی، ڕادیو فەردا، ئێران پریس نیوز، ویکی پێدیا

ئایا کریمە، جیهان بەرەو گرژی زیاتر دەبا؟

تەهای ڕەحیمی

درێژەی شەڕی جەمسەرە ئایدیۆلۆژییەکان لە ئاستی جیهان‌داو، شۆڕبوونەوەی ئەم ئایدیایە بۆ هەزرو بیری تاکەکانی کۆمەڵەی مرۆڤەکان لە ناوچەو، وڵاتە جیاوازەکان‌دا، جیهانی کردوە بە دوو بەرەو یان زیاتر لە چەند بەرە؛ کە دەگەڵ گرژبوونەوەی تەنگەژەو ململانێی زلهێزەکان لەسەر ئاستی جیهان، لکو پۆپەکانیان‌و یان باشتر بڵێین وڵات و دەسەڵاتەکانی سەر بە بەرەکانیش کێشەکانیان قوولتر دەبێتەوە.

ڕووداوە خێراکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو زیاتر لە جاران‌و وەک سەردەمی شەڕی هێژمونی ئیمپریالیزم‌و کۆمۆنیزم خۆ دەنوێنن. لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە ڕووداوێک یان پرسێک لە ئارادا هەبێ، بێگومان جێپەنجەی زلهێزەکانی جیهانیشی لێ دیارەو کەمتر کێشە، لەم گۆی زەوی‌یەدا بەدی دەکرێ کە مرۆڤی خاوەن پرس، خۆی دەستی لە چارەسەری‌و بەدی‌هێنانی دابێ. ڕەنگە ئەم کێشەو ئاڕێشانە لەبنەڕەتدا بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاکامی هەڵەی چەندین جارەی ئەو دەسەڵاتانە بن کە ماوەیەکە بەبێ دڵو خواستی خاوەن خاکو کەوشەنەکان، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان گۆڕان بەسەر جوگرافیای جیهان‌دا دێنن. ئەگەرچی لە پاش ساڵی ١٩٩١دوە بەدوا کێشەو تەنگەژەکانی زلهێزەکانی جیهان لە سەرووشیانەوە ئەمریکاو ڕووسیە هێند گرژ نەبووەتەوە کە جیهان بخەنە بەرمەترسی پێکدادانێکی قورسەوە بەڵام سەرەتاکانی دەیەی دووەمی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست‌و یەکەم، بەهۆی چەندین هۆکاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی و ..... هتد لەوە ناچێ مێژوویەکی هێمن‌و لەسەرەخۆ بۆ جیهانی نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکەن.

پرسەکانی دابەشبوونی گورجستان‌و لاساریی ڕووسیە بەهۆی جیاکردنەوەی دوو هەرێمی ئابخازیاو ئۆستیا لەو وڵاتە، سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ، دامەزراندنی قەڵغانی مووشەکی ئەمریکا لە لێوارەکانی ئورووپا و نزیک سنوورەکانی ڕووسیە، بەرنامەی ناوکی‌و موشەکی کۆرەی باکوورو کۆماری ئیسلامی‌و بگرە ناکۆکی بەرەی ڕۆژاواو ڕووسیەو چین و ئێران‌و... لەسەر دیاردەی جیهانی عەرەبی، واتا ئەو شۆڕشە سیاسی_کۆمەڵایەتی‌یەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی گرتەوەو بوو بە هۆی گۆڕینی سیستەمەکانیان، سەرەڕای درێژکێشانیان، هێندەی شۆڕشی مەیدانی سەربەخۆیی (استقلال) کیبەڤ جیهانی نەشڵەقاند و ئەوە دوو بەرەی ڕۆژاواو ڕۆژهەڵاتی لەگڵ یەکتر ڕوا نەکردبوو. سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی کە زیاتر دەکرێ بڵێین وڵاتانی نزیک لە بەرەی ڕۆژهەڵاتی کردە ئامانج؛ ململانێی و کەلێنی نێوان ئەمریکاو ڕووسیە لە لایەکو لایەنگرانی سەر بە ئەم بەرانەی لە ناوچەکەدا لە لایەکی دیکە زیاتر کردو دەگەڵ ڕووداوەکانی ئۆکراین لەوە دەچێ بەرەو شپرزی بباو ڕەوتی ڕووداوەکان بەگوێرەی هەڵسوکەوتی ئەم ماوەیەی دوایی ڕووسیە کاریگەریی لەسەر پرسە هەڵاوەسراوەکانی پێشووش بە جیددی هەبێ.

ئەگەرچی ئەمریکاو ڕۆژاواو زۆر جاران هەوڵیان داوە لەڕێگەی دیپلۆماسی‌و دانوستانەوە کێشەکانی نێوانیان دەگەڵ بەرەی بەرانبەر چارەسەر بکەن‌و هەروەها یەکلا بوونەوەی کێشەو ئاڕێشەکان

لە ئاستی جیهان‌و ناوچەیی و ... بە پاشەکشەو شکستی لایەنێکو سەرکەوتنی لایەنێک ئەژمار نەکەن. دەگەڵ ئەوەش‌دا وێڕای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خۆیان لەسەر بەربەرین‌کردنەوەی پانتایی

ل ٨

پەرەگرتنی توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێراندا

عومەر باڵەکی

کۆمەڵگەی ئینسانی لەسەر ئەساسی نەزمێک ئیدارە دەکرێ کە بەهۆی نۆرمو بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێک دەخرێ. بەها کۆمەڵایەتییەکان وێنەو شێوەکانی دیاری کردنی هەڵسو کەوتی مرۆڤەکانن لە ئۆلوگۆکانو کردەوەی کارلێکەکر لە بەرامبەر یەکتریدا کە پێرەوکردنی ئەوانە دەبێتە هۆی پێکهێنانی هاوسەنگیو نەزم لە کۆمەڵگەدا. هەرتاکێک ئەو نۆرمو بەها کۆمەڵایەتییانە توانای ڕێکخستنی خۆیان لە کۆمەڵگە لەدەستداو تاکەکان بەرامبەر بە بوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان بێ‌ئایەن بوون، سروشتییە کۆمەڵگە تووشی هەڵومەرجێکی ئالۆزی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی ببێ. یا ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە باس لەو مەسەلەیە بکەین دەبێ تووێژینەوە لە سەرخودی مرۆڤ بکەینو ئەو کات باشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاڵۆزییەکانی نێو کۆمەڵگە زۆر جاران دەبنە هۆی پێکهێنانی فەزایەکی توندوتیژی کۆمەڵگە زیانێکی زۆری بەر دەکەوێ.

مرۆڤ لە زاتی خۆیدا بوونەوەرێکی بەتەماحەو ئارەزووەکانی قەت لەبن نایەن، بەڵام لە هەمان حاڵدا مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو لە کۆمەڵدا دەژی‌و کۆمەڵ بۆ ئەوەی بەرێکو پێکی بژی پێویستی بە ڕێکخستن هەیەو ڕێکخستنی کۆمەڵگە پێویستی بە هێندێک ڕێکخەر هەیە کە بتوانێ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک بخاو ئەوە هێزە ڕێکخەرە کە هەمان دەوڵەتی سەردەمی ئێمەیە کە لەلایەن خودی کۆمەڵگەوە دەسەلاتی پێ‌دەدرێ، ئەو هێزە ڕێکخەرە مزگێنی ژیانێکی مام ناوەندیو ئاسوودە بە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە دەدا بەڵام لە کردەوەدا دەبینین بە درێژایی مێژوو ئەو بەڵێنە نەهاتوتە دی چونکە کەرەسەی دەست ڕاگەیشتن بەو ئامانجە کە دروستکردنی ژیانێکی لەبارو دادپەروەرانە لە کۆمەڵگادا بێ بە شێوەی یەکسان ناگاتە دەست هەموو لایەکو ئەوە دەتوانێ دەسپێکی دروستبوونی ئائارامیو پەشێوی بێت لە کۆمەڵگەداو کاتێک ئەوە زیاتر خۆی دەردەخا کە ڕێکخەری کۆمەڵگە هەمان دەوڵەت بە بیانووی جۆراوجۆرو داسەپاندنی بیرو هزری خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا خۆی لە ئەرکەکەی بدزێتەوەو تەنانەت خەڵکی لەسەرەتایی‌ترین مافەکانی ژیان بێ‌بەش بکا کە کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو دەسەلاتانەیە کە نەک نەی‌توانیوە کەرەسەی ئارامیو ئاسایشی ژیان بۆ تاکی کۆمەڵگەی ئێران دەستەبەر بکا، بەڵکوو بە زۆری چەکو ئیعدامو زیندان هەوڵی داوە ئەو فەرهەنگە کە خۆی باوەڕی پێیەتی بەسەر خەڵکدا فەرز بکاو ئەوە لە نێوان پێداویستی و نیازەکانی خەڵک لەلایەکو ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە ئاڵۆزی‌و شێواوی لە کۆمەڵگەدا دروست دەکا.

دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ەو ڕووخانی نیزامی پاشایەتی‌و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ ئاڵۆگۆڕێکی ساختاری گەورە بەرەوڕوو بوو کە بەرهەمی ئەو شۆڕشە ئاڵوگۆڕێکی بەربەرینی فەرهەنگی‌و ئایدۆلۆژی لە چوارچێوەی گشتی‌و ناوەندی کراری دەوڵەت‌و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە پێکهێناو ئەو ئاڵوگۆڕە بەربەرینە تێکەل بوو لەگەڵ شەڕی ئێران‌و عێراق کە فەرهەنگی «جنگ، جنگ تا پیروزی» پەرە پێدەداو ئەبوونی بەرنامەیەکی توکمە بۆ زیاتربوونی حەشیمەت‌و زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە کە سیاسەتی خارجی «صدور انقلاب» تووشی ئێران‌و خەڵکانی ئێرانی کرد، فەزای کۆمەڵگەی ئێرانی بە تەواوی گۆڕی‌و هەر لەو سەردەمە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ڕادەیەک خێرا بووە کە جاری وایە جێگەی باوەڕ نیە. ئینقلابی پێوەندی‌و ئێرتباتات بەهۆی سەتەلایت‌و ئینتێرنێت بە شێوەیەکی خێراو چاوەڕوان نەکراو سنووری هەموو وڵاتانی بەری‌و ئێرانیش لە شەپۆلەکانی ئەو ئینقلابە ئێرتباتاتیە بێ‌بەش نەبووە. دەسەلاتدارانی ئێران لەگەڵ دروست کردنی هەموو کەندو کۆسپێک، ناتوانن و نەیانتوانیوە پێش بەو شەپۆلە تکنۆلۆژی‌و زانستیانە بگرن‌و کاتێک فەرهەنگی غەرب‌و دنیای پێشکەوتی سەنعەتی دەگاتە ئێران لەگەڵ فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی کە ماوەی ٣٥ ساڵە کاری بۆ دەکا تووشی تێکهەڵچوون‌و ناتەبایی دەبەن‌و کۆمەڵگەی ئێران بۆ قۆناخێکی باش سەری لێ‌دەشێوێ و تووشی شێواوی فەرهەنگی دەبێ‌و هەر ئەوە دەبێتە پەکێک لە هۆکارەکانی تێکهەڵچوونی ڕۆژانەی خەڵک لەسەر شەقامەکان.

ڕۆژانە لە هەواڵەکاندا دەبیستین کە ڕادەی کردەوەی توندوتیژی‌و شەڕی سەرشەقامەکان لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوو لە زیادبوونە. بەپێی ڕاپۆرتێک کە بەرپرسانی «سازمان پزشکی قانوونی» ئێران لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٢دا بڵاویان کردۆتەوە، ١٦٥ هەزارو ٣٦٥ شەڕو پێکهەڵپژان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوویان داوەو ئەوە بە بەراورد لەگەڵ ئاماری ساڵی پێشتر هەر لەو سێ مانگەدا بە ڕادەی ٦١٧ هەزارو ٣٥٨ پەروەندەی شەڕو تێکهەڵچوونی سەرشەقام زیادی کردوە. ئەوە تەنیا باس لەو پەروەندانەیە کە لە کاتی بریندارباوون‌و کوژراندا ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن کراون. بەڵام لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو ڕادەیە بە چەند بەرابەرێک زیاترە لەو ڕادەیە کە وەک ئامار باسی لێ‌کراوە چونکە بەشێکی بەرچاو لەو تێکهەڵچوون‌و شەڕوپێکدادانانە ڕێگەیان ناکەوێتە نەخۆشخانەو مەحکەمەو دادگاو ڕێگەی سولحی بنەماڵەیی‌و عەشایری چارەسەری کێشەکان دەکرێن.

زانایانی بواری کۆمەڵناسی لە لێکۆڵینەوەو نوسینی خۆیاندا سەبارەت بە توندوتیژی سەر شەقامەکان دەگەنە ئەو ئەنجامانە کە خەڵک بە هۆکاری جۆراوجۆری ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی تووشی دڵەڕاوکێ‌و تووڕەیی دەروونی دەبن.

پایەو بناخەی فکری جیایەت لە دژایەتی‌و کێبەرکێی نێوان دوو ئامانجی جیاوازدا پەیدا دەبێ واتە بریتیە لە یاری‌و دەستوپەنجە نەرمکردنی دوو هێزی دژ بە یەک کە ئەنجامەکەی دەبێتە جیایەت.

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە لەسەر هۆکاری شێواویی کۆمەڵگەی ئێران دەتوانین چەند نموونەیەک لە دەیان نموونە لێرە باس بکەین کە لە کومەڵگای ئێراندا لە ئێستادا دەبنە هۆی پەرەگرتنی توندوتیژی‌و شەڕو تێکهەڵچوونی سەرشەقامەکان.

نمونەکان:

_ بەجێمانی ئاسەواری شەڕی ئێران _ عێراق لە بواری ڕەوانی‌و ئابووری‌و جەستەییەوە کە هەر کام لەو سێ بوارە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە ژیانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا. هەموان باش دەزانین کە شەڕی ٨ساڵەی ئێران _ عێراق چ ئاسەوارێکی کاولکاری‌و ماڵوێرانی لە دوای خۆی بەجێ هێشتوە. بە هەزاران کەس بوونە قوربانی‌و نەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان‌و بە هەزاران ژن هاوسەریان لەدەست دا، بە هەزاران منداڵ بێسەرپەرست بوون، بە هەزاران کەس کەمئەندام‌و نقوستان بوون کە هەموو ئەوانە لە ساڵانی دوای شەڕدا لە بواری ڕوحی‌و ئابووریەوە ئاسەواریان لە کۆمەڵگای ئێراندا دەرکەوت.

_ کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵەکانی ٦٢و٦٧ کە هەزاران کەس بە تاوانی جیابیری ئیعدام کران‌و تیرۆرو پاکسازی نێو دەزگای حاکمە لە لایان خودی دەسەلاتدارانەوە.

_ پەرەپیدانی فەرهەنگی ئیعدام لە سەر شەقامەکان بە مەبەستی چاوترساندنی خەڵک، بەڵام ئیستا وا بۆتە شتێکی عادی کە خەڵک تەنیا بۆ سەیر کردن‌و کات تێپەرکردن دەچنە سەیری ئیعدامەکان‌و ئەو ئیعدامانە نەک پێشگیری نەکردوە لە زیاد بوونی تاوان، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر تاوان‌و تاوانکاری پەرە دەستێنێ.

_ گیروگرفتی ئابووری بە هەموو لۆ پۆیەکانیەوە وەک گرانی، بێکاری‌و چەند کارەیی بۆ دابینکردنی خەرج‌و تێچووی ژیانی ڕۆژانە کە بەهۆی سیاسەتی ناتەندروستی دەرکی «خاریجی» دەوڵەتەوە تووشی کۆمەڵگای ئێران بووە.

_ دەست تێوەردانی بێ‌جێ لە ژیانی تایبەتی تاکەکان لەلایان دەسەلاتەوەو بەرتەسک کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ بە بیانووی پروپووچ وەک «تەهاجومی فەرهەنگی».

_ ئاڵودەبوون بە مادە سڕکەرەکەن‌و پەرەگرتنیان بە شێوەیەک کە کەم بنەماڵە هەیە کەسێکی خۆی یا خزمی نزیکی تووشی ئەو نەخۆشییە ماڵوێرانکەرە نەبووبێ‌و تەنانەت بە قسەی خودی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانەکان‌دا ئاسانترەدست دەکەوێ هەتا دەرەوەی زیندان.

_ کاغەز بازی‌و فەسادی ئیداری ئەوەندە زیادی کردوە کە بێ دانی بەرتیل یا وەرگرتنی بەرتیل کار لە ئیداراتی دەوڵەتی دا ناچێ‌بەڕێوە.

ئەوانەو دەیان نموونەی دیکە دەتوانن هۆکار بن بۆ هەڵچوونی دەروونی و پەرەگرتنی توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگادا. هەرکام لەو نموونانەی باسمان کردن ئاسەواری ڕەوانی‌و ئابووری لە دوای خۆیان بە جێ‌دێڵن کە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر فەرهەنگی پێکەوە ژیان‌و یەکتر تەحەمول کردن بۆ دروست بوون‌و بایخ دان بەو نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن نەزم بە کۆمەڵگا ببەخشن.

هەروەک لە سەرەتادا باسمان کرد ئەگەر ئەو نۆرمو بەها کۆمەڵایەتییانە لەلایان ڕێکخەری کۆمەڵگاوە کە هەمان دەوڵەتە بایخی پێ‌نەدرێ‌و ئەو نەزمە کە لە کۆمەڵگا بۆ گەشەکردن‌و مانەوەی خۆی پێویستی پێیەتی دانەمەزرێ، کۆمەڵگا بەرەو ئەو شێواوییە دەڕوا کە کۆمەڵگای ئێستای ئێران پێی‌دا دەڕەوێ.

مرۆڤ لە زاتی خۆیدا بوونەوەرێکی بەتەماحەو ئارەزووەکانی قەت لەبن نایەن، بەڵام لە هەمان حاڵدا مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو لە کۆمەڵدا دەژی‌و کۆمەڵ بۆ ئەوەی بەرێکو پێکی بژی پێویستی بە ڕێکخستن هەیەو ڕێکخستنی کۆمەڵگە پێویستی بە هێندێک ڕێکخەر هەیە کە بتوانێ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک بخاو ئەوە هێزە ڕێکخەرە کە هەمان دەوڵەتی سەردەمی ئێمەیە کە لەلایەن خودی کۆمەڵگەوە دەسەلاتی پێ‌دەدرێ،

ئەمریکاو ڕۆژاوا نیگەرانی خۆیان لەم هەڵسوکەوتەی ڕووسیە نەشاردۆتەوەو هەر کام دژایەتی خۆیان دەربڕیوە. چارەنووسی ناداری کێشەو پرسە هەڵاواسرەکانی جیهان هەرچی زیاتر لێڵو ناڕوونتر دەنوێنن‌و گەمەی سیاسی زڵهێزەکان لە پێناو ئیمتیازی زیاتر لەم کێشە و ئاڕێشانەدا وێناچێ ئاسۆیەکی ڕوون بەدەبێنن.

دریژەی:

ئایا کریمە جیهان بەرەو گرژی زیاتر دەبا؟

دیمۆکراسی لە جیهان داو بەتایبەت گۆڕینی سیستمی ئەو دەسەلاتانەی لەسەر ڕەوتی پێشوو و سیستمی ملهوڕی هەنگاو دەنێن، نەسلەمێنێتەوە. بۆ وێنە پێوەرەکانی یەکیەتیی ئوروپاو بۆ وەرگرتنی ئەندامان، وێڕای پێکانی ئامانجو مەبەستی دیکە، خۆی لە خۆیدا هەوڵو تێکۆشانە بۆ پەرەپێدانی دیمۆکراسی‌و جێگیرکردنی قانوون لە دەوروبەری ئەم وشکاوڕۆیەدا.

ناکۆکی ئەم لایەنانە لەسەر چارەسەری قەیرانەکان لە ئاستی جیهانی‌و ناوچەیی‌دا، قەیرانەکانی لە قەبارەی خۆیان بڕدوەتە دەرو قەیرانێکی وەک سووریە کە ئەمە سێ ساڵی تێپەڕاندو لە چوارەمین ساڵی خۆی دایە، یەکێکە لەم پرسانەی ئەم دوو بەرەیە سەرەڕای هەموو هەوڵو تێکۆشانەکان هیچ چارەسەرییەکی جیددی‌یان بۆ بەدی نەکردوەو لایەنەکان سەرەڕای خۆلقانی کارەساتو قەیرانی مرۆیی لە جەمسەری ژیئۆپۆلتیکی ڕۆژهەلاتی ناڤین، هیچ کام لە ئاستی داخوازی‌و داواکانی خۆیان دانەبەزین‌و هێشتاش بەردەوامەو ڕۆژانە گیانی مرۆڤ لەپێناو لوتبەرزی‌و بەرژەوەندی چاوچنۆکی خۆی‌دا لەخوێن دەگەوزێ.

دەگەڵ هەڵواسراویی ئەم قەیرانەو وردە قەیرانەکانی دیکەی وەک بەرنامەی ناوکی ئێران‌و پرسی فەلەستین و ....، لە پاڵ سنوورەکانی هێمای بەرەی ڕۆژهەڵات‌و میراتگری بلۆکی جیهانی کۆمۆنیزم ڕووسیە جیهان شایەدی ئەم ڕووداوە گرنگەی ئۆکراین بوو، کە دەکرێ بڵێین زیاتر لە هەموو ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کاریگەریی لە سەر داهاتووی پێوەندیی ئەم دوو بەرەیە لەسەر ئاستی جیهان هەبوو و دەبێ‌و، تەنانەت تاراددەیەک یەکلاکەرەوەیە بۆ بەچۆک داهاتن و پاشەکشەی یەکێک لە لایەنەکان‌و چەقینی ئایدیای لایەنێکی دیکە لە خاکو بەستێنێکی وشکدا. ئۆکراینی یانکڤیچی سەر بە ڕووسیە، سەرەڕای بەرین بوونی پانتایی خاکی و سنوورێک لەنێوان ڕووسیەو ئوروپا، هێمای هێژمۆنی پۆتین بوو بەسەر یەکە فیدراڵەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤییەت. هەر بۆیە لەدەست چوونی ئەم وڵاتە کە بە دوویەمین وڵاتی گەورەی یەکیەتیی ئوروپا دەژمێردرێ‌و دوومین سوپای بەهێزی سنووری ئوروپای هەیە، زبرێکی قوورسە بۆ سەر ڕووسیە.

بەگشتی هەلسوکەوتی ڕووسیە لە ئاست ڕووداوەکانی ئۆکراین‌و داگیرکردنی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کریمەو ترسی داگیرکردنی ڕۆژهەلاتی ئۆکراین بووە بۆ مۆتەکەی بیرو هزری وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ئوروپاو بەتایبەت وڵاتانی باڵتیکو ئەو وڵاتانەی مێژوویەکی تاڵو بیرەوەری ناخۆشیان لە یەکیەتی سۆڤییەت هەیە. پوتین بەبێ گوێدان بە داخوازی جیهانی لەسەر چۆل کردنی کریمەو بە فەرمی نەناسینی ڕاپرسی کریمە، لە هەوڵی بەرفراوان کردنەوەی ڕووبەری ڕووسیەدایە. پڕۆپاگەندەی بەر لە ڕۆژی ڕاپرسی کریمە بۆ لکان بە ڕووسیەوەو مۆڵدانی هێزەکانی پوتین لەپشت سنوورەکانی ئۆکراین هێندەی دیکە ترسی خستوتە دڵی ئەو وڵاتە ئوروپاییانە کە کەمینەیەکی ڕووسی لە خاکەکەیان‌دا بوونی هەیە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکانی ڕووسیە ڕاپرسی ڕۆژی ١٦ی مارس لەسەر لکانی کریمە بە ڕووسیەوە بە سەرکەوتوویی‌و بەشداری بەرینی خەڵک بەڕێوەچوو. ئەم ڕاپرسییە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییو ئۆکراین‌و تاتارو کەمینەی ئۆکراینی نیشتەجێی دورگەی کریمە بایکۆت کرابو و کومەڵەی نەتەوەکانیش ڕایگەیاندوە بەفەرمی ناناسن. دەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکاو ڕۆژاوا نیگەرانی خۆیان لە هەڵسوکەوتەی ڕووسیە نەشاردۆتەوەو هەر کام دژایەتی خۆیان دەربڕیوە. چارەنووسی ناداری کێشەو پرسە هەڵاواسرەکانی جیهان هەرچی زیاتر لێڵو ناڕوونتر دەنوێنن‌و گەمەی سیاسی زڵهێزەکان لەپێناو ئیمتیازی زیاتر لەم کێشە و ئاڕێشانەدا وێناچێ ئاسۆیەکی ڕوون بەدەبێنن. ئایا پوتین سووریە دەکاتە قوربانی ئۆکراین‌و کریمە، یان ئۆکراین کریمە بیانوویەکن بۆ کێڕینی کات و وەرگرتنی ئیمتیاز لە بەرەی ڕۆژاوادا لە کێشەکانی دیکەی نێوانیان. هەرچییەک بێ، نە ڕووسیەو نەک ئەمریکاش زەبرێکی ئەوتۆ نابینن، جگە لە بەدەستهێنان‌و لەدەستدانی کۆمەڵە ئیمتیازێک، بەڵکوو ئەوە تەنیا تۆلیرانس‌و پێکەوەژیانی خەڵکی ئەم ناوچانەیە کە دەبێتە قوربانی زێدەخوازیی زڵهێزەکان.

بۆمبارانی پیرانشار لە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٦٣دا، زامێکی ساڕێژ نەبوو

مستەفا مەعروفی

سەعات ٣ی چارەگی پاش نیوەڕۆ بوو. بەقەد نووشتووپەک هەورت بە ئاسمانیەوە نەدەدی. لەپڕ هاڕەی فڕۆکان تەشقی بێدنگی ئاسمانیی شکاند. جموجۆڵ لە نێو خەڵکیدا پەیدا بوو. دەنگی داخرانی دەرابەی دووکانەکان لە هەر لایەک دەبیسرا، تا دەهات هەنگاوەکان بەرەو ماڵی توندتر دەبوون. بۆ هیچ کەس جێی شکو گومان نەبوو ئەوانە دەبێ فڕۆکەی شەڕیی ڕێژیمی بەعسی عێراق بن. لەو ڕۆژانەدا باو بوو دەوڵەتی عێراق و ئێران شەڕێکی پیسیان لە دژی هاونیشتمانانی بێدیفاعی یەکتر وەڕێ خستبوو. هەردوولا شارەکانی یەکتریان کردبووە ئامانجی هێرشی فڕۆکەو مووشەکەکانیان. سەیر ئەوە بوو دەوڵەتی عێراق ناوی ئەو شارانەی ڕادەگەیاند کە قەرار بوو بۆمبارانیان بکا. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ناوی «پیرانشار»هاتبوو، زۆر کەس پێی وابوو مەبەست «ئێرانشار»ە. هەر کە دەنگی فڕۆکەکان هات، شکو گومانەکان ڕەوینەوەو ترسەکە وەڕاست گەڕا. هەموو نیشانەکان دەریان دەخست کارەساتێکی گەورە بەڕێوەیە.

زۆری نەبرد دەنگی لوورەی فڕۆکەکانو شریخەو گرمەی بۆمبەکان هەموو جێیەکی تەنیەوە؛ خرمەی شووشەی دەرگاو پەنجەران، شریقەی بانی خانووە شیروانییەکان، قیژەو هاواری ژنو منداڵ لە هەموو لایەک دەبیسرا، دەنگی فڕۆکەکان پسانەوەیان بۆ نەبوو و پەیتا پەیتا بۆمبو ڕاکێت هەڵدەدەرین. دووکەڵو تەمتومان بەری ئاسمانیی گرتبوو. کەمتر لە سەعاتێکی خایاند، ئینجا بێدەنگی زاڵ بۆوە.

بەر لەوەی شەو دابێ، لە ترسی ڕۆژی دواترو دووبارەبوونەوەی بۆمبارانەکان، ئاپۆرای خەڵک ڕوویان کردە دێهاتی دەوروبەرو شاری نەغەدەو شنۆ. بەشێک لە خەڵک خەریکی هەڵگرتنەوەی جەنازەکانو پێڕاگەیشتن بە بریندارەکان بوون. بەشێکیان خەریکی هەڵدانەوەو پشکنینی داروپەردووی تیکڕماوی ماڵەکان بوون. کەمتر ئامبولانست وەبەرچاو دەکەوت، بەڵام ماشێنە بارییەکان جێگای بەتاڵی ئامبولانسەکانیان تا ڕادەیەک پڕ کردبۆوە. ئەگەر بە نێو شاریدا ڕۆیشتبای توانای سەیرکردنی شوێنە بۆمباران کراوەکانت هەبووایە،لایەنەکانی کارەساتەکەت زیاتر بۆ دەردەکەوت. دەبا دیمەنە جەرگبڕو دڵتەزێنەکانی ئەو ڕووداوە هەر لە میشکو زەینی ئەوانەدا بمێنێتەوە کە ئەو «جومعە» ڕەشەیان بە چاوی خۆیان دی.

لە شەڕی نێوان دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کوشتارو ماڵوێرانی تاقە بەرهەمی خەڵکی کوردستانە، لەوەشدا خەڵکی پیرانشار نەی زانی بەرهەمەکەی چەند بووە! هەر کەسەو بە برینی خۆی دەزانی، بەڵام بۆ خەڵکی بە تەواوی ڕوون نەبۆوە قووڵایی برینی شارەکە چەندە. ئی وایە باسی ٤٠٠- ٥٠٠ شەهیدو بریندار دەکا، ئی وایە باسی ٢٠٠ کەس دەکا. ٢٠٠ یان ٤٠٠ تەنیا ئامارەو کەمتر یان زیاتر، لە قووڵایی کارەساتەکە کەم ناکاتەوە. ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی ئەم ڕووداوە لەستوی حکوومەت یان ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە کە لە ئێراندا، لانیکەم لە کوردستان، ئیزنی تێکۆشانی پێ نادرێ. ڕێژیم دەتوانی بزانی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن لەم شارە یان هەموو شارەکانی کوردستان کێنو چەندن، بەڵام نەویستوە بزانی ژمارەی ئەو خەڵکەی بە هۆی شەڕێک کە دەوڵەتی عێراق هەڵیگیرساندو بۆخۆشی ٨ ساڵ درێژەی پێدا، چەندن. لەو ڕووداوانەدا کە کار دەگاتە ئاست کوردستان بێمەسئوولیەتیەکەو پشتگوێ خستنەکە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

٢٩ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە تاڵەدا تێدەپەڕێ. بۆ کەس ڕوون نەبۆوە ڕێژیمی بەعسی عێراق بۆچی ئەم تاڵاوەی بە گەرووی خەڵکی پیرانشاردا کرد؟ لە شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ ئێراندا بۆمباران شارەکان، بە تایبەتی شارە کوردنشینەکان وەک سەردەشت، بانە مەهاباد، سەرپیل، قەسری شیرینو... چ خێرێکی بۆ ئەو تێدابوو؟ چ زیانێکی بە کۆماری ئیسلامی دەگەیاند؟ پیرانشار سێ پادگان (معسکر)ی گەورەی لێن: پادگانەکانی ناسراو بە پیرانشار کە لە قەراغ شارە، پەسوێو جەڵدیان. بە دەیان بنکەو بارەگای نیزامی لە ناوچەی پیرانشار هەبوون. لەو ڕۆژەدا مەسەلەن بۆمب لە نیوەڕاستی شار وەنیوەڕاستی بلواری ئازادی کەوتبوو بەڵام تاقە یەک بۆمب وە هیچکام لەو پادگانانە نەکەوت! تەنیا ئەو بەشە لە هێزە نیزامییەکانی ئێران

ئامانجی سەرەکی لەم بۆمبارانەدا کوشتنی خەڵکی بێدیفاع بوو، هەردوولا لەو ئامانجەدا لە پێشبڕکێ دابوون. لەو پێشبڕکێیەدا ئەوەندە چوونە پێش کار گەیشتە بۆمبارانو مووشەکبارانی پایتەختەکانی یەکتر. بەڵام باری قورسی ئەم خەسارە گیانیو ماڵییە لەسەر شانی کورد لە نێوان سنووری ئەم دوو دەوڵەتەدا بوو

وەبەر کەوتن کە پێگەکانیان لە کوردستان دەخزێنێنە نێو خەڵکی مەدەنیەوە تاکوو بۆ سەرکوتی خەڵک بەکاریان بێنن. لە لایەکی دیکەش لەو هێرشە ئاسمانیە خەستەدا، لەسەر ٣ پادگانارا تاقە یەک فڕۆکەش نەکەوتە خوارەوە. بۆمبارانەکە بۆسەر پردێک یان ڕێگایەکی ستراتیژیی دەوڵەتی ئێرانیش نەبوو. کارگەو ناوەندێکی سەنعەتییش نەبوو کە زەبر لە توانای ئابووریی ئێران بدرێ. ئامانجی سەرەکی لەم بۆمبارانەدا کوشتنی خەڵکی بێدیفاع بوو، هەردوولا لەو ئامانجەدا لە پێشبڕکێ دابوون. لەو پێشبڕکێیەدا ئەوەندە چوونە پێش کار گەیشتە بۆمبارانو مووشەکبارانی پایتەختەکانی یەکتر. بەڵام باری قورسی ئەم خەسارە گیانیو ماڵییە لەسەر شانی کورد لە نێوان سنووری ئەم دوو دەوڵەتەدا بوو. دوای تەواوبوونی شەڕیش ئینجا هەردوو دەوڵەت لە جیاتی پێڕاگەیشتن بە کوردستانی وێرانکراو، هێزەکانیان بۆ سەرکوتی کوردی وڵاتی خۆیان چڕ کردەوە. وەک بە درێژایی مێژوو سەلماوە، لەو شەڕانەدا کە لەسەر خاکی کوردستان دەکرێن، نە لەکاتی ئاشتی دا کورد ئاشتی دەیگرێتەوە، نە ئەگەر دەسکەوتێکیش هەبێ، کورد بەشێکی بەر نادەوێ.

هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ڕووداوی ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٦٣ لە پیرانشار، چۆنیەتیی پێڕاگەیشتن بە قوربانیانی کارەساتەکە، بە وێرانییەکانی شار، بە کەسوکاری شەهیدەکانو بە بریندارەکان، بێدەنگیو خۆگێلکردنی حکوومەت لە ئاست ئەو کارەساتەدا لە دوای ڕووداوەکە، لایەنێکی تاڵی دیکەی ئەم ڕووداوەیە.

لەم ساڵانەی دوایی‌دا چالاکانی بواری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیی شاری پیرانشار یادی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەکەنەوە، هەرچەند ناتوانن باس لە هۆیە سیاسییەکانی بکەن، بەڵام قورساییان خستۆتە سەر بواری ئەدەبیو لەم ڕیگەیەوە ڕێز لە یادوبیرەوەریی قوربانیانی ئەو کارەساتە دەگرنو نیشانی دەدەن کە یادو بیرەوەریی هاوشارو دراوسێکانیان لە وێژدانی ئەواندا زیندوویە.

نەورۆز، لە سروشتەوە بۆ پانتایی سیاسەت

ئەیوب شەهابی راد

بەر لە هەر هێما یان نیشانەیەک، گۆرانی وەرز، ژیانەوەی دووبارەی سروشتو هاتنی بەهار لە ئاماژە نەگۆڕو سروشتییەکانی سەری ساڵی کوردین کە بە جێژنی نەورۆز پێناسە کراوە. کوردیش بەپێی مێژوو و شارستانییەتی خۆی خاوەنی گەلێک کلتووری تایبەت بەخۆیەتی کە لە مێتۆدو ئایینو بۆنەی جۆراوجۆردا سەریان هەڵداوەو هاوشانی هەڵکشانی مێژووی ئەم نەتەوەیە، بوونیان بەردەوام بووە. یەکێک لەو بۆنە ڕەسەنۆ مێژووییانە جێژینی نەورۆزە کە ئەگەریش بەتەنیا هی کوردان نەبێ، بەڵام بە لەبەچاو گرتنی ڕەگەزە سروشتیو کلتوورییەکانی نەورۆز، بێگومان پشکی هەرە زۆری وەبەر کورد دەکەوێو وەک دیاردەیەک کە زادەی ژینگەی کلتووری – سروشتی کوردستان بێ، دێتە ئەژمار.

ئەگەر فەلسەفەی دروست بوونو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پەیامی نەورۆز بخەینە بەر خوێندنەوەیەکی شیکاری، بێگومان نەورۆز بەدەر لە هەموو ئەم چەمکو بۆچوونانە، تەنیا ڕووداوێکی سروشتی ڕووت بەپێی ژینگەی جوغرافیایی ژیانی کوردانە. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ ئەم خاڵە گرینگە وەبەرچاو نەگرین کە داهێنانی وەها بۆنەیەک کە پڕە لە ماناو تەفسیری جۆراوجۆر، دەرخەری بوونی باکگراوندێکی شارستانیی دەوڵەمەند بە بیرو هەستی ژیان دۆستی – ژینگە دۆستی ئەقلیەتی کورد لەو سەردەم دا بووە.

بەراوردێک لە نێوان توخمو پەیامە ڕەسەنەکانی بۆنەی نەورۆزو ڕواڵەگەو خوێندنەوەی کۆمەڵگای ئەمڕۆکەی کورد لە نەورۆز، بەرچاوڕوونی باشترمان پێ دەدا تا لەوە تێبگەین کە ئاراستەو کاریگەری ئەم چەمکانە لە ڕەوتی مێژووی کۆنو هاوچەرخی کوردا بە چ شێوەیەکو لە چ ئاستێکدا بوون.

نەورۆز، وەک بۆنەیەکی کلتووریو مێژوویی بەدەر لەوەی کە هی چ نەتەوە یان چ ناوچەیەکی جوغرافیایی بێ، هەڵگری کۆمەڵێک توخمی وەک: ژیانەوەی دووبارەی سروشت، ئاگر، بەزمو شایی، خووو ڕەوشتی ژیانی ڕۆژانە، نوێکردنەوەو پتەوترکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕواڵەتیو فەرمیش بێ، تا ئێستاش بوونو شوێنەواریان لە نێو نەتەوەکانی ناوچەو بەتایبەت نەتەوەی کوردا هەر ماوەو بەردەوامن. بەڵام ئایا ئەم چەمکو توخمانە تا چەند لە واقعی ژیانی ئەم کۆمەڵگایانە ڕەنگدانەوەی پێویستیان هەبووە یان سەرنانەیەتیو ڕەسالەتی خۆیان پاراستوە، یان تا چەند بۆ نێو پانتایی ژینگەی کۆمەڵایەتی – سیاسی، ئەقلیەتو ڕەفتاری ئەم کۆمەڵگایانە خۆیان تەرجومە کردۆتەوە.

ئەگەر جێژنی نەورۆز بۆ نەتەوەکانی

تری ناوچە، تەنیا بۆنەیەکی مێژوویە بەڵام بۆ نەتەوەی کورد جگە لە ڕەهەندی مێژوویی – کلتووری، ڕەهەندێکی سیاسیشی بەخۆوە گرتوە کە دەتوانین بڵێین ئەم ڕەهەندە بۆتە شوناسێکی نەتەوەیی. ڕەنگە نەورۆز بە تەنیا خۆی نەبووبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی وەک یەکێک لە توخمە گرینگەکانی شوناسی نەتەوەیی دەربکەوێ، بەڵکوو ئاوێتە بوونی دوو ڕەهەندی، داگیرکراوی خاکی کوردستانو بوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردان لەگەڵ پەیامە مرۆڤ دۆستانە و مەدەنییەکانی نەورۆزن کە لە ئێستادا تێکەڵ بە ڕەوتی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی بوون.

لێرەدا دەبینین کە بۆنەی نەورۆز بۆ کورد، لە ژینگەی سروستیی خۆیەوە گۆزاراوەتەوە بۆ پانتایی ژیانی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە. بەڵام هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد ئایا پەیامەکانی نەورۆزو هەروەها دەرکەوتنی وەک توخمێکی گرینگی شوناسی نەتەوەیی تا چەند لە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی سیاسی – کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی دا ڕەنگی داوەتەوە. هەرچەند ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو خەسارنانی بەرفراونی کۆمەڵگای کوردستان هەیە، بەڵام ئەوەی لە واقع دا بە ڕوخساری کۆمەڵگاوە دیارە، هیچکام لە ئاست ڕەسالەتی پەیامو بەهاکانی نەورۆزدا نین. هێماکانی هاوپێوەندیی، یەکگرتوویی و ڕوحی نەتەوەیی ئەگەرچی لە تا ڕادەیەک لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا ڕەنگی داوەتەوە بەڵام تا هەنووکەش وەک چەمکێکی جێگرتوو لە بیرکردنەوەو ڕەفتاری سیاسی ئیلیتی کوردو بزووتنەوەی سەرانسەری کوردستان دا بە شێوەیەکی واتادار بوونی نیە دەتوانین بڵێین ڕوانگەی بزووتنەوەی سەرانسەریو بەتایبەت دەسەڵاتی کوردی لە چوارچێوەی کەلک وەرگرتنێکی ئامرازی لە نەورۆز تێپەر نەبووە. ڕەنگە هەر ئەمجۆرە ڕوانگەیەی ئیلیتی سیاسیو دەسەڵاتی کوردیو هەروەها نەبوونی کیانێکی یەکگرتوو، یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی جێگیر نەبوونی کلتوورو پەیامەکانی نەورزۆ بۆ نێو پانتایی کۆمەڵگای کوردی تا هەنووکەش بەشێوەی پێویست بێ.

نەورۆز، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێک لە نەتەوەکانی ناوچەش خۆیانی لێ بەخاوەن دەزانن، بەڵام بەپێی هەموو بەڵگە مێژوویەکان، کورد هەقی خۆیەتی خاوەنداریتی لێبکاو دەتوانین بڵێین لە ئێستادا بۆ ئێمە کورد، هەم بۆتە ئەمرێکی واقعو هەم بۆتە هێما و ڕەمزێک بۆ خەباتو بەرخودانی نەتەوەیی بە دژی ستەم و داگیرکاری. بۆیە لە ئێستادا پێویستە ئەم بۆنە مێژوویی و نەتەوەییە لە سێ تەوەری

نەورۆز، وەک بۆنەیەکی کلتووریو مێژوویی بەدەر لەوەی کە هی چ نەتەوە یان چ ناوچەیەکی جوغرافیایی بێ، هەڵگری کۆمەڵێک توخمی وەک: ژیانەوەی دووبارەی سروشت، ئاگر، بەزمو شایی، خووو ڕەوشتی ژیانی ڕۆژانە، نوێکردنەوەو پتەوترکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕواڵەتیو فەرمیش بێ، تا ئێستاش بوونو شوێنەواریان لە نێو نەتەوەکانی ناوچەو بەتایبەت نەتەوەی کوردا هەر ماوەو بەردەوامن.

سەرەکی دا کاری جیددی بۆ بکرێ:

– بە فەرمی ناسینو بەنەتەوەییتر کردنی.

– کەلک وەرگرتنو پەرە دان بە لایەنە کلتووریەکانی (مرۆڤدۆستی – ژینگە دۆستی)و جێگیر کردنی ئەم بەها و پەیامانە لە ناخی هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.

– پێداچوونەوە بە ڕێورەسمو ئایینە تایبەتییەکانی نەورۆزو بەخشینی فورمێکی سەردەمیانە لە پێناو بە جیهانی کردنی.

سزای سێدارە، کلیلی دەوڵەتی روحانی!

مەجید موشیدی

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان سزای لەسێدارەدان قورسترین سزا لە بەشی تاواننناسییەدا دانراوە. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کەسایەتییە ئاکادیمیکو هونەرییەکان ساڵانێکە ڕەخنە لە بەڕێوەبردنی سزای سێدارەدان دەگرن و هەوڵەکانی ئەوان بۆ لابردنی سزای سێدارە لە یاسای بنەڕەتی وڵاتەکانیانو لە ئاستی جیهانیدا جێگەی ستایشەو بزووتنەوەی دژی لەسێدارەدان بەرەبەرە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو پێکهاتووە. لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپای نێوەراست سزای لەسێدارەدان لابردراوە. زۆرێک لە بیرمەندان وەک سزار بیکاریا* سزای لەسێدارەدانیان بەدژی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی دەزانی، ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا بە توندی ڕەخنەی لە جۆری سزای قورس و توندوتیژ بۆ تاوانباران و چۆنێتی دادوەری دادگاکانی سەدەی هەژدەیەم گرت. ئەو خوازیاری لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردن و توندوتیژی قەزایی بوو. ڕوانینی بیکاریا بەجۆرێک لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی دانرابوو. ئەو هاوپەیمانێکی کۆمەڵایەتی بەچەشنێک بە پەیمانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی مرۆڤەکان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکا. بەوپێیە گرینگترین کاریگەرییەکانی تاواننناسانی ئەو جیهانبینییە بۆ سزای کەیفەری بریتین لە:

١.پێکهاتنی کۆمەڵگە لە سەربنەمای ڕێکەوتن
٢.ئەرکی یاسادانان بۆ کۆمەڵگە
٣.هاوسەنگکردنی سزاکان
٤.توندی و لێبراوەیی لە بەڕیوەبردنی سزاکان
٥.بەڕێوەبردنی خێرای سزاکان
٦.پێشگرتن لە ڕوودانی تاوان
٧.لابردنی سزای لەسێدارەدان
٨.یاسایی بوونی تاوانو سزا

ئەو باسانە لە ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە بەگکرتووەکانیش کراوە. یەکێک لە بەرچاوترین هۆکارەکانی دژایەتی لەگەڵ سزای سێدارەدان هۆکاری ئەخلاقییە کە ئامازە بە خراپی بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەنو بە ئاکامێکی گونجاو گەیشتوون کە «توندوتیژی لە دژی توندوتیژی باش نیە.» لەسێدارەدان لەگەڵ هەستی مرۆڤدوستیو ڕووحی شارستانییەتی ئێستا کە ڕێز لە مافی ژیان بۆ هەموو مرۆڤەکان دەگرێ ناتەبایە. سزای لەسێدارەدان، کردەوەی کوشتن، بەڕێوە دەچێ کە بڵێ کوشتن خراپە، هەر بۆیە بڕیاری کوشتنی مرۆڤێک بەپێچەوانەی مرۆڤدوستییە. ویکتۆر هۆگۆ لەو پێوەندییەدا دەڵێ کە ئایا پێتانوایە کە لەسێدارەدان دەبێتە مایەی دەرس وەرگرتن؟ بۆچی؟ چ شتێکمان فێرمان دەکا؟ ئاخۆ بەو کارە چ فێر دەبن؟ ئەوە کە نابی مرۆڤێکی دیکە بکوژن؟! چۆن فێرە «نەکوشتن» دەبن؟ بە کوشتنی مرۆڤێکی دیکە؟ هۆگۆ پێیوابوو کە بەکارهێنانی توندوتیژی پەرە بە ئەخلاق لە نێو کۆمەڵگەدا نادا. یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی ڕووبەروی سزای سێدارەدان دەکرێتەوە، پێکهێنانی هەستی تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگەو تاکەکان دایە. دژبەرانی سێدارە لەبواری ئەخلاقییەوە ڕەخنە لە دەرئەنجامەکانی ئەو سزایە دەگرن. ئەوان لەو بڕوایەدان کە سزای لەسێدارەدان تەنیا کوشتن یاسایی دەکا. ڕوونە کە سزای لەسێدارەدان کوشتنی بە ئەنقەستی کەسێکی دیکەیە. پێشتر بڕیاری ئەوە دەدەن کە کەسێک لە ڕۆژێکی دیاریکراوو لە ڕەوتی ڕێورەسمێکدا بکوژن. ئەوانەی کە دژی کوشتنی مرۆڤێکی دیکەن دەبێ دژایەتی سێدارەش بکەنو خوازیاری لابردنی سێدارەش بن. سزای سێدارە دژایەتی لەگەڵ خاڵی پێنجەمی ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤ لەپێوەندی لەگەڵ ئەشکەنجەو ئازاری جەستەییدا هەیە. ئەو پاڕادۆکسە لە کاتی بەڕێوەبردنی سزای سێدارە دەردەکەوێ، چونکە لە کاتی بەڕێوەبردنی سێدارە بە هەر شێوەیەک وەکوو بەکارهێنانی تەناف، شۆکی ئیلیکتریکی، خنکاندن بە گاز و ... دەبێ ئازاری جەستەیی بەکاربێنن و لە باشترین دۆخیشدا تووشی ئازاری جەستەیی تاوانبار دەبن. هەروەها لێکۆلینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو کەسانەی ئەو سزایانە بەڕێوە دەبەن کاریگەری ڕووحی زۆر خراپیان لە سەر دەبێو ئەوەش خەسار بە کۆمەڵگە دەگەیەنێ.

لە ڕوانگەی ئیسلام، سێدارە بە سێ شێوە پێناسە کراوە: سێدارەی قەساس، لەسێدارەدانی حەد، لەسێدارەدانی تەعزیری

١.لەسێدارەدانی بەشێوەی قەساس: کاتێک کەسێک کەسێکی دیکەی بە ئەنقەست کوشتبێو لە بواری بەڕێوەبردنەوە پێویستی لە بارودۆخێکی تایبەت هەیە کە دەبێ بنەماڵەی کوژراو لەوێ ئامادە بن.

٢.لەسێدارەدان بە شێوەی حەد: سزای مەرگە بۆ کەسێک کە لە لایەن حاکیمی شەرع دیاری کراوەو ناکرێ کەم بکرێتەوە کە دەکرێ ئامازە بە تاوانگەلێک وەک سێکسی ناموسلمان لەگەڵ موسلمان، سیکس لەگەڵ مەحرەم و ... بکەین. هەروەها تاوانگەلێک وەک نێربازی، دژایەتی لەگەڵ ئایینو تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵایەتی سزای حەددی هەیە.

٣.لەسێدارەدان بەشێوەی تەعزیری: سزای سێدارە کە لە لایەن دادوەر دیاری دەکرێ.

ڕاگەیاندروای مافی مرۆڤی ئیسلامی کە لە لایەن ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی لە ٥ی ئوتی ١٩٩٠ لە قاهیرە پەسند کراو زۆرتر وەک کاردانەوەی ئیسلامی بە ڕاگەیاندراوی مافی مرۆڤ لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی ١٩٤٨ لەقەڵەم دەدرێ، لە بەشی ئەلف ماددەی دووەم ئامازە بەوە دەکا کە ژیان مافێکی ئیلاهییە کە بۆ هەر مرۆڤێک دیاری کراوەو لەسەر هەموو حکومەتەکانە کە پشتگیری ئەو مافە بکەن. کوشتنی کەسێک بە بێ ئیزنی شەرعی نارەوایەو کوشتن بەشێوەی بەردباران‌کردن، بڕینی دەستوڵاق و ... زۆر توندوتیژو نامرۆڤانەیە.

لە خاڵی ١٤، ماددەی ٥ بەندی یەکی یاسای سزای ئیسلامی ئێران هاتووە کە دژبەرانو نارەزایان لەژێر ناوگەلێک وەکوو زینا، دژایەتی لەگەڵ خودا، هەوڵ بۆ تێکدانی تەناهی نەتەوەیی، شۆرش بە دژی نیزامو ... لەسێدارە بدا. لە ڕاپۆرتی مانگی دیسامبەری ٢٠١٣ ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ نیشان دەدا کە لە یاسای ١٣ وڵاتی موسلمان بۆ کەسانێک کە ئیسلامی ئێران نیەو هەموو موسڵمانان بڕوایان پێی هەیەو وڵاتانی ئیسلامی دەبێ لەبەرامبەر ئەو دەستتێوەردانانە بێ دەنگ نەبن.»

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن کە سزای لەسێدارەدان بە هۆی ترسێک کە لە نێو خەڵکدا دروستی دەکا، دەتوانێ کاریگەری بەسەر ڕای گشتیدا هەبێ. هەر بۆیە لەسێدارەدان گرینگییەکی تایبەتی لە نێو نیزامدا بووەو هەیە. بەڵام ئەو ترسەی کە سێدارە لەنێو خەڵکدا پێکی دێنێ هەمیشە ئامانجی ڕێژیم بووە. تاکوو ئێستا لەسێدارەدان لە ئاستێکی بەرفراوان لە لایەن کۆماری ئیسلامی وەک ئامرازێکی سەرەکی بەکارهاتووەو لە دژی ئازادیخوازانو زەحمەتکێشان بەڕێوەیان بردوە. هەرکات پێویستیان بە پاراستنی نیزام بووبێ، سزای لەسێدارەیان بە توندترین شێوە لەبەرچاوی خەڵکدا بەکارهێناوە. دەبێ ئەوە لە بیر بکەین کە دەسەلات لە نێو کۆماری ئیسلامیدا بتوانێ بە بێ سزای لەسێدارەدان دریژە بە ژیانی خۆی بدا. ئێمە دەزانین کە کوشتنی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی

کۆمەڵناسان پێیانوایە کە لەسێدارەدان لەبەرچاوی خەڵک ڕادەی تاوان لە کۆمەڵگەدا پەرە پێ دەداو ئەنجامدانی تاوان، توندوتیژیو تۆڵەسەندنەوە لە نێو خەڵکدا ئاسایی دەکاتەوە.

بڕوایان بە خودا نیە یان هیچ بڕوایەکیان بە ئایین نیە، سزای لەسێدارەدان دیاری کراوە. ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، ماڵیزیا، ماڵدیو، موریتانی، نیجێریە، قەتەر، عەرەبستانی سعوودی، سومالی، یەمەنو ئیماراتی عەرەبی ئەو وڵاتانەن کە سزای ئێعدام بۆ کەسانی بێ بڕوا بە خودا دیاری کراوە. سەرۆکی دەزگای دادوەری ئێران، سادقی لاریجانی لە دانیشتنی چوارشەممە ٢٦ ڕەزبەری ١٣٩١ لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپۆرتی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: بابەتی ئەو ڕاپۆرتە بە نیسبەت ئێعدامەکانی ئێران لە دژی یاسای ئیسلامییە کە نەک لە ئێران بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی بوونی هەیەو لە ڕاستیدا بەهای ئیسلامی هەموو موسڵمانانی جیهانە . بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ تەنیا گۆشار دەخەنە سەر ئێرانو کاریان بە وڵاتانی دیکە نییە.

« لاریجانی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە لە کۆماری ئیسلامیدا هیچ کەسێک بە هۆکاری سیاسی لەسێدارە نادرێ، ئەوانەی لەسێدارە دەدرێن یان قاچاخچی ماددەی سڕکەرن یان دەستدرێژیان بۆ ماڵو ناموسی خەڵک کردوە». لاریجانی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ « هێندێک لە یاساکانی تایبەت بە لەسێدارەدان تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران نیە، بەڵام لە هەموو وڵاتانی دیکەی جیهان سزای لەسێدارەدان هەیە. ئەوە ئەوەی کە ئایا پێتانوایە کە لەسێدارەدان دەبێتە مایەی دەرس وەرگرتن؟ بۆچی؟ چ شتێکمان فێرمان دەکا؟ ئاخۆ بەو کارە چ فێر دەبن؟ ئەوە کە نابی مرۆڤێکی دیکە بکوژن؟! چۆن فێرە «نەکوشتن» دەبن؟ بە کوشتنی مرۆڤێکی دیکە؟ هۆگۆ پێیوابوو کە بەکارهێنانی توندوتیژی پەرە بە ئەخلاق لە نێو کۆمەڵگەدا نادا. یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی ڕووبەروی سزای سێدارەدان دەکرێتەوە، پێکهێنانی هەستی تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگەو تاکەکان دایە. دژبەرانی سێدارە لەبواری ئەخلاقییەوە ڕەخنە لە دەرئەنجامەکانی ئەو سزایە دەگرن. ئەوان لەو بڕوایەدان کە سزای لەسێدارەدان تەنیا کوشتن یاسایی دەکا. ڕوونە کە سزای لەسێدارەدان کوشتنی بە ئەنقەستی کەسێکی دیکەیە. پێشتر بڕیاری ئەوە دەدەن کە کەسێک لە ڕۆژێکی دیاریکراوو لە ڕەوتی ڕێورەسمێکدا بکوژن. ئەوانەی کە دژی کوشتنی مرۆڤێکی دیکەن دەبێ دژایەتی سێدارەش بکەنو خوازیاری لابردنی سێدارەش بن. سزای سێدارە دژایەتی لەگەڵ خاڵی پێنجەمی ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤ لەپێوەندی لەگەڵ ئەشکەنجەو ئازاری جەستەییدا هەیە. ئەو پاڕادۆکسە لە کاتی بەڕێوەبردنی سزای سێدارە دەردەکەوێ، چونکە لە کاتی بەڕێوەبردنی سێدارە بە هەر شێوەیەک وەکوو بەکارهێنانی تەناف، شۆکی ئیلیکتریکی، خنکاندن بە گاز و ... دەبێ ئازاری جەستەیی بەکاربێنن و لە باشترین دۆخیشدا تووشی ئازاری جەستەیی تاوانبار دەبن. هەروەها لێکۆلینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو کەسانەی ئەو سزایانە بەڕێوە دەبەن کاریگەری ڕووحی زۆر خراپیان لە سەر دەبێو ئەوەش خەسار بە کۆمەڵگە دەگەیەنێ.

لە ڕوانگەی ئیسلام، سێدارە بە سێ شێوە پێناسە کراوە: سێدارەی قەساس، لەسێدارەدانی حەد، لەسێدارەدانی تەعزیری

١.لەسێدارەدانی بەشێوەی قەساس: کاتێک کەسێک کەسێکی دیکەی بە ئەنقەست کوشتبێو لە بواری بەڕێوەبردنەوە پێویستی لە بارودۆخێکی تایبەت هەیە کە دەبێ بنەماڵەی کوژراو لەوێ ئامادە بن.

٢.لەسێدارەدان بە شێوەی حەد: سزای مەرگە بۆ کەسێک کە لە لایەن حاکیمی شەرع دیاری کراوەو ناکرێ کەم بکرێتەوە کە دەکرێ ئامازە بە تاوانگەلێک وەک سێکسی ناموسلمان لەگەڵ موسلمان، سیکس لەگەڵ مەحرەم و ... بکەین. هەروەها تاوانگەلێک وەک نێربازی، دژایەتی لەگەڵ ئایینو تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵایەتی سزای حەددی هەیە.

٣.لەسێدارەدان بەشێوەی تەعزیری: سزای سێدارە کە لە لایەن دادوەر دیاری دەکرێ.

ڕاگەیاندروای مافی مرۆڤی ئیسلامی کە لە لایەن ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی لە ٥ی ئوتی ١٩٩٠ لە قاهیرە پەسند کراو زۆرتر وەک کاردانەوەی ئیسلامی بە ڕاگەیاندراوی مافی مرۆڤ لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی ١٩٤٨ لەقەڵەم دەدرێ، لە بەشی ئەلف ماددەی دووەم ئامازە بەوە دەکا کە ژیان مافێکی ئیلاهییە کە بۆ هەر مرۆڤێک دیاری کراوەو لەسەر هەموو حکومەتەکانە کە پشتگیری ئەو مافە بکەن. کوشتنی کەسێک بە بێ ئیزنی شەرعی نارەوایەو کوشتن بەشێوەی بەردباران‌کردن، بڕینی دەستوڵاق و ... زۆر توندوتیژو نامرۆڤانەیە.

لە خاڵی ١٤، ماددەی ٥ بەندی یەکی یاسای سزای ئیسلامی ئێران هاتووە کە دژبەرانو نارەزایان لەژێر ناوگەلێک وەکوو زینا، دژایەتی لەگەڵ خودا، هەوڵ بۆ تێکدانی تەناهی نەتەوەیی، شۆرش بە دژی نیزامو ... لەسێدارە بدا. لە ڕاپۆرتی مانگی دیسامبەری ٢٠١٣ ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ نیشان دەدا کە لە یاسای ١٣ وڵاتی موسلمان بۆ کەسانێک کە ئیسلامی ئێران نیەو هەموو موسڵمانان بڕوایان پێی هەیەو وڵاتانی ئیسلامی دەبێ لەبەرامبەر ئەو دەستتێوەردانانە بێ دەنگ نەبن.»

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن کە سزای لەسێدارەدان بە هۆی ترسێک کە لە نێو خەڵکدا دروستی دەکا، دەتوانێ کاریگەری بەسەر ڕای گشتیدا هەبێ. هەر بۆیە لەسێدارەدان گرینگییەکی تایبەتی لە نێو نیزامدا بووەو هەیە. بەڵام ئەو ترسەی کە سێدارە لەنێو خەڵکدا پێکی دێنێ هەمیشە ئامانجی ڕێژیم بووە. تاکوو ئێستا لەسێدارەدان لە ئاستێکی بەرفراوان لە لایەن کۆماری ئیسلامی وەک ئامرازێکی سەرەکی بەکارهاتووەو لە دژی ئازادیخوازانو زەحمەتکێشان بەڕێوەیان بردوە. هەرکات پێویستیان بە پاراستنی نیزام بووبێ، سزای لەسێدارەیان بە توندترین شێوە لەبەرچاوی خەڵکدا بەکارهێناوە. دەبێ ئەوە لە بیر بکەین کە دەسەلات لە نێو کۆماری ئیسلامیدا بتوانێ بە بێ سزای لەسێدارەدان دریژە بە ژیانی خۆی بدا. ئێمە دەزانین کە کوشتنی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ تەنیا بۆ پاراستنی ڕێژیم ئەنجام دراو بەو تاوانە، کۆمەڵگەی نارازی دوای شەڕیان کۆنترۆل کرد. ئەو کات بەرەی سەرمایەداریی جیهانی کە پێشتیوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو، بێ دەنگی لەو تاوانە کرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوژمنی ئازادیو مرۆڤەو کاتێک کە مەسەلەی پاراستنی نیزام لەگۆڕێدا بێ، لە کوشتنو لەسێدارەدانی خەڵک گومان ناکا. ئێمە دوای ساڵانێک دەبینین کە ڕێژەی لەسێدارەدانەکان دەچێتە سەرێ. لە کۆتایی دەورانی ئەحمەدی نیژادو سەرەتای دەست بەکاربوونی ڕووحانی ڕادەی لەسێدارەدانەکان بە بیانووی جیاواز چوتە سەرێ. تاکوو ئێستا گوشارەکانی بیرووڕای گشتیو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە نیسبەت کەمکردنەوە یان لابردنی سزای لەسێدارەدان بێ ئاکام ماوەتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ئەو لەسێدارەدانە هەرەمەکییانە هەوڵ دەدا دەسەلاتی خۆی لە ئاستی کۆمەڵگە دیسان بەرهەم بێنێتەوەو ئەو پەیامە بە خەڵک بدا کە لەسێدارەدان دەتوانێ سزایەک بێ لەبەرامبەر هەرچەشنە دژایەتییەکی کۆماری ئیسلامی. هەر بۆیە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتووە کە سەرکوتی خەڵک، دەبێ بەشێکی جیانەکراو لە سیاسەتی ئەمنییەتی ڕێژیم بێ. لە ڕیزبەندی جیهانیدا بە نیسبەت ڕێژەی بەڕێوەبردنی لەسێدارەدان، کۆماری ئیسلامی لە ساڵەکانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٣ پلەی دووهەمی بووە. حەسەنی ڕووحانی کە دەوڵەتی خۆی بە دەوڵەتی «تەدبیرو ئومێد» ناو دەبا، لەگەڵ گرفتی نێوخۆیی بەرەورو بووەو دەبێ جەخت لەسەر ڕەهەندی ئەمنییەتی نێوخۆیی بکا. بێگومان زیادکردنی لەسێدارەدانەکان لەچەند مانگی ڕابردوودا سەرکوتی زیاتر نیشانەی ترسی ڕێژیم لە خەڵک. بە بڕوای کارناسان کە سەرکوتی خەڵک بەدەستی کۆماری ئیسلامیو دەستکردنەوە بە گرتنو لەسێدارەدانی بەرفراوانی خەڵک نەک نیشانەی بەهێزی، بەڵکوو نیشانەی لاوازی ڕێژیمە. کلیلی دەوڵەتی ڕووحانی لەسێدارەدانو سەرکوتە. کارناسان لەو بڕوایەدان کە سزای لەسێدارەدان بە هۆی ئەو ترسەی لە نێو خەڵکدا دروستی دەکا تا ساڵانێکی دوورودرێژ کاریگەری هەر دەمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر ڕێژیمێش سزای لەسێدارەدان لابەرێ، هیچ گارانتییەک بۆ ئارامبوونی خەڵک نیە. بەو پێیە ڕێژیم لە لەسێدارەدان بۆ ترساندنی خەڵک پشتیوانی دەکاو خوازیاری بەڕێوەبردنی قورسترین سزای ئیسلامییە.

کۆمەڵناسان پێیانوایە کە لەسێدارەدان لەبەرچاوی خەڵک ڕادەی تاوان لە کۆمەڵگەدا پەرە پێ دەداو ئەنجامدانی تاوان، توندوتیژیو تۆڵەسەندنەوە لە نێو خەڵکدا ئاسایی دەکاتەوە. بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم لەو بڕوایەدان کە «لەسێدارەدان لەبەرچاوی خەڵک خەساری جیددی بە خەڵک یان وڵات ناگەیەنێ.» ئەزموونی ئەو ٣٥ ساڵە نیشانی داوە کە کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی کۆکردنەوەی سەرمایەو بەتاڵانبردنی خەڵکو وڵاتەو لەو ڕێگەدا لە هیچ تاوانێک، لە ڕەشەکوشی، زیندانو ئەشکەنجە جەستەییو ڕووحی، سڵ ناکاتەوە. دەوڵەتی ڕووحانیش وەک بەڕێوەبەری سیاسەتەکانی بانکی جیهانیو سندووقی نێودەوڵەتی پوول، نە دەتوانێو نە دەیهەوێ هەنگاوێک بۆ دابینکردنی مافەکانی خەڵک هەڵبگرێو نابێ خەڵک هەڵبخەڵەتێنو ئومێدیان بە ئەو بێ. تاکە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە دواکەوتووەکانی جیهانیو ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی، یەکگرتوویی زیاتری هێزەکانی خەڵکیو پێشکەوتوو بۆ بنیاتنانی حکوومەتێکی دێموکراتیکە.

١)سزار بکاریا، مافناسی ئیتالیایی، لە ساڵی ١٧٣٨ لەدایک بووەو لە ساڵی ١٧٩٤ کۆچی دوایی کردوە. ئەو لە ڕیزی پێشەوی ئەو مافناسانە بوو کە سەرنجی هەمووانی بۆ پێویستی سوودمەندی سزایەک ڕاکێشا. بکاریا کتێبی جۆراوجۆری هەیە کە «تاوانەکان و سزانکان» لە بەناوبامگترین نووسینەکانی ئەوە. ئەو کتێبەی لە ساڵی ١٧٦٤ بڵاو کرایەوە کە بووە هۆی ئەوە لە تەمەنی٢٨ ساڵی لە ئاستی جیهانیدا بناسرێ.

وەرگێڕان بۆ کوردی: ڕێبوار مەعروفزادە

هەواڵ و ڕاپۆرت

بەشداریی نوێنەری حیزب لە بریتانیا لە سمیناریکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا

لەیادی ٢٦ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی هەڵبجەدا سمیناریک لەلایەن نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەچوو.

ڕۆژی دووشەممە، ١٩ ی ڕەشەممە نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، لە یەکێک لە سالۆنەکانی پارلمانی ئەو وڵاتەدا، سمیناریکی بەمەبەستی خەسارەناسیەکانی بۆمبارانی شیمیایی هەڵبجەو و هەروەها پاشماوەی شوێنەوارەکانی لەسەر خەڵکی ئەو ناوچەو دەوروبەری پێک هێنا.

ئەو سمیناره بە قسەکانی نەدیم زەهاوی، ئەندامی بەڕەچەڵەکی کوردی پارلمانی بریتانیا دەستی پێکردو دواتر خاتوو بەیان سامی عەبدوڵڕەحمان، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان قسەکانی بە پیزانین بە هەوڵی دۆستانی بیانیی کورد بۆ ئیمزا کۆکردنەوەو بۆ بەڕەسمی ناسینی کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵبجە دەست پێکرد. بەشێکی دیکەی ئەو سمیناره تەرخان کرا بۆ پێشاندانی فیلمێکی « گیون ڕۆبێرت» درهێنەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی بریتانی، کە لەسەر ئەو کارەساتە و خەڵکی لێقەومانی ئەو ناوچەیە ئامادە کردبوو. لەم سمیناردا چەندین پسپۆر و لیکۆلەر لەسەر ئەو پرسە دوان و ڕاو بۆچوون و پێشنیارەکانیان خستنە روو. لە بەردەوامیی کاری سمیناردەکەدا دۆستانو هاوکارانی ریچارد بێستون، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی بریتانیا کە ٢٥ ساڵ لەمەوبەر توانیبووی لەنیزیکەوە ئەو هەواڵە دلتەزێنە بگوازێتەوە، لەسەر ئەو بابەتە قسەیان کرد. لەکوتایی ئەم سمیناردا کامەران حەیدەر بەکێک لەو کەسانەی کە لە بنەماڵەکەیان دا تەنیا ئەو زیندوو ماوەتەوە، بەگێرانەوەی بەشێک لە بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەی کارەساتەکەی باس کرد.

شایانی باسە کە مەلوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا ئامادەی ئەم سمیناره بوو، نابراو لە پەراوێزی سمیناردەکەشدا لەگەڵ دۆستانی بەشدار بووی حیزب لەو سمیناردە کەسایەتییە سیاسیو بیانییەکانی بەشدار دیدارو چاوپێکەوتنی بوو.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی نۆڕوێژی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ حیزبی ڕاستی ئەو وڵاتە

پارلمانی نۆرۆیژ کۆبوونەوەیەکی نێوان کۆمیتەی نۆرۆیژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ حیزبی ڕاستی دەسەلاتداری ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی سێ شەممە، ٢٠ ی ڕەشەممە هەیئەتی کۆمیتەی نۆرۆیژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتەو، ناسر قادرپور بەرپرسی پەیوەندییە بیانییەکانی حیزب لە نۆرۆیژ سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەیان کردو لە لایەن « تورد بەرگەسن» ڕاوێژکاری سیاسیی بەشی دەرەوەی حیزبی ڕاستی دەسەلاتداری نۆرۆیژەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا لەلایەن هەیئەتی حیزبەوە باس لەسەر دۆزی کورد بە گشتیو کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی کراو، هەیئەتی حیزب ئەمەی بیرهێنایەوە کە وڵاتانی دێموکراتی بە گشتیو نۆرۆیژ بە تایبەتیو پارتەکانی بەشدار لە پارلمانو؛ لەسەرووی هەموان ئێوە وەک پارتی دەسەلاتدار پێویستە لە بەرانبەر هەرچەشنە پێشێلکردنێکی مافی مرۆڤ لە ئێران دا هەڵوێستی ڕوون وئاشکراتان هەبێ.

تورد بەرگەسەن، لەو دیدارەدا بەڵێنی دا کە ئەم باسە لە کۆبوونەوەی حیزبی ڕاستی دەسەلاتدار لە نۆرۆیژدا بێنێتە بەرباس. ناوبراو ئەوەشی خستەروو کە ئەوان لە مەڕ ئەم بابەتانە بە گشتیو پرسەکانی پەیوەندیدار بە کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی، هەردم هەڵوێستی ڕوونیان هەبووە و لە داهاتووشدا هەربەم چەشنە دەبێ.

لە کوتایی ئەو دیدارەدا لایەنی خانەخوێ خۆشحالیی خۆی بۆ ئەو دیدارە دەربڕیو خجەت لەسەر بەردەوامیی پێوەندیو چاوپێکەوتنەکان کرایەوە.

کوردستان

ژمارە: ٦٢٨

٢٩ی ڕەشەممەی١٣٩٢

٢٠ی مارسی ٢٠١٤

ئەدەب و هونەر

هەڵەچینی

فۆلکلۆر، گەنجینەیەکی نەتەوەیی و سامانێکی فەرهەنگی

عەلی لەیلاخ

فۆلکلۆر، کە لە دوو وشەی (folk) بە مانای مرۆڤ‌ودەستەوخزمو نەتەوەیەو هەروەها (lore) یش کە بە مانای زانست‌وزانیارییە. کە واتە دەبێتە زانستو کلتوورى نەتەوەیەک کە بریتییە:

–هەڵبەستو شێعر

– ئەفسانە، چیرۆک، قسەی نەستەق‌و پەندی پێشینیان.

– داب‌ونەریت‌وشێوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان کە لە جوغرافیایەکی هاوبەش‌دا دەژین‌و خاوەنی کەلتوورو زمانی هاوبەشن.

یەکەمجار لە ساڵی ١٨٤٦ «ئامبرۆز میرتین» بۆ سەردێری وتاریک کە تێیدا باسی دابونەریت‌و ئەدەبیاتی زارەکی کردبوو، ناوی «فۆلکۆری»داناوەو لەمەوبەدوا بە مانای کۆمەڵێک لە باورو هەڵسوکەوتو شێوەی بەرێوە بردنی رێورەسمە جۆربەجورەکانی هەر وڵاتێک، لە لایان کارناسانی بواری «دیمۆگرافیەوە« پەسەند کراو ئێستاش هەر ئەو مانایەی هەیە.

سروشتییە کە بە پێی جیاوازییە کلتوورییەو زمانیەکان، فۆلکۆری هەر وڵاتێک لە بەراورد لە گەڵ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەبێ، بەڵام ئەوەی کە نێو هەموو نەتەوەکان‌دا بۆتە خاڵی هاوبەش ئەمەیە کە خاوەنی ئەسڵو بنەڕەتی فۆلکلۆری هەر وڵاتێک، خەڵکی ئەو وڵاتەیەو هەر لەلایەن ئەوانەوە خاوەنداریەتی دەکرێ.کەوایە دەتوانین بڵێن؛ فۆلکلۆر بەشێکی ئیگجار گرنگە لە پێناسەی هەر نەتەوەیەک. ئەگەرچی رەنگە بە هۆی رەوتی ژیان‌وگۆرانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابوورى‌و فەرهەنگیەکان بەرە بەرە دابونەریت‌وسوننەتەکان ئاڵوگۆری بەسەرداهاتبێت بەڵام بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەردەکەوێت کە هەرکام لە بەشە جیاجیاکانی «فۆلکلۆر»ڕەگو ریشەی قووڵی لە مێژووی گەلان‌دا هەیەو بە درێژایی مێژوو سینە بەسینە لە نەوەیەک گوێزراوەتەوە بۆ نەوەیەکتر.

فۆلکلۆری هەر میللەتێک ژێرخانی فەرهەنگی و خەزینەی بەنرخی ئەدەب‌وکلتوورى ئەو وڵاتەیە و ئەمرۆ ئەدەب‌و هونەری ئەو نەتەوەیە سەرکەوتووترە کە لەم گەنجینە بە سوودە کەڵکی وەرگرتووە. هەروەها ڕەسەنایەتی خۆیان بە گەشە پێدان‌و پاراستنی داب‌ونەریتەکانی فۆلکلۆریک بخاتە پێش چاوی وڵاتانی دیکە.کەواتە ئەو گەلەی کە فۆلکلۆری دەوڵەمەندترە، خاوەنی رابردوویەکی زیاترو شوناسێکی بە هێزتری هەیە

گەلی کورد بە گشتی خاوەنی کەلەپوورو فۆلکلۆرێکی ئیگجار دەوڵەمەندە. بەتایبەت لە بەشی فۆلکلۆر»بیر»یان هەمان (بەرهەمی سەر زاری خەڵک) وەکوو؛ بەیت‌وباو، هەڵبەست،گورانی، مەتەڵ‌وقسەی نەستەق....

بە بروای کارناسانی بواری زماننناسی‌و ئەدەبیات ئەوەی کە پێشگیری کردووە لەناوچوونی زمانی کوردی تائێستا بەشێکی زۆری دەگێڕێتەوە بۆ گەنجینەی زێڕینی ئەدەبی فلکلۆریکی کوردی. چۆنکە مێژوویی نووسین بە زمانی کوردی بە بەراورد لە گەڵ زمانەکانی دیکە ئیگجار کەم‌ولاوازە. بەڵام هەر بە پشت بەستن بەم سامانە فەرهەنگی‌و نەتەوەییە، زۆری نەخایاند کە زمان‌و ئەدەبی کوردی هەم بووژایەوە هەمیش بە دنیای دەردەوە ناسرا. بۆ نموونە لە سەردەمی ئەدەبی ڕۆمانتیزم بەملاوە شاعیرانی کورد وازیان لە لاسایی کردنەوەی وەزن‌و عرووزی بێگانە هێناو گەڕانەوە بەرەولای ریتم‌و ئاهەنگی شێعری فەرهەنگ‌وکلتوورى ئێمە.کەوایە ئەرکی سەرشانی هەموو گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت کۆمەڵگەی فەرهەنگی‌و هونەری کە هەموو هەوڵ‌و توانای خۆیان وەگەڕ بخەن بۆ پاراستن‌و بەرگری کردن لە فەوتانی خزینەی بەنرخی فۆلکلۆر. جێگای خۆیەتی بەراستی ئێمە وەکوو نەوەی ئەمرۆیی بە تەواویی ئەدەب‌و هونەری فۆلکلۆریک تومار بکەین‌و بێ گەم‌وکوری ڕادەستی بەرەی داهاتووی بکەین‌و ئەم گەنجینەیان بپارێزین. ئەگەرچی بە هۆی سیاستە ناحەزەکانی دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی‌و داسپاندنی بیرۆکەی مەزهەبی بەشێوەی ناڕاوا، بەشێکی زۆر لە فلکلۆری گەلانی ئێران بەتایبەت گەلی کورد لە فۆلکلۆریک کە هەمان وەزنی برگەییە (هجایی). کە ئەم شێوە ریتم‌وموسیقای شێعرییە ریشەی لە شێعرو هەڵبەستی کۆنی فۆلکلۆریک‌دا هەیە.کە لە ناوچەی ئەردەڵان پێی دەگوترێ «گورانی»یان بەیتی فۆلکلۆریک.

عەبدوڵا شەریعەتی — کا بەرات نوورانی

هەروەها لە بەشی ئاوازو موسیقای ڕەسەنی کوردی گەلی کورد خاوەنی ژێرخانێکی ئیگجار دەوڵەمەندەو تا ئێستا زۆرێک لە هونەرمەندان‌و ژەنیاران‌وگورانی بێژانی کورد بە جوانی لەم میراتە بە نرخە کەڵکیان وەرگرتووە.کە باس لە ڕەسەنایەتی هونەریک دەکرێ فۆلکلۆر لەم بارەوە ڕۆڵ‌و نەقشێکی بەرچاوی هەیەو ماناوەی هەر مەترسی لە ناوچوون دایە. بەڵام ئەرکە لەسەر شانی هەموو ڕێکخراوەیەکی فەرهەنگی‌و مەدەنی کە بۆ پاراستنی ئەم سامانە نەتەوەییە هەوڵ بدات و زیاتر لەم بوارەدا خۆیان ماندوو بکەن.کە هەم بەربەرەکانییە لە گەڵ سیاسەت وسیستمی داسپاو، هەمیش گەشە پێدانێکی فەرهەنگی‌و نەتەوەییە.

ولاتێکیش گرێدراوە بە پاراستن‌و ڕیزگرتن لە ئەدەب‌و هونەرو نەریتی فۆلکلۆریک. ئەگەرچی بە هۆی گورانکارییە کۆمەڵایەتییەکان‌و خەمۆکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پێی سیاسەتی دژە فەرهەنگییەکانی کۆماری ئیسلامی زۆرێک لە دابونەریتەکانی کوردەواری وەکوو ڕێورەسمی بەرێوەبردنی نەوڕۆزو، ئاگرکردنەوەی سەری ساڵ‌وخۆشی‌و شایی دەربڕین‌و زۆرێک لە مەراسمە ئایینی‌وکلتوورییەکان بەڕاستی کەمرەنگ‌و لە ئاستی لە ناوچوون دایە.

بە سەرنجدان بە هەموو ئەوانەی باس کران، لە ناوچوونی هەر بەشێک لە دابونەریتی باب‌ودایپیرانی ئێمە خەسارێکە لە

***

بەداخەوە لە دواییەن ڕۆژەکانی زستانی ئەمساڵ‌ولە یەکەم چرکەکانی هاتنی بەهاروساڵی نوێ دوو کەس لە کەڵە هونەرمەندانی بواری ئاوازوموسیقای فۆلکلۆریکی کوردی لەشاری «سنە« کۆچی دوایان کرد.

مامۆستا عەبدوڵلا شەریعەتی لە دایکبووی گوندی «گەزگەزارەی» ناوچەی لەیلاخ ژەنیاری بە ئەزموون‌و بەتوانای «سورنا»و»نەرمە نەی» دوای ٥٠ساڵ خزمەت بە ئاوازومەقامی کوردی‌و بەشداری کردن لە دەیان فستیڤاڵی هونەریی ناوخۆو دەرەوەی وڵات لە ڕێکەوتی١٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٢لە تەمەنی ٨١ ساڵەیی لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد. دوابەدوای مەرگی ئەم ژەنیارە خۆشەویستە کاک «بەرات نوورانی»ژەنیاری دیرینی دەهۆڵ لە ڕێکەوتی ١٨ی ڕەشەمە دوای نزیک بە ٦٠ ساڵ خزمەت لەو بوارەدا دڵی لە لیدان کەوتو ماڵئاوایی لە هونەرو ژیان کرد.

شایانی باسەک ئەم دوو کەسایەتیەی «دەهوول»و «سورنای»کوردی توانیویان لەم ماوەی ژیانیان بەشێکی زۆر لە مەقامو ئاوازی ڕەسەنی کوردی زیندوو بکەنەوەو هەروەها بە بەشداری کردنی هونەرمەندانەیان لە فستیڤاڵەکانی دەرەوەی وڵات، (یونان، ئاڵمان، ڕووسیا،فەرانسەوعیراق..) ئاستی هونەرو موسیقای فۆلکلۆریکی کوردی بە جیهانیان بناسێنن. جێی ئاماژەیە کە ئەمر «کاک بەرات»خاوەنی دوکتواری فەخری لە ئاکادمیای موسیقای فەرانسە بوو.

بەو هیوایە هەموومان بەرانبەر بە کەلتوورو فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی ئەمەگ ناس بین‌و هەردەم خەمی پاراستنی‌مان هەبێ.

یادی زگچوونی تیپی زەیتوون دەکرێتەوە

مستەفا شێخە

پێش ئەوەی مەکتەبخانە بگاتە گوندو شارۆچەکەو شارەکانی ئێمە، دەوڵەمەندو زەنگین‌و پارەدارو ئاغاوەتی دەست ڕۆیشتوو، کەسێکی خوێندەواریان دەدۆزیەوەو لای خۆیان ڕایاندەگرت. بە تەغارو پووت‌و بارو کەوێژو عەربە، گەنمیان دەدایەو منداڵەکانیان دەنایە بەردەستیان‌و ئەوانیش فێری خوێندن‌و خوێندنەوەیان دەکردن. هێندێک کەسیش منداڵە نازارەکانیان دەنایە بەردەستی مامۆستای ئاوایی. مامۆستاش ئەو منداڵانەی بە نیوەمەڵای لەخۆی کەم خوێندەوارتر دەسپاردو نیوەمەلاکە موستەعیدیان پێدەگوت‌و فێروخوازەکانیش بە سوختە نیودێر دەگران.

سوختە دەکەوتە بەردەستی موستەعیدو موستەعید لەبەردەست مامۆستا دابوو. ئەگەر مەلا لەماڵەوە لەگەڵ مەلاژن‌دا نیوانی خۆش بوایە، ئەوە بە قازانجی موستەعید بوو. بەڵام موستەعیدەکان بە پڕۆسەی پڕ لەهەوراز‌و نشێوی هاوسەرگیری‌دا تێنەپەڕیبوون. لە ئەنجام‌دا سوختە ناچار بوو بەشێک لە قورسایی بێ مەلاژنیی موستەعیدیش بخاتە سەرشان. فێرخوازانی بەردەستی مەلا لە ژووریکی نزیک مزگەوتی ئاوایی بەناوی حوجرە دەرسیان دەخوێندو منداڵانی بەردەستی میرزای بەکرێگیراوی ئاغاوات‌و دەوڵەمەندەکانیش لە سووچێکی دیوەخان لەبەردەم کابرای خوێندەوار لە سەر ئەژنۆیان دادەنیشتن‌و دەرسیان دەخوێند. فێرخوازانی هەردوو بوارەکە لە خوێندنی دوو کتێبی گوڵستان‌و بوستانی سەعدیی شیرازی‌دا هاوبەش بوون. ئەوکات‌و دوای دامەزارانی مەکتەبخانەی مۆدێرن‌و سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرنیش، بەشی هەرە زۆری باوکان بەو تەمایە کوڕەکانیان دەنایە بەرخوێندن کە کاتێک دەچنە شاران‌و بە وڵاتان‌دا دەگەڕێن، وەک کوێران نەبن. باوکان پاساویان ئەوەبوو، دەیانگوت: تا ئێستا خۆمان نەخوێندەوارین‌و وەک کوێرین. واباشە منداڵەکانمان لانیکەم فێری خوێندنەوە بێن ئەگەر چونە شاران بتوانن تابلۆی شەقامو سەر نۆرێنگەی پزیشکان‌و ئیدارە حکوومیەکان بخوێننەو ناچار نەبن پرسیاری هەموو شوێنێک لەخەڵکی شارەکە بکەن.

دوای ئەوە قوتابخانەی مۆدێرن لە شارو گوندان دروست کران‌و کچان‌و کوڕان بە لیشاو چوونە بەرخوێندن‌و خوێندن، پەروەردەی نوێ پسپۆڕو مامۆستای بوارە جیاوازەکانی بەرهەم هێنا. خەڵک پۆل پۆل‌و دەستە دەستە وەک مێگەلە مەری نیرێکیش کراو سەریان بە ژووری پۆلی زانکۆکان‌دا کردو خوێندەواری پلە بەرزی قەپۆز بەرانیی لووت بڵند لەم خوێندنگایەنەوە گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا.

زمانیش وەک سەرکی‌ترین کەرەستەی پەیوەندی گرتنی مرۆڤەکان‌و کانگای بیرو ئەندیشەو فەرهەنگو تێگەیشتن کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو گەلێک مرۆڤی شارەزا لەبارەی زمان‌دا بەڵگەنامەی بەرزیان لە زانکۆکان وەرگرت.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە خزمەت کۆمەڵێک لە مامۆستاو نووسەران‌دا بووم. لەو شوێنەی لێی بووین، لەناکاو لەسەر دەرگای ژووریک‌دا چاوم بەم ڕستەیە کەوت:

«هۆڵی یادەوەری ڕەوانکردنی تیپی زەیتوون».

چەندی لەخزم نووساوم فشارم بۆ ئەم چەندگرامە شلەپەتەی ناو کاژەلاکم هێنا، ئەویش هیچی بەدەستەوە نەدا، هەر دەیگوت تێی ناگەم. هەر لەو شوێنە کۆڕێکی گەورەی ئەدەبی بۆ نووسەرانی پایەبەرزی کورد گیرابوو. نووسەرو شاعیرو ڕەخنەگری یەکەیەکە و بەناوبانگ و ناوبەدەروەی لێبوون. هەر بە ڕێکەوت چەند دانەیەکم هەڵبژاردو بەرەو ئەم دەڕاگایە ڕۆیشتم‌و گوتم ببوورن مامۆستایان، چەندی دەکەم لەم ڕستەیە ناگەم! هیچکامیان وڵامێکی وەک ئەوەی دیکەی پێ نەبوو. ئەو مامۆستایانەی دەمبردنە بەر ئەو دەرگایەی ئەم ڕستەیەی لەسەر نووسرابوو، پێکەنینێکی تاڵیان دەهاتێ. بەرەو ڕستەکە گڕ دەبوونەوەو پشتیان تێدەکردو دەڕۆیشتن. لەدوورەوەش ئاوڕێکیان وێدەدا‌و بە بژەیەکی تاڵترەوە ڕێگەیان دەگرتەوەبەر. بە موبایلەکەم وێنەیەکی ڕستەکەم گرت‌و بردم پێشانی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆ بەرزەکانی کوردستانم‌داو ئەویش گوتی تێی ناگەم.

بە ناچاری هەر خۆم بیرم لێکردەوە. لە دەروونی خۆم‌دا گوتم هۆڵ یانی»هاڵ، ژوورێکی گەورە، قاعە، حەوشەی ماڵ»، یادەوەریش یانی «بیر هێناوەو بیر کەوتنەوە و وەبیر هێناوە». ڕاونکردنیش وشەیەکە زۆر هەڵدەگرێت: «ناردن بەرێکردن، تووشی زگچوون کردن، لەبەر کردن‌و شتی دیکەش». تیپی زەیتوونیش بەو بەشە لە سوپای کوریای باشوور دەگوترێت کە شان بەشانی سوپای ئەمریکا لە عیراق دژی سەدام و کەسوکار و حیزبەکەی جەنگان.

دوای لێکدانەوەیەکی زۆر بەم ئاکامە گەیشتم ئەمە مانای ئەم ڕستەیە بێت:

«هۆڵی وەبیرهێنانەوەی تووشی زگچوون کردنی تیپی زەیتوون»

ئەگەر واش بێت، دیارە هۆڵە خاوێن کرابووە، چونکە لەوێ کەس هەستی بە بۆنی ناخۆش نەکرد.

KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 628 20 march 2014

مالپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com

لە پێشوازی نەورۆز و بەهار و ساڵی نوێدا

کوردستانی جوان لە گەل دوژمنانی ئازادی لە خەباتو بەربەرەکانی دایە. بیکوژن زیندوو دەبێتەوە، بیخەن هەلدەستێتەوەو سەرکوتی کەن تیهەلدەچێتەوە. ئەگەرچی هەموو ساڵی لە زۆر شوێنو لە زۆر لاوە بەردەبنە گیانی سروشتەکەیو دەیسووتێنن، لە گەل ئەوەی ڕۆژ نییە چەند ڕۆلەیەکو چەند ئازیزێکی نەدەنە بەر دەسترێژو بۆ ئەشکەنجەگاکان پەلکێشیان نەکەن، بۆ ساڵی دواتر لە بەربەری نەورۆز دا جوانتر لە ڕابردوو خۆی دەڕازێنێتەوە و بە گوڕتر لە پێشوو ئالای خەبات دەشەکێنێتەوە.

ئەوا دیسان کوردستان باوەش بە نەورۆزو بەهار و ساڵێکی نوێدا دەکاتەوە. گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ساڵێکی دیکەی لە ژیانی پڕ بێبەشی بەلام تێکەل بە هەوڵو خەباتی ئازادیخوازانە تێپەڕ کرد. هیوامان ئەوەیە هەموو نەورۆزدۆستان و هەلگرانی مەشخەلی ئازادیخوازی وەک ساڵانی ڕابردوو، بە شکوێکەی تایبەتی و بە گیانێکی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەوە بچنە پێشوازی جەژنی نەورۆز. چاوەڕوانو هیواخوازین نەورۆزی ٢٧١٤ش ببێتە بۆنەیەکی دیکە بۆ وەڕێکەوتنی کارنەڤاڵی یەکگرتوویی و هاوپێوەندی لە سەرانسەری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.

نەورۆزدۆستان!

ئازادیخوازان!

بەو هیوایە کە ساڵی نوێ، ساڵی پتەوتر بوونی پێوەندیی نێوان خەباتکارانی دەرو ژووری ولاتو ساڵی گەشە و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بێ، لە ئێستاوە گەرمترین پیرۆزباییمان بە بۆنەی هاتنی نەورۆز، پێشکەشی ئێوە و سەرجەم خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەین.

هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز
نەورۆزتان پیرۆز

حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٢
١٧ی مارسی ٢٠١٤

خەڵاتی مافی مرۆڤی ساڵی ٢٠١٤ دەبەخشرێتە چالاکێکی ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پەروین زەبیحی چالاکی ژنی ڕۆژهەلاتی کوردستان خەلاتی مافی مرۆڤی ساڵی ٢٠١٤ی پێبەخشرا

ڕۆژی سێشەمە ٢٧ی ڕەشەممە بە ڕانبەر بە ١٨ی مارس لە ڕێورەسمێکدا کە لە یەکێک لە سالۆنەکانی کۆنفرانسی ئوروپایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنۆ بەڕێوەچوو، خەلات بەخشرایە پەروین زەبیحی. بەلام بەهۆی ئەوەی ئەم ژنە چالاکە نەیتوانیوە سەفەری دەرەوەی وڵات بکا، بۆیە کاوە کرماشانی بە نوێنەرایەتی پەروین زەبیحی خەلاتەکەی وەرگرت. خەلاتی مافی مرۆڤی «ڕما» لە لایەن ڕێکخراوی ئوتریشی «SUDWIND» بە ناوبراوو ٥ کەسی دیکە لە چالاکانی ئێران دراوە.

پەروین زەبیحی لە دایکبووی شاری بانەیە و دانیشتووی شاری مەریوانە. خوێندنی لە زانستە مرۆڤایەتییەکان تەواو کردووە.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بە هوی چالاکیی سیاسی شەش ساڵ لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بووە . پاش ئازاد بوونیشی پەروین لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، مافی منالانو ژینگەپارێزی دریژەی بە چالاکییەکانی داوە .

ڕۆژژمێری « کوردستان» چاپو بڵاو کرایەوە

بڵاوبوونەوەی بەرهەمێکی نوێ

ڕۆمانی «کۆچی هەورەتریشقە» لە نووسینی مستەفا شێخە لەلایەن «خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە» بڵاو کرایەوە.

کەسایەتییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە مەودای نێوان ساڵانی ١٣٥٠تا پێش ١٣٩٠ی هەتاوی لە گۆشەیەکی مێژووی ئەم چەند ساڵە دادەژین. لە پێرەنگی «کۆچی هەورەتریشقە»دا چەند ڕووداو و گێڕانەوە بەچڕی لە توێی ١٥٠ لاپەڕەدا تێهەلکێشراون. ئەوە یەکەم ئەزموونی ڕۆمان نووسینی مستەفا شێخەیە پێشتر لە بواری ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا چەند چیرۆکی کورتی لە گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییەکاندا بڵاو کردۆتەوە.

بەر لە ماڵاوایی

نەورۆزو خەباتی نەتەوایەتی

وریا ڕەحمانی

ئەگەر بۆ نەتەوەکانی دیکەی غەیری کورد نەورۆز تەنیا نمادی نوێبوونەوەو دەسپێکی ساڵێکی دیکەی هەتاوییەو زیاتر وەک نەریتێکی کۆنی فەرهەنگیو کومەلایەتیی مێژوویی چاوی لێدەکرێ، ئەوا بۆ کوردو خەلکی کوردستان هەر لە کۆنەوەو بەتایبەت لەم چەند دەیەی دواییدا وەک هێمایەکی بەرهنگاریو بەرخودانی نەتەوەییو نیشتمانیی لێهاتوە. نەتەوەیەکی زیندوو هەوڵ دەدا بەردەوام خۆی بە پێی هەلومەرجە جۆراوجۆرەکانو لەگەڵ هەر ئالوگۆڕێکی نوێدا نوێ بکاتەوەو هەروەها بۆنەو نەریتە جیاوازە مێژوویییەکانیش لە دەروونی خۆیدا بە پێی بارودۆخەکانی سەردەمو زەروورەتەکانی زەمان بە شوناسو پێناسەیەکی گونجاوو نوێترەوە بەرهەم بێنێتەوە (باز تعریف بکاتەوە). بەتایبەت پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی شەری ساردو پێکهاتنی فەزایەکی کراوەتری دەرکەوتن لە جیهاندا بەگشتیو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا بەتایبەتیو هەروەها لەبار نەمانەوەی شێوازی خەباتی چەکداری لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان بەگشتیو بەتایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو پەی بردن بە زەرفییەتە قووڵەکانی شێوازی خەباتی مەدەنیو جەماوەری بۆ گەیشتنو دەستەبەر کردنی ئامانجە ڕەوا و میللی_ دێموکراتیکەکانی نەتەوەیی کورد، نەورۆزو بەرز کردنەوەی ئالای کوردانەی نەورۆز لەم ڕاستایەدا هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. بۆنە خولقێنی لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنیی جەماوەریدا دەتوانێ دەورێکی کاریگەرو بەرچاوی هەبێ. زۆر گرینگە کە هەلوێستی سیاسیی کوردی بە ئەحزابو لایەنە سیاسییەکانو هەروها جەماوەری خەلکی خەباتگێرو مافخوازی کوردستانەوە گرینگییەکی زیاتر بە نەورۆزی کوردەواری بدەنو بە دیدێکی فەزا نرخێنانەی موسبەتەوە لەم بەستێنەدا هەوڵ بدەن لە زەرفییەتە ئازادیخوازانەو دێموکراتیکەکانی ئەم نەریتە کۆنە کەلکێکی دروست وەرگرنو بیکەنە بەستێنێکی لەبار بۆ بەرجەستە کردنەوەی ویستو داخوازییە نەتەوەییەکانو ڕاکێشانی سەرنجی ناوچەیی و جیهانی بەرەو پرسی لەمێژینەی کورد لە ڕێگایەکی شارستانیانەو ئەکتیڤی ئەمڕۆیەوە. تا ئێستا نەورۆز دوای زمانی کوردی توانیویەتی دەورێکی هاوپێوەندییانەی باشی لە یەکگرتوویی و یەکبوونی نەتەوەیی کورد بەتایبەت لە ناوچە جۆراوجۆرەکان و پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەبێو ئەوە خود پووانێکی یەکجار بەنرخو کاریگەرە کە کوردی لە پەرتەوازەییو بێ مەیلی بە نیسبەت یەکەوە دوور خستوتەوە. کورد لە هەر کوێیەکی دنیا بێ هەوڵی داوە بە نمادی کوردییەوە بەرەو پیری نەورۆز بچێو جیاوازی سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی لەم ڕەهەندەوە بەگشت جیهانیانو بەتایبەت نەتەوە بالادەستەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان نیشان بدات. گرتنی جەژنی نەورۆزو بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی تایبەتی کوردی تێیدا لە شوێنەگەلێکی وەک قەزاقستان، ئەرمەنستان، خۆراسان، ئیستانبول، لوبنانو هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر هیچ نەبێ ئاستی هەستی نەتەوایەتیی کوردیی ڕاشکاوانە بەرزتر کردەوە و بازنەی بیری نەتەوایەتیشی بە شێوەیەکی حاشا هەلنەگرانە بەرفراوانترو بەرینتر لە جارانی خۆی کردۆتەوە. لە ڕاستیدا دەرفەتە نەتەوەییە مێژوویییەکان هەمیشە بە شێوەیەکی دڵخوازانەو لەبار هەلناکەونەوەو نەتەوەیەکی زیرەکو زیندوو ئەوەیە کە بە باشترین شێوازی مومکین کەلکیان لێ وەردەگرێ. ڕەنگە هەمیشەش وا هەلنەکەوێتەوە کە هێزو هەلوێستی سیاسیی کوردی بتوانێ جەماوەرێکی مافخوازی بەبیرو باوەڕ لە بۆنەیەکی تایبەتدا لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. هەر بۆیەش پێویستە هەلوێستی سیاسیی کوردی بەتایبەت هێز و لایەنە کاریگەرەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان هەولێکی جیددی بدەن بۆوەی کە بە باشترین شێوەو بە شێوازێکی ئاشتیخوازانەو مەدەنیشەوە لەو کۆبوونەوانەی نەورۆزانەی خەلکی کوردستان لەپێناوی گەیشتن بە ئامانج و داخوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی کورد کەلکێکی زیاتر وەربگرن. پێویستە نەورۆز لەو تاک ڕەهەنییەی ئێستای دەربێنن و وێڕای پاراستنی شوناسە فەرهەنگیو مێژوویییەکانی هەولێکی جیددیتر وەگەڕ بخەین بۆوەی بە تێگەیشتنێکی باشترو ئەمڕۆییانەتر لە زەرفییەتە گونجاوەکانی، شوناسێکی خەباتگێرانەو مافخوازانەی ڕەهەندی مەدەنیو جەماوەریی خەباتو و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیشی پێ ببەخشین. لە مەیدان بوون، گەمەی بەردەوامی دەوێو نەورۆز لەو باشترین هەلانەیە کە کورد دەتوانێ بۆ حزوور و گەمە سیاسییەکانی خۆی لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی بەرامبەر بە حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کەلکی باشی لێ وەرگرێ.

.....

.....

.....

.....